# ڕامالّینی تارماییەکان

مەریوان ئەحمەد کوردی

# ڕامالّینی تارماییەکان

## مەریوان ئەحمەد کوردی

هەڵەچنی: نووسەر

بابەت: فکری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: یەکەم/٢٠٢٣

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (٤٢)ساڵی ٢٠٢٣ی پێ دراوە.

پێشکەش:

بەوانەی وێڵن بە دوای ڕاستیدا،

وەهم و بەرژەوەندیی و کۆنخوازیی چاویان نابەستێ

لە ئاست ڕاستیی

ناوەڕۆک

پێشەکی.......................................................................٣

جیاوازی لە نێوان ئاین و ئایندارێدا.................................٩

بەرگریکردن لە خودا کارێکی گەمژانەیە.......................١٨

جەوهەری ئایین چییە..؟.................................................٢٧

کاتێک ئایین دەبێت بە ئایدۆلۆژیا..................................٣٥

بونیاندانی فیکری تیرۆر.................................................٤٣

بۆچی ڕەخنە لە ئایین بگرین...؟.....................................٥٠

بۆچی خودا ونە و دیارنییە...؟.......................................٦٠

ئەقڵ لە ئیسلامدا ...........................................................٦٧

لە نێوان فەتحی ئیسلامی و داگیرکردنی سەربازی.......٧٧

چۆن لە مافی خودا تێبگەین............................................٨٦

چۆن لە خۆشەویستی تێبگەین..؟ ..................................٩٣

چۆن هەست بە بەرپرسیاری بکەین..؟..........................١٠٤

وەهمی ڕاستی...............................................................١١٦

ئايا ئەسلی ژیان چییە..؟...............................................١٢٣
خودا حکومەتێکی ئاینی لەئێمە دەوێت یان
شارستانی...؟؟؟............................................................١٣٤
ئایا شکۆی مرۆڤ لەخودی خۆیەتی  یان پێدراوە..؟..١٤٢
جوانی ئابووری ئیسلامی..................................................١٤٨
ئایا کێشە لە تیۆر دایە یان لە پراکتیزەکردن..؟...........١٥٥
ئایا چۆن مرۆڤ بناسین..؟............................................١٦٦
چۆن لە مردن تێبگەین..؟............................................١٧٥
ئایا شەیتان چییە..؟ .......................................................١٨٥
ئایا وەحی چییە...؟.........................................................١٩٨
ئایا بۆ دەبێ ئەخلاق بین...؟.........................................٢٠٨
ئایا ئاین سەرچاوەی بەختەوەری مرۆڤ؟..........٢١٧
ئایا ئایین پێوەرە بۆ دادپەروەری یان دادپەروەری
پێوەرە بۆ ئاین..؟..................................٢٢٩

## پێشەکی

ئەدۆنیسی شاعیری بەناوبانگ لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: (مرۆڤ لەناو خۆیدا و بەسەر خۆیدا شۆڕش نەکات، هەرگیز ناتوانێ ئەو شۆڕشە بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی بگوێزێتەوە). مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە نوێبوونەوەیە، مرۆڤ و دەوربەری، مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی دیکە، درەختەکان، دۆڵ و چیا و گردەکان، بەردەوام پێویستیان بە گۆڕانکارییە. وەرزەکان و گۆڕانەکانیان هەر ئەوەمان پێ دەڵێن. مرۆڤ لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، وێڵە بە دوای گۆڕاندا، بە دوای شتی نوێ و تازەدا.

کورد دەڵێ: (گۆزەی تازە ئاوی خۆشە). ئینگلیز دەڵێ: (Novelty gives pleasure) (تازەگەری چێژ دەبەخشێت).

عەرەبیش دەڵێت: (لكل جديد لذة) هەموو تازەگەرییەک چێژێکی هەیە). مرۆڤ هەر لە بنەڕەتدا بە دوای تازەگەریدا وێڵە، لە هەموو شتێکدا...!؟ بەڵێ لە هەموو شتێکدا.

ئاینیش وەکو گرنگترین سەرووت و یاسا و بنەما و بابەت کە ڕەگ و ڕیشەی بەسەر تەواوی سێکتەرەکانی ژیاندا گرتووە و بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ دار و نەدارمان، زەحمەترین شتە کە بەردەوام پێویستی بە توێژینەوە و خوێندنەوە و تێڕامان و تێفکرین و دیدگای نوێ هەیە. بۆ ئەوەی بتوانین هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانە جیهانییەکاندا ژیان بکەین و جێنەمێنین، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بخەینەوە پاڵ ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانییەتی نوێ، پێویستە دەست لەسەر گەورەترین و گرنگترین و هەستیارترین پرس دابنێین، کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە و نە شارەزایانە لە لایەن پیاوانی خودا و نوێنەرانیی ئاین بەکار دەهێنرێت. محەمەد ماغوتی شاعیری سووری لە شیعرێکیدا دەڵێت:(کێشەی ئێمە لەگەڵ خودا نییە، کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەوانەیە بەناوی خوداوە قسە دەکەن.

لە دونیای ئیسلامدا ئەمە پرسێکی هەنووکەیی نییە، لێ لە ئێستادا یەکێکە لە گەرمترین و گرنگترین پرسەکان،

پرسی خوداپەرستیی و ئایینداری، حوکمڕانیی و خەلافەت،و بەهەشت و دۆزەخ،و مەرگ و سەربڕین.

عەبدولرەزاق جوبرانی نووسەری بوونگەرای عێراقی لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دەڵێت: پێغەمبەر بۆ ئەوە نەهات بیلال بکات بە کۆیلە، بۆ ئەوە هات بیلال ئازاد بکا و بیکا بە سەردار.

ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە مانا ببەخشینەوە بە شتەکان، بە خودا، بە ئاین، مەرگ، قیامەت، بەهەشت، دۆزەخ، ژیان، دینداری، نوێژ، ڕۆژوو و تەواوی سەروەتە ئاینییەکانی دیکە.

ئەدۆنیس پێی وایە: (مانا بوونی نییە، گەڕانی بەردەوام هەیە بەدوای ئەوەدا ناومانناوە مانا، ئەگەر مانایەکی تەواو هەبووایە، دنیا کۆتایی هاتبوو). ئیشی ئێمەی مرۆڤ گەڕانە بە دوای ڕاستی و ماناداراەکان، مانای ژیانی ئێمەی مرۆڤ ئەوەی لە دەوروبەرماندا هەن،وەک: خودا و هەزاران ئاین، مزگەوت و کڵێسا وپەرستگا و پەیڕەوەکانی، مەلا و شێخ و عالم و سەید و کاهین و سۆفی و دەرویشەکان. بەڵێ گەڕانە بەدوای قورئان و تەوڕات و ئینجیل و ئاڤێستا وسوحووف و

ئایەتەکانی. بەلایەنی کەم کاری ئێمە دەرخستنی ڕاستییەکانە. دەستپێکی ئەمەش گومانە، گومان لە هەموو شت، لە خۆمان، لە خودا و ئاین و پێغەمبەرانی، لە ئاسمان و فریشتە و بەهەشت و جەهەنەمەکانی، لە ئەمرم و حوکم و سەربڕینەکانی. ئیمام غەزالی دەڵێت: ئەوەی گومان نەکات بیرناکاتەوە و ئەوەی بیرنەکاتەوە نابینێت و ئەوەی نەبینێت لە کوێری و تاریکیدا دەمێنێتەوە. گومان پلەی یەکەمی دڵنیاییە.

ئەفڵاتوون پێی وایە: (دەستپێکی مەعریفە گومانە). گومانکردن دەستپێکی گەریدە بوونی مرۆڤە ئەنجامی گەریدەیش دەرخستنی ڕاستییەکانە ، لەوێوە ڕاستییەکان دەردەکەوێ کە گومان سەر دەردێنێ، ئەوەی ڕاستییەکان لە ناو دەبات، گومان نییە، بەڵکو دڵنیاییە. ئەوەی ڕاستییەکان و ڕاستەقینە دادەپۆشێ دڵنیایی و باورە، نەوەکو گومان و دەرخستنی ڕاستییەکان.

وەهەروەها فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (ئیمانویل کات) دەڵێت: هەموو زانینیکمان لە هەستەوە دەست

پێدەکات و دەچێتە سەر تێگەیشتن و بە عەقڵ کۆتایی دێت و هیچ شتێک لە لۆژیک بەرزتر نییە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم کتێبەی بەردەستتە، دەستپێکی ئەم مەعریفەیەیە، سەرەتا و دالانی گومانکردنە، دەروازەیەکە بۆ گومانگەرایی و دەرخستنی ڕاستییەکان، بێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ دەرەنجامی داننان بە ڕاستییەکان و دیدگای نوێ بۆ خودا و پەیامەکەی چی دەبێت. بەڵی دروستە، بە درێژایی مێژوو ئەوانەی ویستوویانە پەردە لەسەر تارمایی و تاریکییەکان ڕامالن، کپ و قڕ کراون و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەنێو براون و کوژراون . زۆر دوور نەڕۆین، لە کورستان و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر فتوای کوشتنیان بۆ (عبدالخالق معروف)دەرکرد کە سەێکی بیرفرەوان و نوێگەری بوو ئامانجی گەشەکردنی بیر و هزری مرۆڤەکانبوو ،تا لەبەردەم ماڵەکەیدا لەخوێنیان گەوزاند تاکە تاوانی ئەو کەسە دەرخستنی ڕاستییەکان بوو، و لە میسرِ چیان بەسەر (نەسر حامد ئەبو زێد) نەهێنا، چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لەناو جەرگەی وڵاتی پێشکەوتن و جیهانگیریدا سەلمان رووشدی لەسەر

کتێبێک کە سێ دەیە پێش ئێستا نووسیویەتی خەڵتانی خوێن نەکرا...!

هەر بۆیە منیش خەریکی دەرخستنی ڕاستییەکانم لە ڕێگەی ئەم وتارانەی لەکتێبێکدا کۆمکردۆتەوە، من باش دەزانم دەست بردن بۆ پیرۆزییەکان و قسەکردن لەسەریان کارێکی ترسناکە، بەڵام دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕامالینی تارمایەکان بۆ من لە بەرژەوەندیی خۆم و ژیان و گیانمەوە گرنگترە.

## جیاوازی لە نێوان ئایین و ئاییندارێدا

لەتێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

قورئان دەفەرموێت: (ان الدين عند الله الاسلام..)

- العمران ١٩. واتە (ئاینی ڕاست لای خودا ئیسلامە).

لێرەدا تێکەڵاوییێک لە نێوان ئایین و ئاییندارێدا هەیە، ئەم ئایەتە لەلایەن زۆرێک لە شرۆڤەکاران و زانایانی ئایینی تێکەڵاوبووە، لە ڕاستیدا مەبەست لێی گوێڕایەڵی و تەسلیم بوونی دڵی مرۆڤەکانە بۆ خودا، ڕوونتر خاڵی کردنەوەی دڵ لە حەزوئارەزوەکانی دونیا ، واتە ئیسلام بەگشتی و هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن وەهەوەها پێغەمبەرانیش لەخۆدەگرێت (بڕوانە تەفسیری (المیزان) لە بنی ئەم ئایەتەدا زۆر بەجوانی ڕوونی کردۆتەوە) واتا بابەتەکە تەسلیم کردنی دڵ بۆ خودا و گوێڕایەڵی بوونی ئایندارانە نەک ئایین، وە ڕوونتر مەبەست لەم ئایەتەدا هەندێکجار وشەی (ئاین) لایەنی زارەکی(تیۆری) دەکرێتەوە ، واتە چەمکی ئایین لە یەکتاپەرستیەوە و

ناردنی پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان و زیندووبوونەوە و هاوشێوەکانی، بەجۆرێک واتا ئاین لای خودا ئیسلامە هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێت، چونکە هەر لە خوداوە دێت و دەگاتە مرۆڤەکان ،جا لێرەدا بە هۆی کاریگەری ژینگە و پەروەردە و کلتور و... هتد لە شێوەی فرە تێگەیشتن و خوێندنەوەدا پەرش وبڵاوە و لێکدانەوەی جۆراو جۆری چەرچییەکانی ئاین دروست دەبێت بۆ گەرم کردنی بازاریان ،بەگوێرەی سەرچاوەی توێژینەوەی پیاوانی ئاینی یەک ئایین هەیە ئەویش ئاینی ئیسلامە. بەڵام (خودا)ی گەورە مەبەستی لایەنی کردارییە وەک وازهێنان لە دڵ و گوێڕایەڵی و پاپەندبوون بە یاسایەکانی خودا.

لە ڕاستیدا ئەم جیاوازییە وەک :باوڕمان هەیە و باوردێنین، یان ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە ، کە ئیسلام لە خۆیدایە ، واتە لە لوحەی مەحفوزدا یان لای خودایە و ئێمە هیچی لێنازانین، لێرەدا ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئیسلام وەک ئەو ئیسلامە نییە کە لەلای خودایە، کەواتە چ سوودێکی هەیە کە ئایین سنووردار بکرێت تەنیا ئاینی ئیسلام لای خودا..؟

لەوەش گرنگتر ئەم جیاوازیە دیاری بابەتی ڕاستەقینە و بەرجەستەیە بەرەو پێش دەچێت لەم جیهاندا، ئایین یەکێکە لە پرسە تیۆری و دەروونییەکان، وەک چۆن لە کۆی مرۆڤەکاندا لە دەرەوە بوونیان نییە جگە لە بوونی تاکەکانی، بە هەمان شێوەش هیچ مانایەکی نییە بۆ ئەو کە بوونێکی سەربەخۆی لەگەڵ خودادا هەبێت تەنها لەسەر بنەمای تیۆری ئایدیاڵە ئەفلاتوونییەکان نەبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە لە ئیسلامدا مانای کردەیە واتا ملکەچبوونە بۆ یاسایەکانی خودا، چونکە ئاییندارییە وەهەروەها ئاییندارى بەتەنیا ناکرێت ، چونکە ئاییندارى پەیوەندییەکی نزیکی بە جۆری کەسایەتی و چەسپا و دەروونناسیی مرۆڤەکانەوە هەیە، چونکە یەک جۆر نییە وەک ئەوەی لە دەروونناسیدا جێگیر بووە و ئەگەر بمانەوێت مرۆڤەکان بەپێی ئاینداریيان پۆلێن بکەین، دەتوانین بڵێین کە سێ جۆر ئاییندارى هەیە: ئاینی ڕێورەسمەکان، ئاینی یاسا (شریعه)،ئاینی هەستەوەری:

١- ئاییندارییی ڕێوڕەسمەکان: ئاییندارییی خەڵکی ئاساییە بە گشتی، واتە ئاییندارییی کۆی خەڵکی ئایندارە کە لە هەموو ئایین و مەزهەبێکدا هەیە،

ئاییندارییەک کە گرنگی بە ڕێوڕەسم وپیرۆزییەکانی دەدات، مەبەست لێی تێرکردنی پێداویستییە دەروونی و سۆزداری و خەیاڵییەکانی ئاییندارانە، ئەو ڕێوڕەسمانە لەلایەنی ئەقڵ و ڕاستیەوە سەرچاوە ناگرێت، هەربۆیە بیروباوەڕی ئەفسانە و ڕێوڕەسمی دروستکراو وبێمانا رۆژ لەدوای رۆژ زۆر دەبن:

وەک: لەدایکبوونی موحەمەد و عیسا و کوشتنی ئیمام حسین و یان بودا ....هتد. ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە بە داب و نەریت و یان لاساییەکردنەوەی ئاینەکانی تر ئەژمار دەکرێت یان لە لاسایی کردنەوەی کۆمەڵگا و دایک و باوک و زۆرینەی خەڵک سەرچاوە دەرگرێت و لە چوارچێوەی ئەم سنورە دیاریکراوەی کۆمەڵگا دوور ناکەوێتەوە و ئاینداریيش بەم مانایە رەنگە ئەرێنی و سوودی دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی زیاتر بێت لە نەرێنییەکانی، چونکە بۆ تاکی ئارام و ئاسودەیی دەروونی دەست دەکەوێت و لەگەڵ داب و نەریت وئەقلی کۆمەڵگا و بەهێزبوونی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گونجاوو ویستراوە... هتد و ئەم ڕێوڕەسمانە لەلای خەڵک پەسندکراوە.

٢- ئاینی یاسایی (شەریعەتی): بریتییە لە شێوازی دینداریی پیاوانی ئایینی و حیزبە ئیسلامی و ئیسلامیەکان بەگشتی و ئەوەی لێرەدا مەبەستی شەریعەتە مانای گشتییە و بیروباوەڕ و حوکمی یاسایی لەخۆ دەگرێت، ئەم جۆرەیان لە کومەڵێک پیاوانی ئاینی پێکهاتووە کە لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی ئایین و حوکم وئاسا و فێرکارییەکانی ئاین دەکەن، تا والیهات ئاینیان گۆڕی بۆ ئایدۆلۆژیا کە هەموو لایەنەکانی ژیان لەخۆ بگرێت و هەر ئەوەشبوو وایکرد کە ئاین ببێتە هۆی ئایدلۆژیایەکی مەترسیدار بە جۆری کە کاریگەری خراپ بخاتە سەر کۆمەڵگا و ژیان و ئەخلاق و مافی تاکەکان، بەڵکو بەگشتی بۆ سەر مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەی کاتێک ئایین دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیا، نامۆبوون لە خودی مرۆڤەکاندا بەرهەم دەهێنێت، وەک (فۆرباخ) دەڵێت: مرۆڤی ئایدیۆلۆژی لە ئەخلاق تێناگات جگە لەوەی کە لە بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا

کەیدایە بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی کوشتنی خەڵکی بێتاوان و بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێناو سەپاندنی ئایینەکەی بەسەر کەسانی تردا، لە دەرئەنجامدا ئاییندارى ئیسلامی سیاسی دروست دەبێت، چونکە ئەو مرۆڤانەی زۆر توند پێوەستن بە ئاین وئاینداری و پێیان وایە کە ئیسلام ئایینی دەوڵەتە و دروست نییە بە هیچ شێوەیەک جیابکریتەوە لە ئاین . هەر بۆیە عەلمانییەکان بە ناپاکی و لادان لە ئایین و بێ باوڕی تۆمەتبار دەکرێن، هەر ئەوەندەشنا بەڵکو هەرکەسێک کە لە هەندێک بابەتی ئاییندا لەگەڵیدا ناکۆک بێت، بە لادان لە یاسای خودا و ئاین تۆمەتباری دەکەن تا دەگاتە دەرخستنی فتوای لەناوبردن و کوشتنی، چونکە ئایدۆلۆژیا قبولی ناکۆکی ناکات و دۆگماتیزم و کۆنەپەرستی و ڕەنگە ململانێی تائیفیش لەمەوە سەری هەڵدابێت و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خراپی ئەم ئاییندارانە ئەوەیە کە دژی نوێکاری و دژی مۆدێرنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانییەکانن بە بیانووی ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان لەسەر کۆی زەوی پێویستیان بە یاسا

و دەقە شەریعییەکانی ئیسلام هەیە،و ئەو حوکمانە تا ڕۆژی قیامەت کارا دەبن، وەک داگیرکاری و کۆیلایەتی و هاوسەرگیریی کچی بچووک بەشوودان و باج وخراج و هاوشێوەکانی. لە کاتێکدا دەبینین کە زۆربەی مرۆڤە ئایندارەکان بەرگەی ئەم شێوازە نەرێنییە ناگرن لە بەرامبەر بە مۆدێرنیەتی، بەڵکو پێیان وایە کە سوودی زیاتر لە ماف و یاسا و چەمکەکانی مرۆڤایەتی و مۆدێرن وەردەگرن، واتە پەیڕەوانی ئایینداری لە دەست ڕێوەڕەسمە ئاینییەکان دەناڵێنن، وەک چۆن پەیڕەوانی ئایینداری شەریعەت بەدەست نەزانی ئاڵۆزەوە دەناڵێنن و ئەستەمە قەناعەتیان پێبکەین کە بچنە سەر شێوازی مۆدێرنی و عەقڵانیەت و سەردەم.

٣- ئاینداری هەستەوەر: ئایینداریەکە لەسەر بنەمای ئەزموونی ئایینی، باوەڕبوون لە دڵەوە بە خودای گەورە لە خۆ دەگرێت،و متمانە بە خودا و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ خودادا هەیە، وە هیچ شتێک لە یاسا وشەریعەت وەرناگری،

بەڵکو بڕیارەکانی پەیوەست ویژدانییەت و عەقلانی بوون ،و دووره لە یاسایەکانی شەرعی و دەق و قسەی پیاوانی ئاینی و فقییەکان. ئەوان لە دڵێکی پاک خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان دەردەربێت،و هەموو هەوڵ و تەقەڵایان بۆ بەدیهێنانی پێداویستییە گرنگییەکان و مافەکانی مرۆڤ و ڕزگارکردنی مرۆڤە لە ئێش و ئازارەکانیانی ژیان، و پابەندبوونە بە بەها ئەخلاقییەکان و بنەما مرۆییەکانە، و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە نەرم و نیان و مۆدێرنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ قبوڵ دەکات و باوەڕیان بە کۆنە پەرستی نییە. هەروەها یەکێک تایبەتمەندییەکان ئەم جۆرە کەسانە ئەوەیە کە دینداریەکەیان بە ویست و باوڕی ڕاستەقینەی خۆیانە هەموو شتێک لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت و بەهێچ شێوەیەک ملکەچی فشارەکانی کۆمەڵگا نابێت و بڕوای بەداب و نەریت نییە، ئەم جۆرە ئایینگەرییە ڕۆڵی گرنگ و تایبەتی هەیە لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە زیندانی تاک و کەسی و ڕێگری دەکات لە

خۆپەرستی و خۆیستی کەسە دیندارەکان، وەهەروەها هیوا و خۆشی و  بە مرۆڤەکانی دەبەخشێت لە ژیاندا ،وەهەروەها دووره لە خۆیستی و هەموو دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئاییندارییی جۆری یەکەم و دووەم . ئەم جۆره دیندارانە هەموو شتێک دەکەن بۆ مرۆڤەکان تەنیا لەبەر خۆشەویستی خودا و مرۆڤایەتی ئەوان نەترسیان لە خودا هەیە و نە چاوەڕێی پاداشتت لە خودا ،ئەوان لە پلەی هەره بەرزی ئەخلاق و مرۆڤبووندان.

## بەرگریکردن لە خودا کارێکی گەمژانەیە

لە تێڕوانی ئێمەو ئەواندا...

قورئانی پیرۆز دەڵێت:

(ان الله يدافع عن الذين آمنوا...............) الحج ٣٨. واتا(خوای گەورە بەرگری لەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان هێناوە..)

لێرەدا هەرچەندە ئەم ئایەتە زۆر ڕوونە بەوەی کە (خودا)ی گەورە خۆی پارێزگاری لەم کەسانە دەکات کە باوڕیان هێناوە، بەڵام کە سەیر دەکەی دەبینی پیاوانی ئایندار پێیان وایە کە پێویستە بەرگری لە خودای گەورە بکەین، وەک ئەوەی خودا بێ هێز بێت و پێویستی بە کەسێک بێت تا بەرگری لێ بکات. لە ڕاستیدا زۆر بەڕوونی و ئاشکرا دەبینین کە زۆربەی کتێبە ئاینییەکان و زۆرتر پەیج وشوسیال میدیا و حزبە ئیسلامییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆژانە خەریکی مشت و مڕی و هێرشی بێ بنەما و ناڕەوان لەگەڵ بێ باوڕان و بێ ئاینەکان و تەنانەت لەگەڵ ئاینە

ئاسمانییەکانی تریش و مەسیحییەت و جولەکە و زەردەشتییەکان..هتد کە سووکایەتییان پێ دەکەن بەناوی ئاین و یاسای (خودا)وە، ئەم کارەش پێچەوانەی دەقی قورئانە، چونکە بەرگریکردن نییە لە خودای ڕاستەقینە لێرەدا خودای ڕاستەقینە پێویستی بە بەرگری لێ کردن نییە لەبەر ئەوەی چەندین ئایەتی قورئانی هەیە کە باس لە دەسەڵات و گەورەیی و هێزی خودا دەکات، بۆ نموونە:

(انما أمره اذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون) واتا:(کە خوای گەورە بیەوێ شتێک دروست بکات فەرمانی تەنها ئەوەندەیە کە ئەفەرمووێ: ببە یەکسەر ئەو شتە بە فەرمانی خوای گەورە دروست دەبێ) . جالێرەدا دەردەکەوێت کە بەرگریکردنیان لە (خودا)ی گەورە فیکرییە کە وەک هێلکەیەک لە مێشکیاندا پیتێندراوە، ئەم کەسە گەمژانە بیروباوڕەیان وەک ئامرازێک بە کار دێنن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان لەسەر ڕێگای ڕاستن و پیویستە بەرگری لە خودا بکەین بۆ ئەوەی ناشیرینی و درۆییەکانیان تیدا بشارنەوە، و بەم شێوەیە ئایینداره‌کان سەرقاڵ بکەن بە وەهمی

بەرگریکردن لە خودا و پێغەمبەرەکەی تا لاینگرانیان پێ زیاد بکەن و ڕۆحیان و ورەیان ویژدانیان پێ بەهێز بکەن..

قال تعالى : ( الذين ضل سعيهم في الحياة الدنيا وهم يحسبون انهم يحسنون صنعا...). واتا:

(ئەو کەسانەن کە هەوڵ و تێکۆشانیان لە ژیانی دونیادا بەزایە ڕۆیشتووەو کردەوەکانیان بەتاڵ بۆتەوە، لە کاتێکدا ئەوان وا ئەزانن کە ئیشی چاکیان کردووە نازانن هەمووی بەتاڵ بۆتەوە لەبەر ئەوەی کردەوەکانیان بە گوێرەی شەرع و یاسای خودا نەبوو)

وە سەبارەت بە کەسانی تر کە مەبەستم بێ دین و بێ باوڕ و عەلمانییەکانە، ئەوان مافی خۆیانە کە بەرگری لەخۆیان و قسە و بیر وبانگەوازی بێباوەڕی و ڕەتکردنەوەی ئایین بکەن ، چونکە ئەوان پێیان وایە کە ئەم خودایەی ژیانی سەر زەوی و ژیانی خەڵکی وێران کردووە و بووەتە هۆی ترس و تیرۆر و توقاندنی کۆمەڵگاکان، ئەوان ئەم بەرگریکردنیان لە قووڵایی دڵ و دەروونیاندایە چونکە پێیان وایە ئەوان بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکان دەکەن.

بەم مانایە بەرگری لە خودای ڕاستەقینە و ئیرادە و سۆز و میهرەبانی ئەو دەکەن و لە بەرگریکردنیان ئەوان لە بێباوەڕی ئەم کارە ناکەن جگە لەوەی پێیان وایە ڕزگاربوونە لە تیرۆر و کۆنەپەرستی و دەرمارگیری کە لای بەشێکی زۆری ئاییندارەکان بەرجەستە و هەیە.

ئەم شێوازەی ئێستا دیندارەکان پەیڕەوی دەکەن هاوشێوەی سووتاندنی بیرمەندان و فەیلەسوفانە لە ڕۆژئاوا بە دەستی سەرکردەکانی کەنیسەکان، کە دواتر بۆ هۆی شەپۆلی گەورە و بەرفرەوانی بێباوەڕی و ڕەتکردنەوەی ئایین وکەڵیسا و دوورکەوتنەوە لە خودا و مەسیح و یاسایە ئاینییەکان.

یاسایەکی نیوتن دەڵێت:

(بۆ هەموو کارێک کاردانەوەیەک هەیە لە هێزدا یەکسانە و لە ئاراستەیدا پێچەوانەیە).

من لێرەدا بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە ئەم بێ باوڕانە لە کەسێکی دینداری گەمژە و بە تایبەت شێخ و چەرچییەکانی ئایینی دەرویش بەناو ئایندار، لە خودا و

له ڕەحمەتی خودا نزیکترن. وتەیەک (ئیمام علی) هەیە کە دەڵێت: (لەگەڵ زانابم لە دۆزەخ پێم خۆشتر لەوەی لە بەهەشت بم لەگەڵ گەمژە و نەفام) یان (دوژمنی ژیر باشترە لە دۆستێکی گەمژە) یان (لەژێر دەسەڵاتی سەرکردەیەکی دادپەروەرو ژیری بێ باور بی باشترە لەوەی لەژێر دەسەڵاتی دینداریێکی نادادپەروەی دابی) .

لە ڕاستیدا چەندین نووسین و وتارمان بەر چاو کەوتووە کە دەبینین،وە بەملیوانان کەس بوونی (خودا) ڕەتدەکەنەوە و دووردکەوتنەوە لە ڕێگای ئیمان و خودا پەرستی و ئاین بەهۆی کردەوەی ئاییندارەکان و فتوا و بیرکردنەوەی گەمژانەی پیاوانی ئاینی و روحانییەکان . ئەو جۆرە کەسانە دژایەتی بێ باوڕن وعەلمانیەکان و هەرکەسێک دەکەن کە ناکۆک بێت لەگەڵ بۆچوون و بیر و باوڕیان وە قبولیان نییە هیچ کەس قسەی تێدا بکات لە بابەتی ئاین و پیرۆزکراوەکانیان. بەڵام عەلمانییەکان یان بێ دینەکان لەلایان گرنگ نیە بیرکردنەوە و باوڕیان چۆنە، ئەوەی لەلایان گرنگە تەنیا ئەوەیە کە پیاوانی ئاینی

بۆچوونەکانیان نەسەپێنن بەسەریاندا، وە تەنانەت قبولیان نییە بەسەر خەڵکیشدا بسەپێنن بۆ ئەوەی ئازادی تاک و کەرامەتیان بپارێزیت..و ئەمەش ئەوەیە کە خوداش هەروەها دەیەوێت، بەڵام خەڵکی ئایینی دەیانەوێت دەست بەسەر ئازادییەکانی خەڵکدا بگرن و بیرۆکەی مەترسیداری ڕابردووی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن بە ڕێگەی فتواکان ئامرازی جۆراوجۆر،وەک ئەو یاسایەی لەلایەن دەسەڵاتی مەرجەعەکان و زانایەکانیان و پیاوانی ئاینی دەرچووە سەبارەت بەڕێگە پێدان و یاسا کردنی هاوسەرگیریی کچانی بچووک پێش تەمەنی ئاسایی بە بەبیانوی ئەوەی ڕێگری دەکەن لە بەدڕەوشتی ، من دەپرسم ئایا: کامیان لە خودا نزیکترن پیاوانی ئاین پەرست یان عەلمانییەکان؟

ئێمە باش دەزانین کە خودا زاناتر و بەهێز تر و بەتواناترە لە پیاوانی ئایندار و شێخ و..هتد،چونکە خودا پێویستی بە بەرگری لێ کردن نییە، خودای گەورە تەنیا پێویستی بە ئەوە هەیە کە هەموو مرۆڤەکانی ئەم جیهانە بە خۆشی و ئاشتی و دادپەروەری بژین، و

هەمووان تێیدا بێ جیاوازی لە ئایین و نەتەوە و ئایدیا و بیرو باوڕی جیاوازەکان بژین وە هەمووان هاوکاری یەک بن و خۆشەویستی لە نێوان خۆیاندا بونیاد بنێن، وەک قورئان دەفەرموێت:

( وخلقكم من ذكر وانثى وجعلكم شعوبا وقبائل لتعارفوا) واتا (ئێوەمان لە نێر و مێ دروست کردوون ، وە ئێوەمان کردووە بە گەل ونەتەوە و عەشیرەت بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و هاوکاری یەکتربکەن) و شەڕ و ململانێ نەکەن .. هەروەها دەڵێت: ( كلا نمد هؤلاء وهؤلاء من عطاء ربك وما كان عطاء ربك محضورا) واتا (ئێمە هەردوو کۆمەڵەکە ئەوەی کە دونیای ئەوێ و ئەوەی کە قیامەتی ئەوێ لە دونیادا بە هەردووکیان ئەبەخشین ، وە بەخشینی خوای گەورە قەدەغە نیە لەسەر هیچ لایەکیان)، رزق و ڕۆزی پەروەردگارتان بێ ئاگایی ئێوە لە هەموو شوێنێکدا دادەبارێتە خوارەوە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان و زیندەوەرەکان سوودی لێوە وەربگرن و بێ ئەوەی داوای هیچ شتێکتان لێ بکات ئەگەر سوپاسی بکەن یان سوپاسی نەکەن ئەوە بەخشدەیە لە بەخشینەوە، هەروەک چۆن خۆر

ڕووناکی و گەرمیمان پێدەبەخشێت، جا لەلای خودا هیچ گرنگ نییە ئەگەر  هەندێک کەس ئینکاری بوونی خودای گەورە بکەن یان نا.. وەک چۆن هەورە پڕ بارانەکان ئاسمان دادەپۆشن

بەهەمان شێوەش (خودا)ی گەورە ئاگاداری دروستکراوەکانی خۆیەتی، کەواتە تۆ کێیت، تۆی نەفرەت لێکراو، مەبەستم ئاییندارەکانە، بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەخشین و ڕەحمەتی خودا بکەی لەبەرامبەر بەندەکانیدا، بەبیانوی ئەوەی خراپەکارن ئازادییەکانیان سنووردار بکەی و دەنگەکانیان سەرکووت بکەی، ڕۆحیان لەناو ببەی ، وە بێبەشیان بکەی لە نیعمەتەکانی (خودا)ی گەورە، ئایا ژیان بەم شێوەیەیە..؟!

تۆ کێیت ئەی گەمژەی چەرچی ئاین، تا بتوانی مرۆڤەکان ببەیتە بەهەشتەی خودا گەورە گوایە کە ئێوە تێیدا دەژین، خواردن و خواردنەوە نەبڕاوەتان هەیە و چەندین هاوسەرگیری بۆ هەمیشە و  بەبێ کار و ماندووبوون بچنە بەهەشت . لێرەدا بێ باوڕەکان پێیان

وایە ئێوە بەم شێوەیە ناچنە بەهەشت، وەک ئەوەی شیخ و پیاوە دیندارەکانتان دەڵێن....

من دەپرسم ئایا: لە عیراق و کوردستان

ئیسلامیەکان هێندە لێهاتوون و دڵسۆز و ڕاستگۆ و دەستپاکەن وە خۆیان سەلماندبێت لە گرتنەدەستی دەسەڵاتی حکومەت بۆ ئەوەی خەڵک حیساب بۆ قسە و فەتواکانتان بکات..؟

بڕۆ میزی وشترەکە بخۆرەوە، با مێشکت پاک بکاتەوە لە بیرکردنەوە بەسەرچووەکانت و یاسا بەربەرییەکانت. لێرەدا واباشە کە لە قسەی ڕێگەپێدراودا بێدەنگ بی .

## جەوهەری ئایین چییە..؟

لە تێڕوانی ئێمەو ئەواندا.......

لە قورئاندا هاتووە: (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) الروم- ٣٠.

قورئان دەفەرموێت: (ئەی محمد تۆ ڕووی خۆت بە پاکی ڕابگرەو دامەزراو بە لەسەر ئاین و یەکتاپەرستی خوای گەورە، ئەم ئاینە پاکە ئەو فیترەتە پاکەیە کە خوای گەورە خەڵکی خستۆتە سەری، واتە: کاتێک مرۆڤ کە لە دایک دەبێت لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلامن، دواتر دایک و باوک و دەوروبەر دەیانگۆڕن و کاریگەریان لەسەر دروست دەکەن).

لێرەدا: زانایانی ئیسلامی پشت بەم ئایەتە دەبەستن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئیسلام ئایینێکی پاکە و هەر مرۆڤێک لەسەر ڕووی زەوی ئەگەر ڕێگای پێ بدەن بە سروشتی خۆی لانیکەم ئیسلام یان یەکتاپەرستی هەڵدەبژێرێت.

ئەمەش لە فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە هاتووە،كە دەڵێت: (كل مولود يولد على الفطرة، فأبواه يهودانه وينصرانه، كما تناتج الإبل من كل بهيمة جمعاء، هل تحس من جدعاء) وشەی(الفطرة) تايبەتمەندييەكە لای فەيلەسوفان هەيە كە مرۆڤ بۆ جياكردنەوەی حەق و ناحەقە. واتا: (هەموو مرۆڤێك بەپاكی لەدايك دەبێت، تەنها ئەوە نەبێت كە دايك و باوكی جولەكەبن،يان مەسيحی، يان ئاگربەرست بێت...هتد) و بە پێی زۆربەی دەق و فەرموودە ئايينييەكان. سەرەڕای جياوازييان لە حوكم و ياساكان بەپێی بارودۆخ و كولتوور......واتا لێرەدا هاوبەشييەك لە نێوان هەموو ئاينەكاندا هەيە، كە پێدەڵێن هەموو شتێك لە ئاينەكان دوو تايبەتمەندی بنەڕەتيان هەيە ئەوانيش:

( سەربەخۆيی و هەميشەمی) واتا: پێچەوانەيە ئەويش پێشكەشكردن و پێدانە وە خۆی لە خۆيدا هيچ بوونێكی سەربەخۆی نييە، بەڵكو زياتر لەلايەن كەسانی ترەوە دينەكەمان پێ دەدرێت، وەهەروەها ناتوانێت هەميشەيی بێت، بەڵكو لەگەڵ داب و نەريت و گۆڕانی بارودۆخ و فاكتەرەكاندا دەگۆڕێت، جالێرەدا واتا

فەرزکردنی بوونی یەک جەوهەری ئایینە، پرسیارەکە ئەوەیە: جەوهەری ئایین چییە یان توخمی هاوبەش لە نێوان ئایینەکان کە پەیوەستە بەم دوو تایبەتمەندییە ئەوانیش (سەربەخۆیی و هەمیشەیی).؟ مەبەست لە ئایینی پاک چییە..؟

لێرەدا دەتوانرێت سێ ئەگەر بخەینەڕوو: .

١- ئەوەی کە مەبەست لە جەوهەری ئایینەکانە (خود)ە، واتە ئایینەکان لە بوونەیاندا هاوبەشن، وەک چۆن لە مرۆڤ و درەختەکاندا هەیە، ئەم خودەش بەواتا ئاینی پاک و یەکتاپەرستییە، وەک لە ئایەتی سەرەوەدا هاتووە .. بەڵام ئەم مانایە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک دەبێتەوە لەوانە :

أ- لە قورئاندا دەڵێت:( لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ)....واتا (گۆڕانکاری لە دروستکراوەکانی خودادا نایت)، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەر کە پشتگیری لە واقیع دەکات و جەخت لە گۆڕانکاری دەکاتەوە، وە هەروەها دایک و باوک و کۆمەڵگا وداب و نەریت دەتوانن

سروشتی ئیسلام و یەکتاپەرستی لە مرۆڤەکاندا بگۆڕن بۆهاوبەشی و کوفر یان بیانخەنە سەر ئاینەکانی تر..

ب- نیشانەی بابەتە زگماکیەکان ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە زۆرینەی ڕەهای مرۆڤەکاندان و جیاکردنەوەیان شتێکی دەگمەنە یان زۆر کەم و لەم ژمارەیەدا ئێمە تەواو پێچەوانەکەی دەبینین، وەک لێکۆڵینەوە مێژووییەکان باسی دەکەن، وەهەروەها قورئانیش، دانی پێ داناوە کە زۆرینەی ڕەهای ڕەگەزەکانی مرۆڤ لەسەر ئایینی گۆمڕایی و هاوبەش پێداکردنن بۆ خودا و لەئێستادا زۆر لە جیهاندا،ئەوان زۆرترن لەمرۆڤە یەکتاپەرستەکان.

ج- ئەو وتەیەی کە دەڵێت: بۆ هەموو شتێک خودێکی جێگیر هەیە وتەیەکی کۆنی ئەرستۆ و ئەفلاتونە چۆتە سەر بوونی خودێکی جێگیری شتەکان لە جیهانی ئایدیاڵەکاندا، بەڵام ئەم وتەیە لەلایەن (هیوم)ەوە و دواتریش بە تایبەت لەلایەن فەیلەسوفە بوونگەراییەوە ڕەخنەی لێ گیرا، جگە لەوەی مەحاڵە بتوانی بیسەلمێنی چونکە ئەوەی عەقڵ هەستی پێدەکات ئەوە سیفەتانەیە کە تەنها لە  شتەکاندا هەیە، بۆیە مرۆڤ خودی خۆی

و بەپێی بوونی ئازادییەکەی جەوهەری شتەکان بۆ خۆی دروست دەکات، یەک خودی هاوبەش لە نێوان تاکەکاندا نییە بەناوی لەسروشتەوە، هەر بۆیەش شتێک نییە بەناوی بوونی ئاین لە سروشتەوە لە خودی مرۆڤەکاندا..

د-هەر سێ ئایینە ئاسمانییە یەکتاپەرستەکە لەسەر بیرۆکەی یەکتاپەرستی (خودا)کۆک نین بە ئاڤیستاشەوە هەر یەک لەئاینەکانی نەوەی ئیسرائیل کە ئایینی جوولەکەوە، وەهەروەها هەر یەک لە ئیسلام و مەسیحی، کە گوایە سیفەتی خودا لە مرۆڤەکانی ئیسلامدا هەیە، وە سیفاتە شەخسییەکانی خودا هەیە بە گوێرەی شیعەکان و ئەو سیفەتانەی کە بە پێی سوننەکان بۆی زیادەن. ، کەواتە ئایینی لە سروشتەوە لە کوێیە ئەم جیاوازییە لە بیروبۆچوونەی ئایینانەدا هەیە..؟

٢- کە واتای جەوهەری ئاینەکان (ئامانج)ە، ئامانجەکانیشیان لە ئایینەکاندا هاوبەشە ، کە بریتییە لە گەیشتن بە بەختەوەری لە دونیا و لە قیامەتدا، وە لێرەدا رووبەڕووی کێشەی زۆر دەبینەوە کە پەیوەندی

به واقیعەوە هەیە، ئەویش کە دەبینین زۆربەی ئەو مرۆڤانەی پابەدبونێکی تەواویان بە ئاینەوە هەیە لە ژیاندا بە بەختەوەری نە گەیشتوون و لە هەمان کاتیشدا دەبینین کەسانی غەیرە ئایین لەم ژیانەدا بەختەوەرن بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. ئەگەر بوترێت ئامانج بەختەوەرییە لە ژیانی دوای مردندا، جگە لەوەی ئەم قسەیە بۆ هەڵواسینی بابەتەکەیە بە پەنجەی نادیارەوە هیچیتر نییە، لێرەدا هەموو ئایین و مەزهەبێک بە هەمان شێوەی یەکتر بانگەشەی گەیشتن بەم ئامانجە دەکەن لە قیامەت و ڕۆژی دوایی لێرەدا دەردەکەویت کە ئیسلام هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئاینەکانی تردا.

٣- مەبەست لە جەوهەری ئاین دەبێت (کارەکە) بێت، بۆیە دەوترێت، بۆ نموونە ئەرکی هاوبەشی ئایین لەنێوان ئایندارەکان گەیشتنی مرۆڤە بە ئارامییە و خۆشبەختی لەم ژیانەدا، یان ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانە لە ڕێگەی یاسا و شەریعەتی (خودا)وە ...

بەڵام بە ڕێگەی جێگیر دەتوانین بڵێین کە کارێکی لەو جۆرە لە ئایینەکاندا سێ جۆرن:

هەر یەک لە (خەیاڵێکی بێ بنەما، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی).

سەبارەت بە یەکەمیان، بەزەحمەت لە کەسەکان دەشاردرێتەوە، چونکە ئایین ئاسوودەیی دەروونی زۆر دەدات بە دیندارەکان و هیوا بۆ داهاتوویەکی باشتر دەوروژێنێت تەنانەت ئەگەر دوای مردنیش بێت. بەڵام ئەم شێوازە تەنیا لە ئایینە یەکتاپەرستەکاندا نییە بە شێوەیەکی کردەیی، جالێرەدا سەلمیندراوە کە یاسا مەدەنییەکانی مرۆڤ باشتر و دادپەروەرترن لە بڕگە و یاسا شەریعەتییەکانی خودایی، ئەمە جگە لەوەی کە هاووڵاتیبوون باشتر بووە بۆ بەستنەوەی مرۆڤەکان بە بەستنەوەی یەک کۆمەڵگاوە بەبێ ئەوەی لەسەر بنەمای ئایین جیایان بکاتەوە.

وە سەبارەت بە دوا ئەرکی (ڕۆحی)، دەرهێنانی مرۆڤە لە خودی تاکەکەسی خۆی و لە زیندانی بازنەیی تەسک بۆ ناو دونیایەکی فراوانتر، کە دونیای مرۆڤایەتی و خودی ڕاستەقینەی ناو مرۆڤە و ئێمە

پێمان وایە کە ئەمە ئەرکی ڕاستەقینەی ئایینە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بیروباوەڕە تایبەت نییە بە ئیسلام هەندێکی تریش لە ئاینەکان تێدا هاوبەشییان هەیە، وەک ئایینی بودا و زەردەشتی و مۆدێرنییتە جا لێرەدا (مرۆڤ گەرایی ڕاستەقینە و نویَ و مۆدێرن)، ڕەنگە ئەوان لەم کارەدا بۆ مرۆڤ باشتریان بەدەست هێنابێت لەوەی کە ئایینە یەکتاپەرستەکان بەدەستیان هێنابێت.

# کاتێک ئایین دەبێت بە ئایدۆلۆژیا

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا.......

وتیان: دەبێت زانستەکان بە ئیسلامی بکرێن، دەوڵەت و کۆمەڵگا بە ئیسلامی بکرێن، یاسا و فەرهەنگ و داب و نەریت بە ئیسلامی بکرێن، چونکە ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات و هەموو شتێکی تێدایە ...

من دەڵێم: ئەمە مانای فکر و بیری ئایینی ئایدیۆلۆژییە یان گۆڕینی ئایینە بۆ ئایدۆلۆژیا . سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی ئاسان لەسەر چەمکی ئایدۆلۆژی باس دەکەم کە لە وشەی (ئایدیا)وە هاتووە،واتا بیروباوڕ یان فکر،یان ڕێباز. کە لە ڕابردودا وشەی (ئایدۆلۆژیا)، (مارکس) بەکاری هێناوە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لە دونیای وەهم وخەیاڵدا دەژین و ئەمەش بەرەو جیابوونەوە لە واقیع یان ڕاسەقینەیان دەبات و خودی ڕاستەقینەی خۆی لێ ون دەبێت و بەم

شێوەیە دیاردەی نامۆبوون لە خۆیدا دروست دبێت و لەگەڵ کەسایەتییەکی وەهم و خەیاڵدا دەژی.

لێرەدا ڕوون  کە ئایدۆلۆژیا دەبێت بە چوار جۆر یان شێواز:

١- گشتگیر کە تەواوی ژیانی مرۆڤی ئایدیۆلۆژی لەخۆدەگرێت،

٢- پەیوەستە بە سووربوون و دۆگماتیزمەوە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی هیچ ڕاستییەک نەبینێت و نەبیستێت کە دژایەتی بیرۆکەکانی بکات.

٣- پەیوەندی بە خرۆشانی هەستەکانەوە هەیە وە زاڵە بەسەر عەقڵی مرۆڤەکان هەربۆیە زیاتر کاریگەری لەسەر لاوانی تازە پێگەیشتوو هەیە زیاتر لەوەی لەسەر گەورەکانەوە،

٥- زۆرجار پەیوەندی بە توندوتیژیەوە هەیە بۆ ئەوەی بەسەر کەسانی تردا بسەپێندرێت تا ئەو کاتەی بیرۆکە و تیۆرییەکان لەسەر شانۆی مێژوو دەرکەون، بۆ ئەوەی بتوانن دەوڵەت و کۆمەڵگا بگۆڕن بۆ ئایدۆلۆژیایەکی وەک ناسیزم، مارکسیزم، لینینزم،

ناسیۆنالیزم، و بەعسیزم و دواهەمین ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم کە زیاتر ئێران نوێنەرایەتی دەکات، وە لەم ڕێگایەوە کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمەڵگایان کردووە و ئیخوانەکان لە میسر کە ویستیان باڵادەستی خۆیان بسەپێنن و یان داعش چەند ساڵێک لە عیراق کە تائێستاش کاریگەی خرابی لەسەر لاوەکان ماوە یان دەسەڵاتی تالبان لە ئەفغانستان کە ئیستا گەڕاوەتەوە ژێر دەسەڵاتی تالیبانییەکان.

سەبارەت بە ئایین، وەک نیشاندەرێک بۆ ڕێگای ڕاست و بانگەوازێک بۆ باوەڕبوون بە خودا و پەیوەستبوون بە بەها و بنەما ئەخلاقییەکان، ناتوانرێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا تێکەڵ بکرێت بەم تایبەتمەندیانەی کە باسکراون، بەڵام مێژووی کۆن و مۆدێرن باسی زۆر سەرچاوەمان بۆ دەکات کە تێیدا ئایین گۆڕاوە بۆ یەکەیەکی ئایدۆلۆژیا، یەکەمیان لەسەر دەستی دامەزرێنەری ئەم ئایینە بوو کە کاتێک کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە و هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی نوێدا، لێرەدا ئەوان پێویستیان بە شەپۆلیکی بەهێزی ئایینی ئایدیۆلۆژی هەبوو بۆ

بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و وروژاندنی لاوانی خوێنگەرم بۆ بەرگری و شەڕ لە دژی ئەو مەترسیانەی لەسەر ئەم دەسەڵاتە نوێیەیان دروست بێت، واتە بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتدا، ئەم واتایە لە گەمژەیی ئایینەوە هاتووە، هەرچەندە مەعقولەو لەلایەن سەرکردە یان دامەزرێنەری هەر بزووتنەوەیەکی ئایینی و چاکسازی لە کۆمەڵگادا داواکراوە، بەڵام نابێت دوو بابەتی گرنگ پشتگوێ بخرێت لێرەدا ئەویش

١-وەسفکردنی ئایین بە سیفەتەکانی ئایدۆلۆژیا لە جەوهەری ئایینەوە نییە، بەڵکو لە نیشانە و توێکڵی ئاینە،

٢-بەهیچ شێوەیەک نابێت پرۆسەی ئایدۆلۆژیا بەردەوام بێت و کاتێکی زۆری بخایەنێت، بەڵکو بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا، چونکە دوای ئەوەش قۆناغی سەقامگیری دێت و ئەمەش دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیا پاشان دەبێتە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر سیستەم و کۆمەڵگا لەکۆتایدا سیستەم و کۆمەڵگا لەناو دەبات، وەک چۆن لە ڕابردوودا لە پاش خیلافەتی

ئیسلامدا ڕوویدا کاتێک ئومەوییەکاندا بەسەرکردایەتی معاویە سیستەمی خەلافەتی ئێسلامیان گۆڕی بۆ پاشایەتی کە دەسەڵاتیان چەندین ساڵی خایاند، هەروەها وەک چۆن( یەکێتی سۆڤیەت) دوای ئەوەی ئایدۆلۆژیای مارکسی لاوازبوو،و ڕووخا و سەرکردەکانی سۆڤیەت کار و ئیشیان نەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لێی پێش ئەوەی درەنگ بێت و هەموو شتێک تەواو بێت..

لێرەدا ئەوەی مەترسییە ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا هەڕەشە لە ئایین دەکات ، بەوەی کە ئایین لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دوور بخاتەوە لە پەروەردەکردنی ڕۆحەکان و بەهێزکردنی بیر و باوەڕی شوێن کەوتووانی، بەم شێوەیە مرۆڤێکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵگایەکی ئایدیۆلۆژی و کولتوورێکی ئایدیۆلۆژیمان دروست دەبێت، لێرەدا بەکارهێنانی شوێنە پیرۆزەکان وەک هێما ئاینییەکان و قورئان و مزگەوت و مەزارگە پیرۆزەکان بە ئاستێکی بەرفراوان دژی نەیارانی سیاسی و لەسەر حیسابی بنەما ئەخلاقییەکان و عەقڵ و بەهای مرۆڤەکان بەکاردەهێنن.

کۆمەڵگای ئایدیۆلۆژی بە گیانی ڕق و کینە و دوژمنایەتی و کۆنەپەرستییەوە دەژین و یەک دیدگا بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت، کە ستەمکاری و تایبەتمەندی لە حکومەتدا دوور لە ڕۆحی لێبوردەیی و فرەیی دەچەسپێنێت، دەرئەنجام ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی :ڕژێمی ستالین،ماسونی،هیتلەر،سەدام ،و هاوشێوەکانیان ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارانەی کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاری توندڕەویو ستەمکاری دامەزران ، دەرئەنجام لە مرۆڤی ئایدیۆلۆژی نامۆبوون دروستبوو بەئەندازەیەک کە مرۆڤ

سروشت و ڕاستەقینەی خودی خۆی و پێداویستییە مەعنەوی و بنەما ئەخلاقییەکانی بۆ نە دۆزرێتەوە، تا بتوانێت گۆڕانکاری لە خۆی و باشترکردنی بارودۆخی خۆیدا بکات، چونکە خۆی بە کامڵ و ڕاستگۆ و ڕاست دەزانێت، لێرەدا زۆر لێزانانە خاڵە لاوازەکان لە کەسانی تردا دەدۆزنەوە و بە ناڕاست و لادەریان دەزانن و ئامۆژگارییان دەکات بەوەی کە خۆیان بگۆرن وەک ئەوەی کەموکوڕی لە

بیروباوەڕیاندا هەیە. وە خۆیان بەشێوەیەک تایبەت و سەیر جۆش و خرۆش و خۆشەویستی چڕیان بۆ بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی و ئایینەکەی خۆیان هەیە کە، ڕێگری دەکات لەوەی هیچ دەستکارییەکی تێدا بکات، بەڵکو دەرگا لەسەر عەقلی دادەخات بۆ ئەوەی عەقڵ بە ئازادی نەجولێت و بیر نەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی لاوازی و کەموکوڕی لە بیروباوەڕ و ڕێباز و ئایینەکەیدا.

سەبارەت بە کلتوری ئایدیۆلۆژیا:ئەم کولتوورەیە کە لە سەرەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێندرێت و ڕێگری دەکات لە جووڵەی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی و پیاوانی ئایینی، چونکە بە بڕوای ئەوان ڕەخنەگرتن، دەبێتە هۆی ترازان وتێکدانی یەکڕیزی لە نێوان کۆمەڵگا و یەکگرتوویی دەسەڵاتی ئیسلامی لاواز دەکات، ئەم ئاینی ئایدەلۆژیایە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی کلتورێک کە پاڵپشتی بکات،لە ستەمکار پشت بکات لە ستەملێکراو، و کلتوری یەک لایەنی دەسەڵات و یەک سەرکردەی دەسەڵاتدار دروست بکات، و ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی ئەندامانی یەک بنەماڵە چونکە ئایدۆلۆژیا قبولی کەسانیک ناکات کە لەگەڵیدا ناکۆکبن، هەربۆیە کلتوری تیرۆر و تایفەگەری و سونە و شیع و کرۆپی جیاجیای ئیسلامی ڕق و کینە و توندوتیژی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا زاڵ دەبێت بەسەر ئاشتی و تەبایی و دادپەروەری یەکتر قبوڵکردن و....وەک ئەوەی لەڕاستیدا هەیە.

# بونیادنانی فکری تیرۆر...

له تێڕوانینی ئێمه و ئەواندا.......

ئەوان دەڵێن: ئاینی ئیسلام ئاینی لێبوردەیی و ئاشتی ومیانڕەوییه وتوندوتیژی و تیرۆرو ستەم ڕەتدەکاتەوه و لەوەشدا قورئان دەڵێت :

(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ).واتا:( تۆ بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە بە حیکمەتەوە، واتە: بە دانایی و کاربەجێیی، یاخود بە سوننەت بانگەوازیان بکە وە بە ئامۆژگاری جوان وە ئەگەر کەسێک گومانی هەبوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکە بە جوانترین شێواز تا تێی بگەیەنیت و وەڵامی گومانەکانی بدەیتەوە بە دڵنیایی پەروەردگاری تۆ زاناترە بە کەسێک کە گومڕا بووەو لە ڕێگای ڕاست لایداوە وە هەر خوای گەورە زاناترە بەو کەسانەی کە هیدایەتدراون و لەسەر ڕێگای ڕاستن).

کاتێکی باسی گروپە چەکدارەکانی وەک قاعیدە و داعش و ئێخوانییەکان دەکەین دەڵێن ئەوانە نوێنەرایەتی هەموو ئیسلام ناکەن..!!

ئیمە زۆر جار ئەم قسانەمان لە پیاوانی ئاینی و دیندار و شێخەکانەوە دەبیستین بۆ جوانکردنی وێنەی دەسەڵاتی ئیسلام لە بەرچاوی مرۆڤەکان جا چ مسوڵمان بێت یان غەیرە مسوڵمان، دوای ئەوەی وێنەکەی زۆر شێوێندرا لە جیهاندا و بەتایبەت وڵاتانی خۆرئاوا، کەسە خوێندەوارەکان بەکۆمەل دەستیان کرد بەکارکردن و دەرچوون لە ئاینی ئیسلام ، چونکە ئەم قسانە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام و مێژووەیەکەیەتی کە پڕە لە داگیرکاری و زوڵم و ستەمکاری و حوکمی نادادپەروەرەی و فەتوای فەقێناسەکان و دەقی نامرۆڤانە و شەڕانگێزییەکی زۆر لە قورئاندا هەیە بەتایبەتی ئەو دەقانەی پەیوەندییان بە جیهاد و شەڕ هەیە، وەهەروەها لە سوننەت، و ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامدا، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا چەندین جار باسی لێوە کراوە و هەربۆیە ئێمە ئەم قسەیە ناڕاست و فەزیحەیە رەتدەکەمەوە، چونکە ئێمە بە چاوی

خۆمان هەڕەشەکردنی هێزە ئیسلامییەکانمان بینی کە چۆن هەڕەشەی لە هەموو گەلانی جیهان و کوشتن و سووتاندنی موسڵمانانی کورد و غەیرە موسڵمانان کە چۆن ئاگریان لە هەموو شوێنێک بەردا و دەست دریژی سکس کردە سەر ئافرەت و کیژۆڵەکان بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و ویژدان و بنەمایەکی ئەخلاقی مرۆڤایەتی. لێرەدا پێویستە پێداچوونەوە بەم ڕێباز و فکر و بنامایانە بکری کە لەسەری دروستبووە و دوور کەونەوە لە فتوای هەندێک لەزانایەکانیان.

١-باوەڕبوون بەوەی یەک حەقیقەت هەیە و زیاتر نییە.

٢-باوەڕبوون بە ئاسانی و گەیشتن بە حەقیقەت بۆ هەموو مرۆڤێک، چونکە ئایینی حەقیقەت لەگەڵ عەقڵ و فیترەدا دەگونجێت، (ئەوفترەتەی کە خودا مرۆڤی لەسەر دروستکردووە).

٣- باوەڕبوون بەوەی کە خاوەنی حەقیقەتە و لەسەر ئایینی حەق بێت.

٤- لە ئەنجامی ئەم سێ پێشەکییانەدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کەسەی بەرامبەر تووشی ناکۆک دەبێت

لەگەڵیدا لەسەر درۆیە و ڕاستی دەزانێت، بەڵام ئەویش شوێن هەوستەکانی خۆی و شەیتان دەکەوێت (هەمووان بچنە ناو ئاشتی و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون)-

( ادخلوا في السلم كافة ولا تتبعوا خطوات الشيطان).

٥-باوەڕبوون بەزەروورەتی بەرەنگاربوونەوەی درۆ و پشتگیری کردن لە حەق، وە ئەمەش واتە ئەرک و واجبە بەرەنگاربوونەوەی ئەهلی درۆ نەهێشتنیان (بۆیە شەڕی دۆستانی شەیتان بکەین) واتە هەرکەسێک ئیسلام نەبوو ئەوان بە دۆستی شەیتان هەژماری دەکەن.

٦- باوەڕبوون بە قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ، وە ئەوەی کە ژیانی هەتاهەتایی ڕاستەقینەیە، وە ئەم ژیانە شوێنێکە تەنها بۆ تاقیکردنەوە، وە بۆ ئەوەی ئیماندار لە بێباوەڕ جیابکرێتەوە، وە هیچ بەهایەکی تری نییە.

٧- دوا بنجینە کە دەرئەنجامی هەموو ئەو پێشەکیانەیە کە باسمان کرد، بە کەم سەیرکردنی مرۆڤ و مافەکانی و ژیانی لەم دونیایە و لەسەر ئەم بناغانە تیرۆریزم

بنیات نراوە و هێز و کاریگەری و بەردەوامی لێیەوە وەرئەگرێت، وە ئەوە دەزانرێت بەداخەوە کە هەموو ئەم حەوت بنەمایە لە ئیسلامدا بوونیان هەیە، جا چ بە کردار بێت یان بە زۆر، مەبەستم ئەوەیە، ئەو تۆوی تیرۆر لە سەر و فکری خۆیدا هەڵدەگرێت.

سەبارەت بە چارەسەریش، ئەوەیە کە یان موسوڵمان بەتەواوەتی ئیسلام بەجێدەهێڵێت و ببنە بێ باوڕ، هەروەک هەندێک لە رۆشنبیران کە هەیە و رەنگە ئەمە بۆ زۆرکەس قورس بێت، بەتایبەتی کە بێباوەڕی کێشە دەروونی و هزریەکانیان چارەسەر ناکات، یان ئەوان ڕوو لە عەقیدەی حەکیمەکان بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی تێدا بدۆزنەوە و ئەوەی لەگەڵ عەقڵ و دڵدا یەکدەگرێتەوە، عەقیدەی حەکیمان بە تایبەت قوتابخانەی عاتیفی بە تەواوی بێبەشە لە هەموو ئەم حەوت خاڵەی کە تیرۆر دەوروژێنن، چونکە باس لە... دواتر:

١-ئەو باوەڕەی کە حەقیقەت چەندە و زۆرن، وە هەموو مرۆڤێک یان ئایینێک خاوەنی بەشێکە لە ڕاستییە نەوەک ڕاستی ڕەها.

٢-باوەڕبوون بەوەی کە گەیشتن بە حەقیقەت ئەستەمە، چونکە ئەم پرسە دەرونی و هزری نییە، بەڵکو لە دڵەوەیە، و پێویستی بە ساڵانێک بۆ خۆڕازاندنەوە و ئەخلاق و دروستکردنی پەیوەندییەکی چەسپاو لەگەڵ خودادا .

٣-ئەمە بەواتە ئەوە دێت کە هیچ کەس خاوەنی حەقیقەتی ڕەها نییە، وە تاکە ئایینێک نییە کە ئایینی حەق بێت و ئەوەی تر درۆ بێت.

٤-دەرئەنجامی ئەم پێشمەرجانە ئەوەیە کە دروست نییە شەڕ لەگەڵ ئەویتردا بکەیت کە دژایەتی دەکات چونکە نە لەسەر درۆیە و نە شوێن شەیتانیش کەوتووە.

٥-لێرەدا پێویستە بگەین بە حەقیقە بەو واتایەی کە کەسەکە خۆی بۆ دۆزینەوە و ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقەت بجوڵێنێت، هەروەها لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتکردن بە خەڵک و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە حەق نەک بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی مرۆڤەکان لەسەر بیر و باوەڕی جیاواز.

٦-باوەڕبوون بەوەی کە قیامەت لەم ژیانەدا بوونی هەیە و ئەم ژیانەی ئیستا هەیە، و بەهەشت و دۆزەخ و هاوسەنگی و ڕێگا و حساب و لێپیچینەوە... هەموویان لەم ژیانەدا بوونیان هەیە نەک دوای مردن و ئەمەش دەبێت بەو مانایە نییە کە لە دوای مردن ژیان نییە، مەسەلەی ئیمانە تەنها و زیانی بۆ ژیانی مرۆڤ نییە لەم دونیایەدا، وە وردەکاری لەم باسەدا دوور و درێژە و هیچ بوارێکی نییە.

٧- لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەی پێشووتر، هەموو مرۆڤێک ، هەرچەند ئایین و مەزهەبێکی جیاواز بێت، دەبێت ڕێز لە مافەکانی بگیرێت، بەڵکو دەبێت خۆشەویست و باش بێت بۆی، و ئەم ژیانە و گەشەکردنیشی دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت و بە گەورەترین نیعمەتی خودایی لەسەر مرۆڤ هەژمار بکرێت. هەر یەکێک لەم خاڵانەی باسکراون پێویستی بە ڕوونکردنەوە و وردبینی هەیە، بەڵام من لێرەدا پشت بە عەقڵ و کلتوری خوێنەری خۆشەویست و بەرێز دەبەستم تا بڕیاری لەسەر بدەن.

## بۆچی ڕەخنە لە ئایین بگرین...؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەوان......

پیاوانی ئاینی و شێخەکان دەڵێن: پێویست ناکات ڕەخنە لە بنەما و پرەنسیپی ئاین بگیرێت، چونکە پەیوەندی بە خودا و میتافیزیکی نێردراوە هەیە کە ناردراوە بۆ ئەم ژیانەی ئێستا هەیە، واتە لە سەرووی ئاستی عەقڵی مرۆڤەوەیە، جگە لەوەش ڕەخنەگرتن لە دین دەبێتە هۆی هەژاندنی ئیمانی دینداران و موسلمانا بەوەش دەرگا بە ڕووی بێ باوەران دەکەرێتەوە وسوکایەتی و بێمانایی و گاڵتە و هەموو شتێک ڕێگەپێدراو دەبێت. وەک نووسەری بەناوبانگی ڕووسی (دۆستۆیڤسکی) دەڵێت: بۆیە پێویستە خۆی لە ڕەخنەگرتن لە پراکتیزەکردنی هەندێک کەسی ئایینی کە لەسەر ئایین حیساب کراوە، سنووردار بکرێت، و ئایینەکە لە بیدعە و پیسی ڕزگار بکرێت، نەک ڕەخنە لە بنەچەی ئایینەکە بگرێت.

لێرەدا چەند تێبینی و سەرنجێکمان هەیە لەسەر ئەم قسەیە:

١-شێخەکان خۆیان کەمیان بە ئاین نەکردووە لە رەخنەگرتن لە پرەنسیپی ئایین ، خاڵی سەرەکی بابەتەکە ئەوەیە رەخنە لە ئایینی پێچەوانە دەگرن نەوەک ئایینەکەیان ، بۆیە کتێبە ئیسلامیەکان و کەناڵ و سەتەلایتەکان تۆمەتبارن بە رەخنەگرتن لە ئایینی مەسیحی و جولەکە و زەردەشت و ناوزڕاندنی بیروباوەڕی غەیرە موسوڵمانان. ئایا بۆ ئێوە ئاساییە ڕەخنە لە ئاینەکانی کەسانی تر بگرن بەڵام بۆ کەسانی تر دروست نیە رەخنە لە ئاینی ئیسلام بگرێت..؟ نەک ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەی ئایین.

٢-مەبەستی ڕەخنەگرتن هەوڵێک نییە بۆ لەناوبردنی ئایین وەک شێخەکان بە پێی چەمکە کۆنەکەیان لە ڕەخنە خەیاڵی دەکەن و وەک چۆن دژی ئایین و مەزهەبەکانی تر ئەنجامی دەدەن. وەک: ئایا ڕاستی وەحی چییە وە خودا چی لە مرۆڤ دەوێت، وە لە بنەڕەتدا ئایا خودا بوونی هەیە..؟ ئایا خودا لە رەوشتی مرۆڤی هەیە، وە ئایا لەگەڵ هیچ کەسێک قسەی

کردووه و پەیامی ناردووه بۆ مرۆڤ و ئایا بۆ پێغەمبەران خودایان نەبینیوە..؟؟...هتد. ئەمەیە مەبەست لە ڕەخنە لە مۆدێرنیتەدا، وە کەس ناڵێت ئەم جۆرە ڕەخنەیە قەدەغە بکرێت تەنانەت لە قۆرئانیشدا نییە چونکە لەسەردمی پێغەمبەریش زانایانی ئیسلامی و خەڵکی ئاسایی ئەم پرسانەیان بۆ باس و گفتوگۆ وروژاندووە.

٣-ڕەخنەگرتن لە ئایین لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا ڕەهەندی بەرفراوانی گرتۆتەوە و چەندین ئایدیا و عەقیدەی لە لێکدانەوەی بنەچەی ئایین و بنەچەی ئایندا دەرکەوتووە و مەسەلەکە تەنها لە ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای خۆرئاوای و گۆمەڵگای ئیسلامییەکانماندا قەتیس نییە باوکی زەوی (فرۆید) ئاماژەی بەوە کردووە کەدەڵێت: سەرچاوەی ئایین کۆمەڵگەیەکە کە دەیەوێت زاڵ بێت بەسەر ئەندامەکانیدا و بە پەیوەندییەکی میتافیزیکییەوە بیانبەستێتەوە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە نێوان خەڵک و یەک دەنگ و یەک ریزبن وهاودەنگی کۆمەڵایەتی........ (دورکهایم) دەڵێت: سەرچاوەی ئایینەکە پێشبینی وەهمیی

سیفەتەکانی مرۆڤە لەسەر هێزێکی میتافیزیکی کە ئەم جیهانە دروست دەکات (فویرباغ ) دەڵێت: کە سەرچاوەی ئەو چینە دەسەڵاتدارەیە کە دەیەوێت مرۆڤەکان لە رێگەی ئایین بێ هۆش بکات بۆ ئەوەی رێگریان لێ بکات لە شۆڕشی میللەت و نەتوانن کار بۆ رووخانی دەسەڵاتە بکەن. (مارکس) دەڵێت: ئەم دنیایە لە شۆڕشی زانیاری و پەیوەندییەکاندا وەک یەک گوندی بچووکی لێهاتووە، نابێ رۆشنبیر و پیاوی ئایینی سەریان لە خۆڵدا بنێژن و نەجوڵێن بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم ئایدیا و عەقیدەیە نەکەن بە بیانووی ئەوەی لە شەیتانە و داگیرکەرانە.

٤- ئێمە هۆکاری ئەم کێشە نین، بەڵکو شێخ و پیاوانی ئایینی و دیندارەکان هۆکاری کێشەکانن، چونکە دەیانەوێت دین بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، تەنانەت بە زۆر و بە تیرۆریش، وە فەتوای بێ باوڕیان و دژایەتی کردنی ئاین دەخەنە پاڵ کەسانی رۆشنبیر و عەلمانیەکان،وە ترساندنی مرۆڤەکان لە بیر و باوڕە نوێیەکان، لێرەدا ئێمە تەنیا داوای نوێ بوونەوە و عەقڵ و عەقڵانیەت دەکەین لە ژیانی مرۆڤەکان ، زیاترنا،

ئێمە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئایین و لەناوبردنی هیچ ئاینێک ناکەین، وەک ئەوەی پیاوانی ئاینی وشێخەکان لە خەڵکی دەگەێنن بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و بزرکردنی ڕاستییەکان و شاردنەوەی ناشیرینیەکانیان.

دوای ئەم نووسینە وتێبینی و خاڵانەی لە سەرەوە باسمان لێوە کرد.

لێرەدا پێداچوونەوەیەک بەسەرچاوەکانی ڕەخنە لە ئاییندا دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە ئاییندا پانتایەک هەیە لە سەرووی ئاین بۆ ڕەخنە، وەک شێخەکان بانگەشەی بۆ دەکەن..؟

هەموو ئایینێک کە لە دونیادا چوار لایەن یان ئاست لە خۆدەگرێت. لەوانە:

١- ئیمانی لە دڵ و سۆزەوە . بەواتای یەکێک لە بناغەکانی جەوهەری ئایینەکان دادەنرێت.

٢- بیروباوڕ.

٣- ئەخلاقی ئایینی.

٤- ڕێوڕەسم و داب ونەریتەکان.

با لە کۆتای دەست پێ بکەین، لێرەدا هیچ گومانی تێدا نییە کە ئاین شایەنی ڕەخنەیە لێگرتنە، بە دانپێدانانی خودی پیاوانی ئاینی و شێخەکان، بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین ڕێوڕەسم و داب و نەریتەکانییان کە پێتان وانییە لە ئەسلی ئاین بن،    وەک هەندێک لە ئەو ڕێوڕەسمە لە دایکبوونی پێغەمبەر و حوسێنییەکان کە خودی زانایانی ئایینی ڕەخنەی لێدەگرن، زۆر کەس پێیان وایە بەشێکە لە ئایینەکە، لە ڕاستیدا زۆرێک لە داب و نەریتەکانی عەرەبەکانە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لەلایەن پێغەمبەرەوە و موسڵمانان بەهۆی داب و نەریتەوە جێبەجێ دەکران،وەک هێشتنەوەی ریش چونکە ئەو سەردەمە هەموو پیاوان ریشیان هەبووە پیغەمبەریش پابەندی هەندێک داب و نەریتی شوێنەکەبووە، ئەگەر موسلمانان پێیان وایە خێر و سوونەت، ئەی بۆ قژیان درێژناکەن خۆ پێغەمبەر هەم ریشی هەبوو هەمیش قژی درێژبووە..؟ هەربۆیە ئەوانە زۆر شتیان تێکەڵ بە ئایین کردووە.

بەڵام سەبارەت بە ئەخلاقی ئایینی، کە لەسەر بنەمای هاندان و ترساندن دامەزراون، ئێمە پێمان وایە ئەمە

ئەخلاقی ڕاستەقینە نییە، چونکە لە خۆشەویستی ڕاستەقینەوە سەرچاوە ناگرێت، لە بازنەی خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکانی تر، بەڵکو بە واتای خۆپەرستی و خۆویستی دێت، لێرەدا ئەگەر بەڵێنی پاداشت و ترسی خودا نەبوایە، ئایینداری ئایینداری ئەم کارە ئەخلاقییە و مرۆڤانەیان نەدەکرد وەک خێرخوازی و دروستکردنی مزگەوتی و خزمایەتی و ڕەوشتی باش لەگەڵ خەڵکدا نەدەکرد. لێرەوە ڕۆڵی ڕەخنە دێتە ئاراوە بۆ چاککردنەوەی ناهاوسەنگییەکە، وەک ئێمە پێمان وایە ئەخلاقی ئایینی وەک قۆناغێکی ئاسان و بەسوودە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ بۆ قۆناغێکی باڵاتر، کە ئەخلاقی سۆزدارییە بۆ ئەوەی تەنیا بە پاڵنەری مرۆڤایەتی بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی چاکە بکات نەک لەبەر تەماحی و قازانج وەرگرتن لە خودا و دوورکەوتنەوە لە سزا و دۆزەخ لەبەرامبەر چاکەیەک کە بۆ بەندەکانی خودا دەکات.

وە سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینیش شایەنی ڕەخنە و چەواشەکردنن لە ڕێگای عەقڵ و لۆژیک بۆ ئەوەی بزانن چ شتێکیان ڕاستە و هەڵەیە ،من پێم وانییە هیچ

کام لە پیاوانی ئاین و شێخەکان  بتوانن بەعەقل بڕیار بدەن لە بەرامبەر شتەکاندا، چونکە شێخ و زانایانی ئیسلامی هەر هەموویان  بیروباوەڕەکان بە عەقل لێکدانەوەی بۆ ناکەن بەڵکو لەڕێگەی فتوای زانایەکانی پێش خۆیان  و لەسەر پیرۆزی نەریت تێیدا کۆکن و یەک دەنگن، لێرەدا پیاوانی ئاینی و شیخەکان ناین بە شێوەیەکی عەقلانی ئەو نەریتە زیانبەخشانە لەناوببەن بەڵکۆ لەڕێگای سۆز و بەرگی پیرۆزییەکان بەردەوام دەبن لەسەر ئەو ڕێچکەیە ئەگەر بێت و زیانیشی هەبێت ، جا لێرەدا ڕۆڵی عەقڵی دێتە ئاراوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئاین.

دواهەمینیان کە بریتییە لە باوەڕبوون لە دڵەوە بە خودا، بۆیە ئێمەش پێمان وایە کە پێویستی بە ڕەخنە هەیە چونکە مرۆڤی باوەڕدار  هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوەی باوەڕەکەی هەیە تا جیای بکاتەوە لە ئیمانی ساختە.

چونکە  لە منداڵییەوە فێری ئێمان و دینداری نوێژیان کردووین بێ ئەوەی بزانین کە چیە و چۆنە  یان بەهۆی ترس لە ئاگری دۆزەخ و تەماحی بەهەشتەوە بێت، یان

به پاڵنەرێکی بەرژەوەندی خۆپەرستەوە پەروەردە بووبێت، یان جۆرێک لە وەهم و خەیاڵ بووبێت کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەگۆڕێت بۆ باوەڕێکی پتەو لە دڵدا. ئەو کاتە دەبێت بە ئادەلۆژیا کە گۆڕان و چاکبوونەوەی ئەستەم بێت.

ڕەنگە لێرەدا ئەم ئیمانە کەوتبێتە ژێر کاریگەری خۆپەرستی و خۆویستی خودەوە.

لەم ڕوانگەیەوە نابێت باوەڕداری ڕاستەقینە قەناعەت بە ئیمانی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت ڕەخنەی لێ بگرێت، گەریدە بێت و هەوڵ بدات بۆ نوێکردنەوەی و زیندووکردنەوە و چالاک کردنەوەی و ڕاگرتنی بەشێوەیەکی ڕاست و پاک.

لەکۆتایدا پێویستە ئاماژە بە قسەکانی (دۆستۆیڤسکی) بکەم، کە دەڵێت:

( ئەگەر خودا بوونی نەبوایە هەموو شتێک حەڵاڵ دەبوو). منیش لێرەدا دەڵێم: ئەگەر خوداش بوونی نەبێت، ئەوا ویژدان بوونی هەیە،

لێرەدا پیاوانی ئاینی و شێخەکان پێیان وایە کە بێباوڕەکان بێ ویژدان و ستەمکاری و نائەخلاقی و نا مرۆڤن. بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەی کافر و بێباوەڕ و غەیرە ئایینەکان لە ئەخلاقدا باشترن لە موسڵمانان و ئاینداره‌کان و لە ویژدانیشدا بەهێزترن. هەر بۆیە پێویستیان بە باوەڕکردن بە بوون و نەبوونی خودا نییە بۆ ئەوەی چاکە بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لە خراپە. چونکە ئاین بۆ مرۆڤی گەمژەیە،مرۆڤی ژیر و چاک و بە ویژدانی پێویستی بە ئاین نییە.

## بۆچی خودا ونە و دیار نییە...؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا........

وتیان: بۆچی (خودا)خۆی لە دروستکراوەکانی شاردۆتەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵک دەرفەتی ئەوەیان بۆ برەخسێت تا ئینکاری بکەن لە بوونی (خودا) یان ببێتە هۆی ئەوەی ئیمانیان لاواز ببێ و گومڕابن..؟

ئایا باشتر نەبوو (خودا) دەربکەوێت بۆ ئەوەی ئەوانەی بێ باوڕن باوڕیان بە بوونی (خودا) نییە رزگاریان بێت لە گومانی بێزارکەر و وەڵامدانەوە و بەڵگەی لاوازەکانی ئیمانداران..؟

زۆرجار بێباوڕەکان ئەم پرسیارانە دەکەن کە، دەوترێت:

١-ئەگەر خودا دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت.

٢- ئەگەر خودای گەورە بەندەکانی خۆش بوێت و پێویستیەکانیان بزانێت و یەکێک لە گرنگترین

پێداویستیەکانیان ئەوەیە کە باوەڕیان پێی هەبێت و پەیوەندی لەگەڵیدا بەهێزتر بکات..

٣-هەربۆیە  دەبێ بۆیان دەربکەوێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەموو گومانەکان بهێنێت لە بوونی (خودا)خۆی چونکە شاردنەوەی لێیان ڕەوا نییە چونکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی یان ناتوانێت دەربکەوێت یان خێری ناوێت بۆ بەندەکانی یاخود ئاگاداری پێداویستییەکانیان نەبێت یان ئەوەی کە (خودا) بوونی نەبێت.......... ...دە پێمان بڵێن با دامەزرین لە بێباوریدا.

لێرەدا زانایانی ئیسلام وەڵامیان داوەتەوە خودا تەنیایە و ئەستەمە دەربکەوێت و خۆی نیشانی بەندەکانی بدات، چونکە بەندەکان بەر جەستەن و ئەستەمە بۆ عەقڵ پێی بە بوونی خودا ببات، توانای هەر ئەوەندەیە لەڕووی هزرییەوە بەڵام (خودا) توانای بە سەر هەموو شتێکەوە هەیە وە زانایە بەوەی کە دەکرێت ڕووبدات، بەڵکو، لەبەر هیچ نیازێک نییە ، بەڵام لەبەر کەموکورتییەک لە دیوەکەی تر و کە هەرگیز ڕوونادات، وە لەبەر ئەم هۆکارەشبوو کە لە قورئاندا هاتووە کە خودا داواکاری نەوەی ئیسرائیلی

ڕەتکردەوە کاتێک دەیانگوت ئەی موسا (ئیمە باوڕ ناهێنین تا خودا بەچاوی خۆمان نەبینین، پاشان ئاگرێک یان دەنگێک لە ئاسمانەوە هات و هەموویانی کوشت و مردن وە ئێوە ئەو شتەتان بەچاوی خۆتان بینی و تەماشاتان دەکرد.).

جا لێرەدا هەرچەندە ئەم وەڵامەی لە قوئاندا هاتووە، لەڕووی فەلسەفیەوە عەقڵانی بێت ، بەڵام بۆ خەڵک بەگشتی عقلانی نییە، وئەگەر خودا مەبەستی مرۆڤەکانە، قسەیەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو قسەیەکی ئایینییە و ناتوانرێت پرسێکی ئایینی بە فەلسەفە یان بەڵگەی زانستی، و لە ئاییندا، شوێنی بکەیەوە، خۆ دەتوانن لە جیهانی مادیدا دەربکەون وەک چۆن ڕۆحی پیرۆز لەسەر شێوەی مرۆڤدا بۆ مەریەم دەرکەوت، یان جبریل لەسەر شێوەی (دیحیە ئەلکەلبی)دا دەرکەوت بەڕووی (محەمەد) د.خ لەسەربێت (بەپێی قسەی پیاوانی ئاینی ئیسلام) سەبارەت بە مەسیحییەکان، ئەوان لەم کێشەیە ڕزگاریان بوو بەوەی وتیان (خودا) لە توانایدایە خۆی نیشانی بەندەکان بدات و خودای ئێوەی خۆش دەوێت، لە

ڕاستیدا بۆیان دەرکەوتووە و لە جەستەی (عیسا) مەسیحدا خۆی نیشانداوە و بانگی کردوون بە ڕوون وئاشکرا تا باوەڕی پێ بکەن .

وە ئەم وەڵامە هەرچەندە لە وەڵامی پێشووتر باشترە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش قەناعەت پێکەر نییە، ئەگەر خودا توانای بەر جەستەبوونی هەیە، بۆچی لەم کاتەدا دووبارە بەجەستە دەرناکەوێتەوە بۆ ئەوەی گومانی ملیۆنان مرۆڤ برەوینیتەوە و دڵنیایان بکاتەوە ، وە ئایا نەوەی ئیسائیل کە باسیان کراوە لە قورئان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر کە ناوچەی فەلەستیندا ژیاون بەتەنیا ئەوان باشتر مرۆڤەکانی سەر ئەم خاکەن و مرۆڤەکانی تر شایەنی ئەوشکۆیە گەورەیە نین، وە ئایا گەورەیی و پیرۆزی ئەوان چییە بەسەر ئەوانی تردا..؟. هەربۆیە زیاتر درێژی نادەمێ.

بە بۆچوونی من ئەم بابەتە پەیوەستی بەوەیە کە چۆن لە خودا تێدەگەین و ئەم پرسیارە یان بۆچوونانە وەڵامی ئەو تێڕوانینە زاڵە لە نێوان باوەڕداران و خەڵکی ئاساییدا هەیە سەبارەت بە (خودا) وەڵام دەدەنەوە و کە ئەو دروستکەری جیهان و

بوونەوەرەکانە و ئەو هۆکاری بۆنیانە وەک چۆن خۆر هۆکارێکە بۆ ڕۆژ، واتە شتێکی جیایە لە دروستکراوەکانی تر، کەهەندێکیان بەئەگەری دەرکەوتنی(خودا) دەبینن و هەندێکیتریش بە وەهم و ئەفسانە دەیبینن، سەبارەت بە بوونگەرایی، ئەوا ئەمە بابەتە لە سەرەتاوە نابینێت، و سەبارەت بە تەنیای (خودا) ناتوانین باسی لە تەنیایی خودا بکەین بە وردی

لەسەر بنەمای ئەم دیدە، دەتوانرێت بڵێین خودا بۆ هەموو مرۆڤێک دەرکەوتووە لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە، واتە مرۆڤ،یان بوونی ویژدانی مرۆڤەکان.

واتە هەموو مرۆڤێک و هەر بوونەوەرێک خاوەنی بوونێک و جەوهەرێکی تایبەت بە خۆیەتی،و لە بوونەوەرەکانیدیکە بە جەوهەری تایبەتی خۆی جیا دەکرێتەوە نەک بە بوونی خودا، خودا لەناو هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، لە بنەڕەتەوە، کە ئەویش ئەوەیە لە بوونی مەعریفەدا کە لە ڕۆحی خۆیدا هەست بە بوونی خۆی دەکات.، وە ئەو ڕاستییەی کە تۆ خودا نابینیت چونکە لە نزیکەوە وابەستەی تۆیە و

لەگەڵ تۆدایە. وە لە ڕێگەی جەستە و هەستەکانتەوە ، و ناتوانیت بە چاوەکانت ببیبنیت،

وەک مەسیح دەڵێت :

شانشینی خودا لە دەروونی تۆدایە

لەدەرەوە بۆی مەگەڕێ ،ئەم وتەیەی (مەسیح)روونە چونکە بۆ بینینی خودا پێویستە خودا لە تۆ جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانی ببیبنیت، وە ئەگەر لە تۆ جیا بێتەوە تۆ یەکسەر دەمری واتا بوونی ئەو ڕۆحەی کە لە جەستەی تۆدایە خودی خودایە. چونکە بوونی تۆ پەیوەستە بە بوونی ئەو لە جەستەی تۆدا. (من)دەڵێت: خودا کاتێک لە تۆدا دەمرێت کە تۆ چاکەکار و دادپەروەر و بە ڕەوشت و پاک و مرۆڤ دۆست نەبووی.

ڕاستە ئێستا هەست بە بوونی خۆت و هەست بە سۆزەکانت دەکەیت و هەست بە بوونی خودا ناکەیت، بەڵام تۆ ئێستا وەک هێلکەیەکیت کە سپێرمێکی تێدایە یان مێوەیەک کە بە دارێکەوە وەیە، تا مرۆڤ نەچێتە ناو ئەم تویکڵە خودا نایدۆزیتەوە.واتا خودا کە ڕێگای

ڕۆحانی و خۆشەویستییە دەیدۆزییەوە، یان ڕزگاربوون لە خۆپەرستی و خۆ بەگەورە زانین کە وەک توێکڵی سەر ئەم هێلکەیە یان میوەیە وایی، وپاشان خودا دەدۆزێتەوە و هەستی پێدەکەی باشتر و بەهێزتر لە هەموو هەستەکانی تر.

لێرەدا شاردنەوەی خودا بەم مانای شاردنەوەی مرۆڤە دێت لە واقیعدا و ئەم شاردنەوەیە کاتییەی خودا یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی نا ئەخلاقیدا وە وادەکات کە مرۆڤ بە ئازادی بجولێت ئەوەی حەزی لێبێت ئەنجامی بدات ،وە یارمەتی بدات بۆ ئەنجامدانی گوناح و تاوان و کرداری نابەجێ. ئەم نەبینینە کاتییە دەبێتە هۆی ڕێپیدان و یارمەتی دەدات لە دەرهێنانی ویژدان و ئەخلاق لەناو خودی خۆیدا وە تواناکانی دەجوولێنێت و دەسەڵاتی پێدەدات بۆ ئەنجامدانی هەر کردەویەک کە ویستی لەسەر بێت.

## ئەقڵ لە ئیسلامدا...

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا.....

وتیان: ئیسلام زۆر چەخت لە عەقڵ دەکات و هانی عەقڵ و وریایی دەدات، وەک لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتووە کە دەڵێت:

(افلا یعقلون، افلا یتفکرون، ایات لاولي الالباب و.. (ئایا عەقڵ نابن، ئایا بیر ناکەنەوە، و بیرناکاتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خاوەن عەقڵ وزانین و تێگەیشتنن).

و...

هەروەها باسی لێوە کرا لە فەرموودەی پێغەمبەر کە دەڵێت:( یەکەم شت کە خودا دروستی کردبوو عەقڵ بوو، پێی فەرموو: (اول ماخلق الله العقل فقال له اقبل فاقبل وقال له ادبر فادبر فقال الله:وعزتي وجلالي ماخلقت خلقا افضل منک....الحدیث)وتا: (رازیبووم و زۆر پەسندە ، پاشان پێی فەرمووکارەکان بەڕێوە ببە بەڕێوەی بردووە، پاشان خودا فەرمووی: سوێند بە

گەورەی و هێزم بوونەوەرێکم لەتۆ باشتر دروست نەکردووە....

من لەسەر ئەم وتە و ئایەتانە چەند خاڵێک تێبینی دەکەم:

١-عەقڵ، هەرچەندە پێناسەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەست لێی ئەوەیە کە لەنێوان عاقل و داب و نەریت چی تێدەگەن کە ئەو دەسەڵاتەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە جیاوازی بکات لە نێوان ڕاست و هەڵە، چاکە و خراپ، سوودبەخش و زیانبەخش لە هەموو باروو دۆخێکدا ، وە دەزانرێت کە ئەم مانایە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکاندا مەبەست لێیەوە عەقلی ئاینییە، یان تایبەتمەندە بە باوەڕەوە، بەڵگەش قورئانە کە هەمیشە هێرش دەکاتە سەر بێباوەڕەکان کە

ئەوان تێناگەن، فێرنابن، گەمژەن ....هتد

ئەمە واتا قورئان گرنگی بە عەقڵ و وریایی نادات، بەڵکو تەنها گرنگی بە ئیمان و دینداریی دەدات، هەروەها لە دەقەکاندا ئاماژەی پێکراوە:

( ان دين الله لا يصاب بالعقول)واتا: ئایینی خودا کاریگەری خراپی لەسەرعەقل نییە.!!

٢-ئەگەر مرۆڤێک بەعەقڵی خۆی بۆی دەرکەوت کە مەسیحییەت لە ئیسلام باشترە ، یان ئەگەر بوونی خودای بۆ نەسەلمێندرا، بۆچی زانایانی ئیسلام فەتوای کوشتنی بۆ دەردەکەن چونکە لادەرە..؟

ڕەنگە زانایانی ئیسلام بڵێن ئەم کەسە عەقڵی خۆی بەکارنەهێناوە وبیر ناکاتەوە ، بەڵکو دوایی حەزو ئارەزووەکان کەوتووە وعەقڵی، عەقڵێکی شەیتانەیە...هتد.

من دەپرسم ئایا موسڵمانان کاتێک باوەڕیان بە ئیسلام هێنا، شوێن عەقڵی خۆیان کەوتوون، یان بەهۆی بۆماوەیی و پەروەردە و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە بووە..؟ ڕەنگە موسڵمانیش لە پێناو حەز وئارەزووەکانی یان لە ترسی ئاگری دۆزەخ و تەماحی بەهەشت و قیامەت، یان ترس لە ناڕەزایی کۆمەڵگا و تەماحی دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، باوەڕی بە ئیسلام هەبووبێت، کەواتە بەچ ئەندازەیەک پێوانەی بۆ دەکەی..؟

٣-ئەگەر ئیسلام هانی عەقڵ و وریایی دەدات، چی لەو دەقە زۆرەی دژبەیەکانەی ناو قورئان و فەرموودەکان بکەین، وەک قسەکردنی سلێمان لەگەڵ ئاژەڵان،و لافاو، و بەنداوی ذولقرنەین، یاجوج و ماجوج، و بەرزبوونەوەی پێغەمبەر لە ئیسرا و معراجدا بۆ بەهەشت لەسەر پشتی هێسترێکی باڵدار(براق)، و سەرکەوتن و دابەزینی جبریل لەگەڵ وەحی لە ئاسمانەوە، میزی وشترەکان، شیردانی گەورەکان و باڵی مێش، و خودا لەسەر تەختێکی دادەنیشی کە هەشت فریشتە هەڵیدەگرێت ،وە ئەوان ستەمکارو تۆڵەسەندنەوە و فریودەر و خۆبەزلزانە کە لە قڕکردن وکوشتنی ژن و منداڵ کاتێک باوەڕیان بە بانگەوازەکەی نەبووە.

٤- رەنگە بڵێن : ئەوەی لە دەقەکاندا لە پرسگەلێکن بە پێچەوانەی عەقڵەوە ئاماژەی پێکراوە لە نێو ئەو پرسە پەرستراوانەن کە تیایدا بوار بۆ عەقڵ نەماوە ، وەک دوو ڕکاتی نوێژی بەیانی یاخود بەرد بارانکردنی رەجمی شەیتان  و ماچ کردنی بەردی ڕەش لە کاتی حەجدا، لەو لاشەوە شێوازی دینداری شیعەکان کە

دەڵین: ئاسمان گریاو بۆ خوێنی ئیمام حسین، وەهەروەها دڕندەکانیش بۆ حوسێن دەگریان، وە (دە) ئیمامەکانتان قسەی لەگەڵ جن و

ئاژەڵەکاندا کردووە، وە خودا هەموو پێغەمبەرەکانی لە دلۆپەکانی ئارەقەی پێغەمبەر دروست کردووە، وە خودا هەموو شتێکی دروستکردووە لەبەر خاتری فاتیمەی کچی پێغەمبەر..و هەموویان لە دەقە شیعەکاندا باس کراون..؟

لەولاوەش نارەزایی دەردەبڕن لەئەوەی مەسیحییەکان دەڵێن (خودا) سێیە و نان و خواردنەوە لە ئێوارەخوانی پەروەردگاردا جەستە و خوێنی مەسیحە، وەهەوەها نارەزایی دەردەبڕن لە بەرامبەر هیندۆسەکان بە پیرۆزکردنی میزی مانگا، کەچی ئەوان دەڵێن ئەم بابەتانە لە ئایینەکەماندا هەیە و بە پیرۆزیان دەزانین.

کێشەکە لەوەدایە کە زانایانی ئیسلامی تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوەی عەقیدەکانی ئەوانی تر وشکاند و دەرخستنی کەموکوڕییەکانی ئایینی ئەو وانی تر کە لە دونیادا هەن. پیاوانی ئاینی یان شێخەکان عەقڵ بەکاردەهێنن و بۆ دروستکردنی دووبەرگی لەناو

مرۆڤەکان کە یەک خوایان هەیە ناچن عەقل لەناو ئایینەکەی خۆیان بەکاری بێنن.

٥- بەڵاو نەهامەتی گەورە ئەوەیە لە ئیسلامدا بوونی عەقل لە کردەووەکانیاندا ڕەنگ ناداتەوە تەنیا لە قسەکانیان نەبێت، لە بواری عەقڵی تیۆریدا پێمان وایە هیچ ئایینێک لە خورافات و قسەی بێ مانا دوور نییە چونکە باس لە بابەتی نەبینراو دەکات و خۆی لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەگونجێت نەوەک عەقڵیان. بەڵام ئێمە چی بکەین لەو حوکمانەی پێچەوانەی عەقڵی کردەیی مرۆڤ کە کاریگەری خراپیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەیە، وەک کوشتنی ئەوانی پاشگەز دەبنەوە لە ئاینی ئیسلام ،و تیرۆر،و وردوخاشکردنی مافی ژنان و ئەهلی کتێب و شتی تر کە ئیسلامیەکان دەیانەوێت لەم سەردەمەدا لە کۆمەڵگاکانماندا جێبەجێی بکەن...؟

دواییینیان ئەو بڕیارەی کە لەلایەن وەزیری داد(شەمری) لە حکوومەتی عێراق دەرچووە،وە بە پێشنیاری پیاوانی ئاینی و شیخەکان لە ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عیراق ،

که ڕێگە بە هاوسەرگیریی کچانی خوار تەمەنی یاسایی دەدات و ڕێگە بە باوک یان باپیرە دەدات کچە بچووکەکەیان، هاوسەرگیری بکات ، لەگەڵ پیاوێکی گەورەتر لە خۆیان  بۆ ئەوەی چێژی سێکسی لێوەربگرن و خانەوادەی کچە بچووکەکەش لەبەرمبەردا کەمێک پارەیان دەستکەوێت  ئەگەر تەمەنیان خوار تەمەنی ئاسایش بێت، وە مافی ئەوەی پێدراوە کە ئەم کارە ئەنجامی بدەن..! وە ئەوەی لەوەش خراپترە ئەم وەزیرە چووە مەزاری ئیمام عەلی لە نەجەف و کۆپییەکی نووسراوی ئەم یاسایەی فڕێداوەتە ناو پەنجەرەی مەزارەکەوە بۆ ئەوەی ئیمام بیخوێنێتەوە..!! ئایا خەڵکی عێراق مافی ئەوەی نییە لەم کارە قێزەونە، لەم وەزیرە شێتانە، و لەم حکومەتە تائیفییە تفێک لە رویان بکەن و شەقێک لە دەموچاوی بدەن..؟؟

تا کەی خەڵکی ژیر و خوێندەوارو چینی رۆشەنبیران لە عێراق و کوردستان لە بەرامبەر ئەم کارە ناشیرین شەرمەزارانەی ناو حکومەت بێدەنگ دەبن و تا کەی ژنان و کچانی عێراق و کوردستان بێدەنگ دەبن لەوەی

کە بەناوی یاسای شەریعەتەوە چی لە جەستە و شەرەف و کەرامەتیان دەکەن..؟ ئایا جیاوازی چیە لەنێوان کردەوەی ئەم وەزیرەی عیراق و ئەو شێخ و پیاوە ئاینیانەی ماف بەم کارە دەدەن،ئایا: عەقلی ئەم جۆرە کەسانە جیاوازی چی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە هیندۆسەکان دەیکەن وەک پیرۆز کردنی میزی مانگا و خواردنەوەی میزی وشتر وەک شیفاء لەلای موسلمانان..؟

لە ڕابردوودا بەدڵێکی سوتاوەوە پرسیارم دەکرد ئاخۆ کەی ئەم کوشتن و کوشتار و سەر بڕین و تیرۆرە لە عێراقدا کۆتایی دێت و بۆچی ڕۆژانە سەدان کەسی بێتاوان لە بازاڕ و ڕێگاوبانەکاندا دەکوژرێن.. وتم هەموو ئەم کاریگەرییەکان و تاوانەکانی بۆ ڕژێمی پێشوو بەعس دەگەریتەوە، بەڵام ئێستا شوێنکەوتووانی حزبی بەعس هەموویان لەناوچوون، بەڵام تیرۆر هەر ماوە و بگرە زۆر زیاتریش بووە لە سەردەمی بەعسدا کەمتربوو پێم سەیربوو ..!دووبارە جارێکی دیکە پرسیارەکە گەڕاویەوە ناو مێشکم: خوایە گیان تا کەی عێراق و کوردستان وگەلی عێراق

وکوردستان ڕۆژانە خوێنیان دەرژی، و دڵم لەگەڵیدا خوێن لێ دەڕژێت بۆ خێزانەکانیان و گەلەکەم ، وە دەبینم جەستەیان بە خوێنیان داپۆشراوە لە هەموو شوێنێک.. ؟؟ کەچی ئەمجارەشیان وەڵامم دەست نەکەوت، وە هەر جارێک ئەم پرسیارەم کرد وەڵامم دەست نەدەکەوتەوە و ناشگەم بە وەڵامێکی دروست ئەی خودای گەورە چۆن بگەم بەتۆ..! تا وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیەوە..!! لەناکاو دوێنێ شەو کاتێک سەیری فەیسبوکم دەکرد وەڵامەکەم دەستکەوت بینیم خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکردووە لە یەکێک لە شەقامەکان لەپێشەوەی خۆپیشاندەرانەوە پیاوانی ئایینی و چەند شێخێک وەک گورگ و دڕندەیەکی برسی، خۆیان وەک پێشەوای ئیمانداران نیشاندەدا ،

داوا لە حکومەت دەکرد کە یاسای باری کەسی (جەعفەر)ی کە شوێنیکی بڕیار بەدەستانی شیعەیە، کە دەسەڵاتی بەسەر دامەزراوە مەدەنییەکانی عیراقدا. داوایان دەکرد ئەم یاسایە پەسەند بکات،بۆ ئەوەی کچی بچووک لە پیاوی بەتەمەن مارە بکرێت..! وەک ئەوەی بڵێت یەکێک بە گوێمدا بچرپێنی و بڵێت تا ئەوانە

بمێنن... تیرۆر هەر دەمێنێتەوە. لێرەدا تا گەلی عیراق و کوردستان لە پاشماوەی عەقڵی ئەم شێخ و پیاوی ئایینی خۆپەرست و وهەوەست باز و گورگ و دڕندانە پاک نەکرێتەوە ، گەلی عیراق لە کوشت و کوشتار و تیرۆر رزگاریان نابێت.

## له نێوان فەتحی ئیسلامی و داگیرکردنی سەربازی..

له تێڕوانینی ئێمه و ئەواندا..

وتیان: فەتحەکانی ئیسلامی ئامانجی داگیرکاری و فراوانکردنی پانتایی خاک و تاڵانکاری و دەستبه سەرداگرتنی سەوەت و سامانی گەلانی دیکه نەبووه، بەڵکو مەبەست لێی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام و بڵاوکردنەوەی یاسا و بەرنامەی و شەریعەتی و دادپەروەری خودای گەورەیه. نەوەک خۆسەپاندنی به زەبری هێز و شمشێر و ترس و تۆقاندن، وەک ئەوەی نەیار ودوژمنانی ئیسلام بانگێشەوی بۆ دەکەن.

بەڵکو مەبەست لێی چەسپاندنی دادپەروەری و ڕزگارکردنی گەلانی چەوساوه و ژێردەستەیه له زوڵم و زۆرداری سوڵتانەکان و ڕزگارکردنیان له هێزەکانی تاریکی و ناپاکی، وەهەروەها بانگەشەکردنی خەڵک بوو بۆ ڕێگای ڕاست و رەوا و ئەگەر دەسەڵاتی ئیسلام لەم شوێنه باڵا دەستبوو ئەوا خەڵکەکه ئازادانه هاتوونه ناو باوەشەی ئاینی ئیسلام . ئەم کارەش هاوچەشنه

لەگەڵ بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی ئێستا، کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش ڕێگە بە دەستێوەردانی سەربازی دەدەن بۆ ڕزگارکردنی گەلانی چەوساوە ، وەک ئەوەی لە سۆماڵ و بۆسنە و ئەفغانستان و عێراق و لیبیا و کوێت ڕوویدا.

من دەڵێم: سەرەتا، پێویستە ئامانج و مافی دەستێوەردانی سەربازی بۆ وڵاتێکی تردا ڕوون بکرێتەوە و ئایا پاساوەکان ئەخلاقین یان نا ئەخلاقی.

ئێمە دەڵێین:

لێرەدا پێویستە کە بزانین حکومەتەکانی ئێستای سەردەمی مۆدێرن لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

١- شەرعییەتی خێڵەکی و سیاسی:کە حکومەت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگەوە بێت یان زۆرینە پێی ڕازی بێت دادەمەزرین.

٢- شەرعیەتی یاسایی دوای هەڵبژاردن:

که حکومەت دوای هەڵبژاردنی، کار بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان بکات و دادپەروەری و مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێت.

٣- شەرعییەتی نێودەوڵەتی:

بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانانی هەبێت، و پاڵپشتی بکرێت لە داگیرکردنی لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە.

لێرەدا چەند هۆکارێک هەن بۆ داگیرکاری:

١-هەر حکوومەتێک کە دادپەروەر نەبێت و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ڕەچاو نەکات، شەرعیەتی خۆی لە دەسەڵاتدا لە دەست دەدات، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوەش هاتبێت، وەک چۆن بەسەر ئیخوان موسلیمین لە میسر داهات، خەڵک مافی خۆیەتی شۆرش و ڕاپەرین بکەن و ئەو دەسەڵاتە دوور بخاتەوە.

٢- لێرەدا هەر حکوومەتێک شەرعیەتی ناوخۆی لەدەست بدات شەرعیەتی نێودەوڵەتیش لەدەست

دەدات، ئەمەش وا دەكات پارێزبەندی لە دەستێوەردانی دەرەكی لەدەست بدات.

٣- ئەگەر پاراستن و پارێزبەندی نێودەوڵەتی لەدەست بچێت، دەكرێت بەم مەرجانەی خوارەوە دەستی بەسەردا بگیرێت:

١-كاتێک زۆرینەی خەڵک داوای رووخانی بكەن،

٢- لێرەدا مەرجی دەستێوەردانی دەرەكی بە مەبەستی مانەوە و داگیركاری شوێنەكە نەبێت، وەک ئەوەی سەدەی ڕابردوودا ڕوویدا كە زۆربەی شوێنەكان داگیركران لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا و ئەسپانیا و ......هتد

٣-پێویستە بەمەرجێک بێت كە ئەم دەستێوەردانە بۆ قازانجی خەڵک و رزگار كردنی خەڵكەكە بێت لە ستەم ونادادی و سوودێكی باشیان پێ بگات. بۆ نموونە ئەگەر مێرد لە ژنەكەی بدات، دراوسێ مافی ئەوەی نییە دەستێوەردان بكات بۆ پاڵپشتی ژن ئەگەر بزانێت دەستێوەردانەكەی لێكەوتەی ترسناكی لێدەكەوێتەوە وەک جیابوونەوە یان كوشتنی ژنەكەی.

نەوەک کاتێک وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمریکا و ترکیا دەست تێوەردانی سەربازیان لە سووریادا کرد بەمەبەستی رووخاندنی رژێمی ئەسەد، و ئەم دەست تێوەردانەش بۆهۆی ئەوەی رووسیا و ئێران دەستێوەردانی سەربازی لە بەرژەوەندی رژێم (ئەسەد) دا بکەن و شەڕ لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێنن بە ملیونان کەس بێ ماڵ و حاڵ و ئاوارەی بێ ماڵ و حاڵبوون، وەهەروەها لەنەنجامدا ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک داعش وجەبهەی نوسرا دەستیان بگرن بەسەر دەسەڵات سووریادا دوای رووخانی رژێمی ئەسەد و گەلی سووریا بخنکێنن. ئێستا وەڵاتانی رۆژئاوا باش دەزانن کە رژێمی ئەسەد لە سووریا سەرەڕای نادادیی و ستەمکارییەکەی بۆ گەلی سووریا زۆر باشترە لە داعش و جەبهەی نوسرا و قاعیدە.

ئەمە دەرئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکی لەم وڵاتانەی کە ئاماژەم پێکرد، کە زۆربەی وڵاتان بە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیشەوە پشتیوانی لەو جۆرە دەستێوەردانە دەرەکیانەیان کرد بۆ ئازادکردنی کوەیت یان بۆ رووخاندنی رژێمی سەدام دوای ئەوەی خەڵک

داوای رووخاندنیان کرد و ئەوانیش زۆرینەی... گەلی ئێراقبوون لە کورد و شیعە و بەشێکیش لە سونەکان ،وە بەهامان شێوە لە بۆسنە و لیبیایە ،هەربۆیە بەم دەستدرێژییە عیراق یاسایی و شەرعیەیی نێودەوڵەتی لەدەستدا. دوای ئەوەی کوێتی داگیرکرد یان ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوویدا ، کاتێک قاعیدە هێرشی کردە سەر ئەمریکا و حکومەتی ئەفغانستان رەتیکردەوە بن لادن رادەستی ئەمەریکا بکات. ئەمەش زۆر روون و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە دەستێوەردانە سەربازییە تەنیا لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو لەگەڵ بەها ئەخلاقی و مرۆییەکانیش دەگونجێت، چونکە ئێستا جیهان وەک یەک گوندی بچووکی لێهاتووە زۆرجار دەبینین کە دەوڵەت کۆمەڵکوژی لە دژی گەلەکەی ئەنجام دەدات، کەچی هەندێک دەوڵەتی تر لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هیچ هەڵوێست و کاردانەوەیەکیان نابێت لە بەرامبەر ئەم دەوڵەتە وەهەروەها دان بە شەرعیەتی دادەنین و پەیوەندی لەگەڵیدا دروست دەکەن، وەک نموونەی ترکیا و ئێران و.....هتد.

وە کاتێک دێینە سەر باس و خواستی فەتحەکانی ئیسلامی هیچ کام لە پاساوی ئەخلاقی مرۆڤایەتی و بەهاکانی دادپەروەرییان تێدا نادۆزینەوە کە ڕێگە بە موسڵمانان بدات بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە، سەیرکە یەک کەس لە میسر و عێراق و شام و ئێران و....هتد نەهات بۆ ئەوەی داوای لە پێغەمبەر یان خەلیفەکانی راشدین بکەن بۆ پاڵپشتی ورزگارکردنی خەڵکی ئەو وڵاتانە، وە هیچ شۆڕشێک لە دژی پاشاکانیاندا نەبوو، وەک ئەوەی لە عێراق و لیبیا روویدا بۆ ئەوەی سوپای ئیسلامی بە هانایانەوە بێت. بەگوێرەی کتێبە مێژوویەکان فەتحی ئیسلامیش زیانی کەمتر نەبوو بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە لە حکومەتەکانی تر، وەک ڕشتنی خوێنی هەزاران پیاو و دیلکردنی سەدان هەزار منداڵ و ژن ،،..هتد بەجۆرێک کە مێژوو باسی یەک سەرچاوەمان بۆ دەکات، کە ئەویش ئەوەیە کە فەرماندەی... سوپای ئیسلامی لە باکووری ئەفریقادا زیاتر لە (٤٠٠) هەزار کچی وەک کەنیزەک نارد، بۆ خەلیفەی ئومەوی لە شام، وەک کۆیلە ، وەهەروەها سوپای ئیسلامی لە فەرمانڕەوایی کردندا بە بەزەیی تر

نەبووە لەچاو داگیرکاری سەربازی. وەک دەڵێن یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای فەتحی ئیسلامی کە

( خالید کوڕی وەلید) بوو، لە یەکێک لە فەتحەکان (مالیکی کوڕی نووەیرە) کە موسڵمان بوو هەر لەو شەودا دەستدرێژی سێکسی کردە سەر هاوسەرەکەی کە ناوی(لیلە)بوو یان دایکی تەمیم. ئەگەر خالد لەگەڵ شێخی خێڵێکی موسڵمان ئەم کارە بکات ئەی بۆغەیرە موسڵمان دەبێت چۆن بێت..؟؟ وەهەروها نموونەی خلافەتی عوسمانییەکانیش مێژوویەکەی دیار و روونە،لە بەرامبەر ئەرمەنییەکان و کوردەکان و لەسیدارەدانی (شیخ سەلام بارزانی)لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری موسل.وەهەروەها هەمووان دەسەڵاتی داعشمان بینی کە چۆن حوکمی ئەوناوچانەدەکرد کە لەژێر دەستەڵاتی خۆیدابوو کە چندین کوشتن و کوشتاریان کردووە کچەکانیان بە کەنیزەک برد و لە سەر شەقامەکان دەیانفرۆشنەوە وەک کەنیزە کرین و فرۆشتنیان پێ دەکرد.

جگە لەوەش سوپای ئیسلامی وڵاتەکانی رزگار نەکرد و پاشان دەسەڵاتی حکومەتەکە رادەستی گەلانی ئەو

ناوچانە بکات، بەڵکو لەو ناوچانەدا مایەوە و بۆ هەر ناوچەیەک فەرمانڕەوایەکی لە ناو موسڵمانانی عەرەب دەستنیشان کردوو و سپاندی بە سەر خەڵکەدا و بە زەبری هێزی سەربازەوە کونترۆلی ئەم شوێنانە کردوو و... باج و خەراجی بەسەر خەڵکەکەدا سەپاندووە و هەرکەسێک ئامادە نەبووایە باج و خەراج بدا دەیان کوشت و دەستیان بەسەر موڵک وماڵی دادەگرت.. و سەرەڕای ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییانەی سوپاس ئیسلامی کردوویەتی دژی گەلانی ناوچە کراوە ئەگەر بنووسریتەوە بەشی چەندین کتێب دەکات، وە لە کتێبەکانی سەرچاوە مێژوویە ئیسلامییەکان باس کراون.. دوای ئەمە چۆن دەوترێت فەتحەکانی ئیسلامی شەرعین و پاساوی ئەخلاقی دادپەروەرانەیان هەیە..؟؟

## چۆن له مافی خودا تێبگەین...؟

له تێڕوانینی ئێمه و ئەواندا...

موعازی کوڕی جەبەل خوای گەوره لێی ڕازی بێت...دەڵێت:

من و پێغەمبەر(محمەد د.خ)لەسەر بێت بەیەکەوه سواری سەر پشتی(کەر) ببووین و پێی وتم :

(ئەی موعاز ئایا دەزانی مافی خودا چییه بەسەر بەندەکانیدا و مافی بەندەکانی چییه بەسەر خودادا..؟) منیش وتم:

(خودا و پێغەمبەرەکەی باشترین دەزانن) وتی: مافی خودا بەسەر بەندەکان ئەوەیه که جگه لەخودا هیچ شتێکیتر نەپەرستن و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەن ،وه مافی بەندەکان بەسەر خودادا ئەوەیه که سزای ئەو کەسانه نەدەن که هیچ هاوبەشێک بۆ خودا پەیدا نەکەن.

وتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دەبێت ئەو مژدە خۆش بدەم بە خەڵک..؟ پێغەمبەر.د.خ فەرمووی: (لا تبشروهم فيتّكلوا)

واتا :(ئەم مژدەی خۆشیان پێ مەدەن با لێی پاڵنەدەنەوە)هەموو زانایان کۆکن لەسەرم ئەم فەرموودەیە.

جا لێرەدا من سەبارەت بەم فەرموودەیە چەند تێبینییەکەم هەیە:

١-یەکەم پرسیار کە دێتە مێشکی خوێنەری سەبارەت بەم فەرموودەیە ئەوەیە،ئەویش مافی ئەم ئاژەڵە بەستەزمانەیە، کە دوو پیاوی گەورە سواری سەر پشتی بوونەوە و کەچی(کەر) یەک سوار هەڵدەگرێت، وەک ئەوەی پێغەمبەر سەرقاڵی بیرکردنەوەبێت سەبارەت بە مافی خودا و مافی بەندەکان، بۆیە مافی ئەم ئاژەڵەی لە بیرچووە.

٢- پێغەمبەر د.خ، بۆ ئەم فەرموودەیەی، لەموعاد قەدەغە دەکات کە بۆ خەڵک بگێریتەوە، وەهەروەها چۆن موعاز سەرپێچی لەفەرمانی پێغەمبەر کردووە و

ئەم فەرموودەیەی ئاشکرا کردووە، هەروەها هەموو ئەوانەی ئەم فەرموودەیەیان گێراوەتەوە، وەک: البوخاری و موسلم و ئەوانی دیکە کە باسیان لەم فەرموودەیە کردووە، بەشدارن لەم ناپاکییە و سەرپێچییەو گوناهەدا.

٣- سەیرەکە ئەوەیە کە چۆن پێغەمبەر رێگری دەکات لەوەی خەڵک لەم مژدەیە ئاگاداربکەنەوە، کەچی لەقورئاندا دەڵێت:

(ان الله لا یغفر ان یشرک به ویغفر ما دون ذلک). واتە: (خوای گەورە تەنها ئەوانەی هاوبەش بۆ خودا بڕیاردەدەن خۆش نابێت، وە هەر کەسێک شەریک بۆ خوای گەورە بڕیار بدات، گومڕاو وێڵ بووە گومڕابوونێکی زۆر دوورو لە حەق دوورکەوتۆتەوە). وە ئەگەر مەبەستی ئەوە بووبێت کە خودا سزای ئەو کەسانە نادات کە شەریکی بۆ پەیدا ناکەن،و تەنانەت ئەگەر بکوژ و زیناکەر دزیش بێت.

ئەوە بابەتێکی سەیرە تەنانەت ناتوانی بە مرۆڤە گەمژەکانیش بڵێی ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە خودا ئازادی بەخشیوە بە مرۆڤەکان لە ئیمان وهابەش

و بێباوەڕیدا، وە گرنگی بەوە نادات ئەگەر مرۆڤەکە باوڕدار یان بێ باوڕ بێت، چونکە باشی و خراپی هی کەسەکە خۆیەتی خۆی ئازادە لەوەی پاداشتی دەوێت یان نا ، و مانای نییە سزای بدات لە بەر بێ باوەڕ ، سەرەڕایی ئەوەش ڕێگە نادات کە هێرش بکەنە سەر خەڵک و بیانکوژێت چونکە دروستکراوی خۆیەتی و هەر خۆشی خاوەنی مرۆڤەکانە.

٤- لە بنەڕەتدا خودا هیچ مافێکی بەسەر بەندەکانیدا نییە بۆ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت تاوانباریان بکات بەو کارە ، چونکە خۆبەخشانە ئێمەی دروست کردووە و ئێمەش داوامان لێ نەکردووە. ئەگەر شۆفێری تەکسی بەمەبەستی بەخشین یان خۆبەخشانە بە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ بگەیەنێتەماڵەکەت بەبێ ئەوەی تۆ داوات لێ کردبێت ، یان ئەگەر بۆیاغچییەک دەرگای ماڵەکەت بۆ بۆیاخ بکات بەبێ ئەوەی تۆ داوای لێ بکەیت، ئەوا مافی هیچ شتێکی نییە کە تۆ پێی ببەخشی..

وە لەلای خوداشدا هەمان شتە، ئەگەر ئێمە سوپاسی خودا بکەین و بیپەرستین ئەوە لەڕەوشتە باشەکانمانەوە و بەرزی ئەخلاقمان نیشان دەدات،

ئەگەرنا ئەو مافی ئەوەی نییە کە سزامان بدات ئەگەر ئێمە نەپەرستین و سوپاسی نەکەین. بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان ئێمە و خودا دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ئەخلاقی و ئەم پەیوەندییە ئەخلاقییە مرۆڤایەتی و ئەخلاقمان بەهێز دەکات. وەسەبارەت بە بیری ئایینی زاڵ، پەیوەندییەکە وەک پەیوەندیی کۆیلە لەگەڵ ئاغاکەیدایە، کۆیلەش دەبێت گوێڕایەڵی تەواوی فەرمانەکانی ئاغایەکەی بیت، وە ئاغا مافی ئەوەی هەیە کۆیلەکەی لەکاتی پێشێلکاریدا سزا بدات ، لە چەمکی مرۆڤ پەیوەندی نێوان ئاغا و کۆیلەدا . لێرەدا جیاوازییەکی زۆرهەیە لە لێکچوون، هەروەها بوونی دووبەرەکی لە نێوان خودا و بوونەوەرەکانیدا دەگرێتەوە و کە خودا لێیان جیا دەبێتەوە و دەیەوێت پیلانگێڕی لە دژی ئەواندا بکات، وەک ئەوەی لە مرۆڤدا بوونی هەیە دژ بەیەکتری.

٥- سەرلێشێواوییەکی ڕوون لە تێگەیشتنی ماف و دادپەروەری لەم فەرموودەیەدا هەیە، چونکە مافی مرۆڤە بۆ ئەوەی لە چەمکەکان تێبگات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی

بەڕێوەببات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تردا ڕێکبخات، لێرەدا (خودا)هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە.

لە حکومەتە مەدەنییەکاندا مافی کۆمەڵگا هەیە، کە مافێکی مەعقولە، ئەگەر تاکێک سەرپێچی بکات لە دژی کەسانێک یان ئاژاوە لە کۆمەڵگادا دروست بکات، ئەو کەسە شایەنی سزایەکی دیاریکراوە، سەبارەت بە حکومەتی ئایینی، چەندین سزای بێمانای دڕندانە هەیە کە نابێت ئەم سزایانە هەبێت، بەڵام ئەوان بە مافی خودای دەزانن وەک لە فیقهی ئیسلامیدا هاتووە، وەک بەردبارانکردن و بڕینی دەستی دز و کوشتنی بێباوڕان، داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی وڵاتەکان بە بیانوی جێبەجێ کردنی بەرنامە و یاسا و شەرعی خودا. لەڕاستیدا دروست نییە سوکایەتی بە تاوانبار بکرێت لە شکۆ و کەرامەتی کەمبکرێتەوە لەبەرچاوی کەسانی تردا، وەک لە حوکمی شەق لێدان لەبەردەم خەڵکدا لە حاڵەتی زینا و هەندێک سزادا. بەڵێ، کۆمەڵگا مافی ئەوەی هەیە ئەم کەسە بە زیندانیکردن، بۆ نموونە، یان غەرامەکردن، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە

دووباره ئەنجامدانی تاوانەکە. کۆمەڵگایەک مافی ئەوەی نییە بە زۆر ئایین و بیروباوەڕی خۆی بەسەر تاکێکدا بسەپێنێت یان بەسەر کۆمەڵگاکانی تردا، وەک چۆن فەقێناسەکان فەتوایان لەسەر ڕەزامەندی ئەو... گەورەترین بەدبەختی ئەوەیە کە ئەم مافەی خودا بۆ فەرمانڕەوای ئیسلامی و فەقێیان جێهێڵراوە بۆ جێبەجێکردنی.

(ان الله یزع بالسلطان مالا یزع بالقرآن)وات(خودا فەرمانڕەوایەک لەناو نابات مادەم کار بە قورئان دەکات) یان سوڵتان سێبەری خودایە بەسەر زەویدا وەک لە حاڵەتی سوننەدا، یان وەڵامدانەوەی بۆ ئەو وەک وەڵامدانەوەی خودایە وەک... لە کتێبەکانی شیعەکاندا، هەر بۆیە لە مێژووی ئیسلامدا چەندین حاڵەتی کوشتن و ئەشکەنجەدانی نەیارانی سیاسی یان کەسانی رۆشنبیر و تێگەیشتوو لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە کوژراون .بە فەتوای فەقییەکان و پیاوانی ئاینی  بە بیانووی مافی خودا.

## چۆن لە خۆشەویستی تێبگەین..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا....

مەسیح فەرمووی:

(تحب الرب إلهک من کل قلبک، ومن کل نفسک ومن کل فکرک. هذه الوصیة الأولی والعظمی، والثانیة مثلها، تحب قریبک کنفسک. بهاتین الوصیتین یتعلق الناموس کله والأنبیاء) متی(٢٢-٣٦-٤٠). واتە (خودا لەناخی دڵەوە تۆی خۆشدەوێت، زیاتر لەو خۆشەویستییەی بۆ خۆت هەیە وزیاتر لەوەی کە بیری لێدەکەیەوە ، ئەوە ڕاسپاردنی یەکەم و گەورەیە و دوو ڕاسپاردەیش هەر وەک هێ یەکەمە، کە دەڵێت: کەسە نزیکەکانت خۆشبوێت وەک چۆن خۆت خۆشدەوێت. ئەوە یاسای هەموو پێغەمبەران ).

لێرەدا من دەڵێم: خۆشەویستی بناغەی هەموو شتێکە، وە بنەمای ژیانێکی شکۆمەندانەیە بۆ مرۆڤەکان، ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە ژیان هیچ مانای و بەهایەکی نەدەبوو. وەهەروەها ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە

خودای گەورەش بوونەوەرەکانی دروست نەدەکرد، تەنها لە خۆشەویستییەوە دروستی کردوون، چونکە خودای گەورە خۆی لەخۆیدا خۆشەویستییە، وەک لە مەسیحییەتدا هاتووە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پیاوانی ئاینی و شیخەکانی ئیسلامی زۆرکەم لە قورئاندا باسی خۆشەویستی دەکەن مەگەر بە دەگمەن نەبێت، چونکە بیرکردنەوە کەلتوری ئیسلامییەکان بەم شێوەییە، نەوەک ئەوەی خودا ویستی لەسەرە، هەربۆیە بەندەکانی خودا لەترسان خودا دەپەرستن و نویژەکانیان دەکەن ، چاک و خێر دەکەن و کرنوش دەبەن، وەک ئەوەی لە قورئان باسکراوە، نەوەک لەبەر خۆشەویستی خودا.. خەڵکی دڕندە و خۆپەرست و برسی بیابان هیچ شتێک لە مانای خۆشەویستی نازانن ،

هەر بۆیە ئاینی ئیسلام ئاوێتە بووە لەگەڵ ڕۆحانیان چونکە لەگەڵ کلتوریان گونجاوە وە هەر ئەمەشە کاریگەری خراپی کردووتە سەر هەموو مووسلمانانی جیهان لە ڕێگای فتوایەکانی زانایەکانی عەربەوە. کەچی ئیمەی کورد لە کوردستان چەندین زانمان هەیە ،وەک

مستەفا زەڵمی و ناسری سوبحانی عبدالكریم ی مودەرس..هتد کە زۆر جەخت لە خۆشەویستی دەکەنەوە کەچی کاریکەرێکی ئەو تۆیان نەبووە لەسەر شێوازی ژیان بەحوکمی خۆشەویستی موسڵمانانی کورد بۆ زانایانی عەرەب. بە هەر حاڵ خۆشەویستی ڕەگ و بنچینەی هەموو چاکە و فەزیلەتەکانە،

وە لە هەمان کاتدا سەرچاوەی نەهامەتی و خراپەکاری وزوڵم و ستەمکاری و زەلیلی ژیانە، واتە مرۆڤ تەنیا خۆشەویستی بۆ خۆی دەوێت، جا لێرەدا چۆن مرۆڤ پەسند بکەین، لەکاتێکدا کە خۆشەویستی بۆ خودی خۆی زاڵە بەسەر خۆشەویستی بۆ خودا و مرۆڤایەتی، تەنانەت پیاوانی ئاینی و شیخەکان و بانگخوازانیش بەهەمان شێوە خۆیان لە هەموو شتێک لەلا خۆشەویسترە..بەڵکەش کەم لەپیاوانی ئاینی هەیە دوو ژن و سێ ژن و چوار ژن و ژیانێکی خۆشی نەبێت.

لێرەدا خۆشەویستی سێ جۆر هەیە:

١. خۆشەویستی ڕاستەقینە.
٢. خۆشەویستی ساختە.
٣. خۆشەویستی سروشتی.

ئەوەی لە قسەکانی عیسادا باسکراوە، پەیوەندی بە یەکەم جۆری خۆشەویستییەوە هەیە، کە خۆشەویستی ڕاستەقینەیە کە پەیوەندی بە خودی ڕاستەوخۆی مرۆڤەوە هەیە.

بەو پێیەی خودای گەورە نوێنەرایەتی مرۆڤ و جەوهەرەکەی دەکات، خۆشەویستی مرۆڤەکان لەگەڵ (خودا) خۆشەویستییەکی دوژمنانە نییە، بەڵکو بەتەواوی هاوڕا و هاوڕێیانەیە لەگەڵیدا،وە خودا و مرۆڤ یەک لق و پۆپیان هەیە لە خۆشەویستیدا ، نەک لەبەر ئەوەی خودا ئەوانی وەک منداڵی خۆی دروستکردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان هاوبەش و یەکگرتوون لەم ڕۆحیەی خودادا، و ئەم خۆشەویستییەیە کەسایەتی مرۆڤ بەئەندازەیەک بەرز دەکاتەوە بۆ بەرزاییەکانی کامڵبوون لە ئەخلاق و هێز و وەزە ،هەر ئەمەشە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی چاک و باش و ڕزگاری دەکات لە زیندانی خۆویستی

و خۆپەرستی خودی خۆی. هەر ئەم هۆکارەشە کە واڵە  مرۆڤ دەکات کە لە ئاسایش و خۆشی و ئاشتی لەگەڵ خۆی و کەسانی دیکەدا بژی، چونکە بە بەستنەوەی خۆشەویستی مرۆڤ بە خۆشەویستی خودا، خۆشەویستی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

- سەبارەت بە خۆشەویستی ساختە، پەیوەندی بە خۆشەویستی خۆپەرستانەی مرۆڤەوە هەیە ئەوەیش تێرکردنی بەشە ئاژەڵییەکەیە  کە بریتییە لە غەریزەکان و حەزووئارەزووەکان و بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەو گەیشتنە لەسەر حیسابی بەها ئەخلاقییەکانی خۆی کەسانیتریش بێت ئەوەی لەلای ئەو گرنگە بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، ئەو کەسە خۆپەرستییەکەی خۆی  لەناو بەرگێکی خۆشەویستی ساختە و درۆیەنەدا شاردۆتەوە ، بەڵام ئەم خۆشەویستییە ساختەیە و درۆیە ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشی بە کەسەکە نابەخشێت، بەڵکو وا دەکات بە بەردەوامی لە ئیرەیی ودووڕووی ودرۆ و دوژمنایەتی و ڕق وکینە ئەوانیتر تردا بژی. چونکە بە

خۆپەرستییەی دەیەوێت باڵادەستی بەسەر ئەوانی تردا بەدەستبهێنێت و چاکترین و باشترین شتەکان بۆ خۆی بێت، وە کاتێک ناتوانێت بەم ئامانجانە بگات، بۆیە، ئیرەیی، ڕق، دووڕووی، فێڵبازی،و درۆ ، لەکەدارکردنی کەسانی تر ، و دوژمنایەتی، لەناو ناخیدا گەشە دەکات و گەورە دەبێت. لێرەدا مرۆڤی خۆپەرست ڕەنگە بەئاشکرا دەرنەکەوێت، چونکە خۆی بە چەند ڕێگایەک دەشارێتەوە لە ژێر پەردەیەکدا، بەجۆرێک کە کەسەکانی بەرامبەر فریو بدات، بەجۆرێک خۆشەویستی و دڵسۆزی خۆی نیشان دەدات، وەک ئەوەی بڵێی کەسێکە خۆشەویستی بۆ ئیسلام و ئاین یان پێغەمبەر یان خەڵک، یان نیشتمان ،یان خوێنی شەهیدان، یان خاک،یان ئاڵا،یان حزبەکەی وەک ئەوەی هەموو ئەوانەی لە عەقید و بیروباوەڕەکەیدا، وە خۆشی دەوێت بەڵام کاتێک گیان و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێتە مەترسی ئامادەیە هەموو کارێکی نا ئەخلاقی ئەنجام بدات لەپێناوە بەرژەوەندییەکانی، کەچی خەڵک پێ وایە ئەم کەسە خۆپەرست نییە، بەڵکو لە خۆشەویستی خەڵکەوەیە.

سەبارەت بەجۆری سێیەم کە خۆشەویستی سروشتییە، لە پێداویستییە بایۆلۆژی و سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤەکان ڕنگ دەداتەوە، وەک خۆشەویستی دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان یان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، خۆشەویستی بۆ ژیان و جیهان و سروشت و هاوشێوەکانی، یان وەک ئەوەی کاتێک پیاو ژنێکی خۆشدەوێت و پاشان دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، ئەو جۆرە خۆشەویستییە نە ڕاستەقینەیە و نە سەختەیە، بەڵکو سروشتییەو پێویستییەکی جەستەیی و دەروونی لە کەسەکاندا دەردەکەوێت، وە لەوانەیە ئەم خۆشەویستییە لە نێوانیاندا دوای ماوەیەک کۆتایی پێت و ئەمجارەیان بەدوای ژنێکی تردا بگەڕێت، و زانایەکان ئەم خۆشەویستییە بە خۆشەویستی مێتافۆریکی (مجازی)ناودەبەن، و بە سەرەتایی خۆشەویستی ڕاست و ڕاستەقینەی دەزانن چونکە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە توێکڵی خۆپەرستیدا دەربچێت و ئەوانی دیکەی خۆشبوێت، ئەمەش لە دڵیدا هەست و سۆزی مرۆڤایەتی دەوروژێنێت. بەم شێوەیە، مرۆڤ دەچێتە ناو خۆشەویستی بۆ جوانییەکانی

سروشت و نیگارکێشان و پەیکەرسازی و مۆسیقا و خۆشەویستی بۆ گۆرانی و شانۆ وهاوشێوەکانی تر.

سەبارەت بە نموونەی خۆشەویستی ڕاستەقینە و ساختە، سێ جۆری هەیە.

١- نموونەیی خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەوەیە کاتێک مرۆڤەکە هەموو شتێکی لەپێناوی خۆشەویستییە بۆ کەسی بەرامبەر دەکات، نەوەک لەپیناو شتێکی تر، کاتێک مرۆڤەکانی خۆشدەوێت و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکات، چاوەڕێی هیچ پاداشتێکیان لێ ناکات، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی خۆشی دەوێت، وەک خۆش ویستی خۆ و منداڵەکانی، کاتێک ئاگاداریان دەبێتەوە، و خەرجیان پێدەدات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ چاکەیەک یان قازانجێکیان لێ بکات (وە خۆشەویستی منداڵان جۆرێکە لە خۆشەویستی سروشتی چونکە ئەو غەریزەییە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا بوونی هەیە)

لێرەداجیاوازیەک هەیە لەگەڵ خۆشەویستی ساختە، کە ڕەنگە پاڵ بەکەسەکەوە بنێت بۆ خزمەتکردنی خەڵک، بەڵام لەپێناو سوودە مادییەکان یان کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەم خزمەتە لە داهاتوودا قازانجی پێ دەگەینێت،

واتە کەسەکان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی سوود و قازانجەکانی خودی خۆی، کەچی کەس یەکەم  خۆشەویستی وەک ئامرازێک بەکار دەهێنێت بۆ هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا. واتە خۆشەویستییەکی چاکسازیخوازییە نەوەک بەرژەوەندخوازی.

٢-نموونەیەکی تری خۆشەویستی ڕاستەقینە هەستکردنە بە بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە کەسانی تر و هەوڵدانە بۆ یارمەتیدانیان و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان، بەپێچەوانەی خۆشەویستی ساختە، چونکە کەسی خاوەن خۆشەویستی ساختە هەست بە بەرپرسیارەتی و دڵتەنگی ناکات بۆ مرۆڤەکان، چونکە بیر لە پەرژەوەندە تایبەتییەکانی خۆی دەکاتەوە، ئاوشێوەی زۆری پیاوانی ئاینی و سەرکردەکان و حزبەکان،و کوتلەکان، یان تائیفی و هاوشێوەکانی.

٣- نموونەی سێیەمی خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەم خۆشەویستییە هەموو رەفتارێکی ئەخلاقی ڕاستگۆیی وچاکەکاری و بوێری و خۆبەخشی و شکۆ و بەها و دادپەروەری و هاوشێوەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت

بۆ ناو بازنه و سنوری خۆشەویستییەوە، له کاتێکدا خۆشەویستی ساختە، واتە خۆشەویستی خۆیستی و خۆپەرستی، وا لەکەسەکە دەکات کە بچیتە ناو هەموو خراپەکارییە نائەخلاقییەکانی وەک، درۆ، دووڕوویی،ڕیایی، ئیرەیی، ڕق وقینە و فێڵبازی هاوشێوەکانی، وەک لە سەرەوە باسمان کرد.

سەبارەت بە سەرچاوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە ، تەنیا سێ سەرچاوەی هەیە

(سەبارەت بە سەرچاوەی خۆشەویستی ، (ڕاستەقینە یان ساختە) وە ئەوانیش بریتین لە:

١-خۆشەویستی بۆ خودا،واتا خۆشەویستییەکی دۆستان وهاوڕێیانە لەگەڵ خودادا، وەک ئیبراهیم بۆ خوا یان مەسیحییەکان بۆ مەسیح یان بوداییەکان بۆ بودا یان شیعەکان بۆ ئیمامی علی و حسین ،یان زەردەشتییەکان بۆ زەردەشت نەوەک ئەو خۆشەویستییەی پیاوانی ئاینی بۆ محمد د.خ لەسەر بێت، ئەگەر بەڕاستی وابوایە دابا ڕۆحی مرۆڤایەتیان تێدا بەرجەستە ببایە مانای تەواوی بەشتەکان دابایە.

٢- بەکارهێنانی خۆشەویستی بۆ لاینەکانی چاک و بەخشندەیی وبنەما ئەخلاقییەکان.

٣- خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی.. ئەم خۆشەویستییە دەتوانرێت لە خۆشەویستی خودادا جێگیر بکرێن بە مانا عیرفانییەکە، و خودا ڕۆحی مرۆڤایەتییە و سەرچاوەی فەزیلەتە ئەخلاقییەکانە، بەڵام ڕەنگە هەندێک لە مرۆڤەکان باوەڕیان بە بوونی خودا نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستییەکی خودایانە و دڵسۆزانە میهرەبانییان بۆ مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی هەبێت. چونکە خۆشەویستی مرۆڤەکان ڕێگایەکە بۆ دەرهێنانی مرۆڤ لە پلەو پایە ئاژەڵییەکی بۆ ئاستی بەرزی مرۆڤایەتی و گواستنەوەی مرۆڤە لە ژیانێکی بێ ئەنجام و بێ ماناو پوچ بۆ ژیانێکی ڕاستەقینە وشایستە.

## چۆن هەست بە بەرپرسیاری بکەین..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا....

پێغەمبەر محمد دەفرمووێت: ( كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته ، فالإمام راع وهو مسؤول عن رعيته ، والرجل راع في أهله وهو مسؤول عن رعيته ، والمرأة راعية في بيت زوجها وهي مسؤولة عن رعيتها ، والخادم راع في مال سيده وهو مسؤول عن رعيته ، والرجل راع في مال أبيه وهو مسؤول عن رعيته ، فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته).

واتە: (هەمووتان پەرپرسن و هەمووتان بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی کارەکان، سەرۆک و بەرپرسیارە لە کارەکەی، باوک بەرپرسیارە لە بنەماڵەکەی و ژن بەرپرسیارە لە ماڵی پیاوەکەیدا و خزمەتکار بەرپرسیارە لە سەروەتی گەورەکەی و کوڕیش بەرپرسیارە لە پارەی باوکی . واتا هەر هەموومان لە شوێنی خۆمان بەرپرسیارین لە کارەکانماندا) هەموو زانایان لەسەر ئەم فەرموودەیە کۆکن..

لێرەدا دەردەکەویت ئەوەی لەم فەرموودەیەی (پێغەمبەر.د.خ) ئاماژەی پێکراوە، ڕەنگدانەوەی چەمکی بەرپرسیارەتی یاساییە بێت، کە بریتییە لەوەی پێویستە وەک قەرز کارەکەکانمان بە جوانی و ڕێکی و پێکی لەبەرامبەر کەسەکاندا ئەنجام بدەین، نووسەران و بیرمەندانی ئیسلامی لە چەسپاندنی بنەمای بەرپرسیارەتی لە ئیسلامدا زۆر بەگرنگی وستایشەوە باسی ئەم فەرموودەیە دەکەن وەهەروەها بە دەستکەوتێکی شارستانیانەی ئیسلام دەزانن، هەرچەندە ئێمە بە دەستکەوتی ئیسلامی بەسەر کومەڵگا و قوتابخانەکان نازانین، چونکە پێشی سەرهەڵدانی ئێسلامیش ئەم هەستەی بەرپرسیارەتی هەرهەبووە، چونکە هەر پیاوێک، کاتێک هاوسەرگیری دەکات ، هەست بەرپرسیارەتی دەکات لە بەرامبەر خێزان و ماڵ و منداڵەکانی ، هەروەها ژن و کرێکار و فەرمانڕەوا و ئەوانی دیکەش، تەنانەت زۆربەی ئاژەڵەکانیشدا ئامادەیی هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارەتەیان هەیە.

تاكە دەستكەوتی ئایین ئەوەیە کە بەرپرسەکە ،لە بەرپرسارەتی ئەخلاقی دەردێنیت و دەیخاتە ژێر چاودێری خوداوە، هەر بۆیە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات ، چونکە دەترسێت لەوەی لە دوارۆژدا لەبەردەم خودا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت لەسەر ئەوەی کارەکەی بەباشی جێبەجێ نەکردییە، نەوەک هەستکردن بە ئەکێکی ئەخلاقی لەبەرامبەر کەسەکاندان، چونکە ئەو کەسە پێیوایە کە زۆر بەئاسانی لەم سزایەی خودا رزگاری دەبێت ئەوەیش بە تۆبەکردن و داوای لێخۆشبوون ، یان بە فەتوای فەقێیەک یان بەچوونی حەج یان لەڕێگای فێڵێکی ئاینی و شەرعییەوە کە زۆر جار بینیومانە.... هتد،

لێرەدا چاودێری خودا بەس نییە ، ئەگەر چاودێری خودا بەسبایە ئەو هەموو حاڵەتی لادان و ستەم و فێڵبازی و ئەم هەموو گەندەڵییە و خراپەکاریە و پێشێلکاری ئیداری لەلایەن خەڵک و بەرپرسان و دەسەڵاتداران رووی نەدەدا، تەنانەت لە پیاوانی ئایینی و کەسانی دیندار و حیزبە ئیسلامیەکانیش دا بوونی هەیە..

ئەمە واتا ئەوەیە کە گرنگترین بەرپرسیارەتی ، ئەم بەرپرسیارەتییە کە بنەمای ئەخلاقی تێدا بەدی دەکرێت، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤایەتی لەپێناو مرۆڤدا و سەرچاوەی سەرەکی ئەم بنەما ئەخلاقییە هەستکردنە بەرپرسیارەتی ئەخلاقییە لەبەرامبەر مافی مرۆڤەکاندا. لێرەدا هەستکردن بە بەرپرسیارەتی ئەکێکی ئەخلاقی و ویژدانییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت بە بیانووی جۆراوجۆر خۆی لە جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان و بەرپرسیارییەتەکان بدزێتەوە. لێرەدا پێویستە ئەرکەکان بەئەخلاق و ویژدانەوە ببەستریتەوە و جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە بەرپرسیارەتییە بکرێت.جالێرەدا چەند بنەمایەک دەخەینە بەرچاو لە هەر یەکێک لە دوو جۆرانەدا:

بنەمای بەرپرسیارەتی یاسایی:

١- ئەم بەرپرسیارەتییە کەوتۆتە ژێرکۆنترۆڵی پاراستنی یاسا و یاسادانان، لێرەدا ئەرکەکانی سەرشانی لە بەرامبەر کەسانی تردا دەست نیشان دەکات.

٢- ئەم بەرپرسیارەتییە سنووردارە لە بازنەیەکی دیاریکراودا، واتە لە سنووری بەرپرسیارەتی خۆی فرەوانتر نابێتەوە بۆ ئەوانی تر.

٣- کاتێک کەمتەرخەمی دەکات لە کارەکەی، سەرزەنشت دەکرێت لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی کارەکەی بەشێوەیەکی رێک و پێک و هەست نەکردن بە بەرپرسیارەتی، وە لە رۆژی دواییدا تووشی لێپرسینەوە و سزا دەبێت لەلایەن پەروەردیگارییەوە. وەک قورئان دەڵێت:

(وقفوهم انهم مسؤولون.........) واتا (ڕایانبگرن و بەندیان بکەن بۆ لێپرسینەوە لە کردەوەکانیان بکەن چونکە لە دونیادا بەپرسیاربوونە، لە مافی مرۆڤەکان).

٤- چەمکی ناچارکردن یان بە زۆر پێکردن، واتە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ باوەڕمان بەوە هەبێت کە مرۆڤەکان ناچارن کارەکانیان جێبەجێ بکەن  وەک: غەزەلی و ئەلفخر الرازی و ئەلعشری کە زانایانی ناو ئیسلامن، وە فەیلەسوفەکانی تری ڕۆژئاوا و زانایانی بواری دەروونناسی باسیان لێوە کردووە، لێرەدا ئەم بەرپرسیار لە جێبەجێ کردنی دەکەوێتە چوارچێوەی

یاساکانی پاداشت و قەرەبوو کردنەوە لە بەهەشتی خودایی یان پاداشتی کۆمەڵایەتی ،واتا ئەو بەرپرسیارەتییە نا ئەخلاقییە و کە لەسەر بنەمای ئازادیی مرۆڤەکان واتا کەسەکە ئازادانە کارەکە ناکات بەڵکو قازانجێک پاڵی پێوەناوە بۆ ئەنجامدانی.

بە واتایەکی تر بەرپرسیارەتی لەبەرامبەر مافی مرۆڤدا پەیوەستە بە ویست و ئیرادەی مرۆڤ بێت، نەوەک بژاردە لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ویست وئیرادە و بژاردە، لێرەدا ویست و ئیرادە و ئازادی مرۆڤ دەکەوێتە چوارچێوەیەی ئەخلاقی، لە بەرامبەر جێ بەجێ کردنی کارەکان، وە خۆی لەبەردەم یەک ڕێگادا دەبینێتەوە ئەویش ئەنجامدانی کارەکەیە، وە لە ئایندا ئەم شێوازە وێنا دەکرێت، وەک هێڵی شەمەندەفەرێک. وە سەبارەت بە شێوازی بژاردە پەیوەستی بە بوونی چەند ڕێگایەکەوە هەیە، بەڵام بەشێوەی بژاردە جێبەجێکار پێوایە دوو ڕێگای لەبەردەمدایە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە یان گەیشتن بە ئامانجەکە یان خۆدزینەوە لە کارەکە، جا لێرەوە بەرپرسیارییەکەی قورستر دەبێت.

چونکە دەکرێت فێڵێکی شەرعی بدۆزنەوە و بەکاری بهێنن بۆ رزگاربوون لێی، وەک چۆن ئەم دیاردەیە لە کوردستان و عیراقدا هەیە کە دەبینین دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و عیراقییەکان و حیزبە ئیسلامییەکان و تەنانەت لە نێو پیاوانی ئاینییەکانیشدا، نازانێت کە ئەو هەموو ملیارەها دولارانەی پارەی میللەت بۆ کوی دەڕوات، لێرەدا ئەو بەرپرسیارەتییە هیچ لایەنێکی ئەخلاقی و ویژدانی تێدا نییە، چونکە ئەو بەرپرسیار دەکەویتە چوارچێوەی ئەخلاقی و پەروەردەیی ئەم کەسە لە رووی وێژدانەوە. لێرەدا کارێکی زۆر ناژیرانەیە کە خۆی فریو بدات.

- بنەمای بەرپرسیارەتی ئەخلاقی:

١- ئەم بەرپرسیارەتییە لە ژێر چاودێری هیچ شتێکدا نییە، بەڵکو هەستێکی یژدانی و ئەخلاقییە.

٢-تەنیا لە بازنەیەکی دیاریکراودا ناخولیتەوە یان لە بابەتێکی سنووردار لە جێبەجێ کردنی کارەکە بەڵکو هەموو لایەنێکی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ بەرپرسیارە لە هەموو کارەکان.

٣- جگە لە ویژدانی، هیچ کەسێکی تر نییە لێپرسینەوە لەگەڵدا بکات،بەڵکو خۆی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا دەکات لە بەرامبەر کەمتەرخەمی  لە کارەکانیدا، وەهەروەها سزای کەمتەرخەمی تێدا نییە جگە لە ئەرکی ئەخلاقی لەبەرامبەر گەورەیی مرۆڤایەتی.

٤-ئەم بەرپرسیارەتییە تاکە کەسییە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی نییە لەگەڵ کەسانی تر.

٥- ئەم بەرپرسیارەتییە پەیوەستە بە ئازادی مرۆڤەوە لە بەرامبەر کارەکانی ، ئەگەر ئازادی نەبوایە ئەم بەرپرسیارەتییە ئەخلاقییە بوونی نەدەبوو.

جالێرەوە لە نهێنی ئایین و شەریعەتی ئاینەکان، لەلایەن مرۆڤە ئایندارەکان تێدەگەین، ئەم جۆرە کەسانە دەترسن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی لەو شێوەیە و لە ئازادی هەڵدێن، وەک (ئێریک فرۆم) دەڵێت: پەنابردن بۆ ئاین، ئاسوودەیی ڕزگار بوونیان پێدەبەخشێت وە لە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە رزگاریان دەکات، کاتێک مرۆڤی ئازاد  شێوازی ژیانی هەڵدەبژێرێت و ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەی کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت شەریعەت بە هەموو وردە کارییەکانی وە ڕێگایان بۆ

دیاری دەکات، و تەنها دەبێت ئەم ڕێگایە پەیڕەو بکەن بەبێ ئەوەی بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرن، چونکە بەرپرسیارەتی لەبەردەم خودادا دەخەنە ئەستۆیی پیاوانی ئاینی . وە ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەی لەسەر خۆیدا ناهێڵێت، چۆنکە ئاین چەندەها ڕێگایان نیشاندەدات بۆ رزگاربوون لێی، و هیچیان نییە جگە لە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بەبێ ئەوەی بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرن، ئەوکاتە ئەم جۆرە کەسانە لەبەرامبەر پێیدانی (پارە)یان وەک تۆبەکردنێک و چاکە کردنێک لەگەڵ هەژاران یان حەجی ماڵی خودا و...هتد ،ئەوان پێیان وایە ئەم بەرپرسیارەتییە لەبەردەم خودادا، دەکەوێتە سەر ئەستۆی فەقییەکان و پیاوانی ئاینی..

قسەیەک هەیە کە دەڵێت:(کارەکەت بدە دەست زانایانی ئاینی لێ دەرچە بە سەلامەتی) بەم شێوەیە مرۆڤە ئاینداریەکان ئازادی و بنەما ئەخلاقیی خۆیان دەفرۆشن ،کە تاکە بەڵگە و نیشانەی مرۆڤایەتیانە ، لە پێناو بەدەست هێنانی ئاسوودەیییەکی وەهمی بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببێت لە بەرپرسیارەتی ئەخلاقی لەبەرامبەر مرۆڤەکاندا و لێ نەپرسینەوەی ویژدانی.

لێرەدا جیاوازی سەرەکی لە نێوان مرۆڤی دیندار و سۆزدار(وجدانی) دەردەکەوێت، کە سەیر دەکەی دەبینی دیندارەکان دەرخستنی کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و بەرپرسیارەتی لەسەر خۆیان لا دەدەن و دەیخەنە سەر ئەم و ئەو یان لەسەر بەخت و دووبەرەکی یان لەسەر چارەنووس و قەدەر و لەسەر داب و نەریت و کۆمەڵگا یان لەسەر حکومەت یان لەسەر هاوبەش و هاوسەر لە ئەگەری ناکۆکی و ململانێ و لە هەموو حاڵەتەکاندا بەرپرسیارەتی کەمتەرخەمی لە هەوڵەکانیاندا دەخەنە ئەستۆی کەسانی بەرامبەر و لەسەر خۆیان لیدەبەن. بۆ نموونە هیچ بەرپرسێک یان پیاوانی ئاینی هەیە لەکاتی کەم وکوری کەمتەرخەمیدا دەست لە بەرژەوەندییە مادديی یان دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت..؟.

لە کاتێکدا مرۆڤە سۆزدارەکان(وجدانی) تەواو پێچەوانەیە دیندارەکانن، ئەوان بەرپرسیارەتی هەموو کەم و کوڕی و شکستێک کاتێک لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات ئەگەر هاتوو کەسەکە خۆشی سەرچاوەی کەم کوری و کەم تەرخەمییەکە نەبێت، بەرپرسیاری لە

ئەستۆی خۆی دەگرێت، واتە دەرئەنجامەکانی هەڵەی ئەوانی تریش هەڵدەگرێت، چونکە پێیان وایە ئەم جیهانە، جیهانی خۆیەتی ئەم کۆمەڵگایەش، کۆمەڵگای خۆیەتی و ئەو بەرپرسیارە لە چاکسازیی وەک چۆن باوک هەست دەکات بەرپرسیارەتی ماڵ و خێزان و منداڵەکەی لە ئەستۆی ئەو دایە. بۆ نموونە بەهۆی وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک،وەزیری گواستەوەی وڵاتەکە دەست لەکارەکەی دەکێشیتەوە و داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانییان دەکات.

هەر بۆیە مرۆڤی سۆزدار (وجدانی) بە هۆی بوونی نادادپەروەری و زوڵم و ستەم و ناخۆشی و ئازاری لەکۆمەڵگادا بێدەنگ نابێت و هەڵویستی مەردانە دەنوێنی و لە خەم و ئازاردا دەژی وەک گومەڵگایەکەی تا چارەسەرییەک نەدۆزیتەوە ، لە کاتێکدا کەسانی تر بە ئاسوودەیی دەژین چونکە ژیان و باروودۆخی خۆیان لە خۆشی و باشی دایە.. ئەمەیە باجی ئازادی و بەرپرسیارەتی ئەخلاقی کاتێک مرۆڤ دەیەوێت مرۆڤ بێت، دەبێت باجی ئازادی و بەرپرسیارەتی مرۆڤبوونی بدات.

پێویستە پێش هەموو شتێک هەستی بەرپرسیارەتی ئەخلاقی لە نێو خەڵکدا وەک بناغەی هەر پرۆسەیەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت و لە کۆمەڵگادا زیندوو بکەینەوە، بەوەی کە هەریەکێک لە ئێمە، کاتێک کەم و کورِییەک دەبینێت، هەست بکات کە خۆی هۆکاری ئەم کەم کورییەیە ،بەم شێوەیە دەتوانێت رێگای گونجا بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورییەکان بدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر کەسانی تری تێدا تاوانبار بکات، یەکەم شت کە لەدەستی دەدات ئەوەیە کە بەدوای چارەسەردا ناگەڕێت بۆ چارەسەرکردنیان. ئەگەر بێت و کەسەکە دان بە هەڵی خۆیدا بنێت کێشەکە چارەسەر دەبێت کاتێک دەڵێت: من کەم تەرخەم بوومە،فشارە دەرکییەکان دەمدەبێتەوە، وەک ئەوەی لە کاتی کێشەو ناکۆکیدا لەنێوان هاوسەرەکاندا روودەدات، لەبری ئەوەی لایەنی بەرامبەر تاوانبار بکات، بەم شێوەیە ویستی بەرگری کردن لە لایەن کەس بەرامبەر کەم دەکاتەوە.

## وەهمی ڕاستی..

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

لە قورئاندا نووسراوە: (قُلْ هَلْ مِنْ شُرَكَائِكُمْ مَنْ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ قُلِ اللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ أَفَمَنْ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ أَحَقُّ أَنْ يُتَّبَعَ أَمَّنْ لا يَهِدِّي إِلَّا أَنْ يُهْدَى فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ). یونس:٣٥.

واتە: ئەی محمد پێیان بڵێ: (ئایا ئەو کەسانەی ئێوە کردووتانن بەشەریک بۆ خوای گەورە کەسیان هەیە بتوانێ ڕێنمایی خەڵکی بکات بۆ حەق بۆ دینی ئیسلام ، تەنها خوای گەورەیە هیدایەتی خەڵکی ئەدات بۆ حەق و ڕێگای ڕاست، ئایا خوایەک کە هیدایەتی خەڵکی بدات بۆ ڕێگای ڕاست ئەمە شایەنترە کە شوێنی بکەوی. یاخود کەسێک کە ناتوانێ هیدایەتی خۆی بدات تەنیا مەگەر تۆ هیدایەتی بدەیت تەنیا ئەگەر خوای گەورە هیدایەتی بدات کامیان شایەنترن بەوەی کە شوێنی بکەوی خوای گەورە یان کەسانیتر، ئێوە چیتانە چ

بڕیارێکە کە ئێوە ئەیدەن بەوەی ئەمانەتان کردووە بە شەریک بۆ خوا).

وشەی ڕاستی (الحق) لە قورئاندا (٢٨٣) جار دووبارە بووەتەوە، هەموو کات هانی مرۆڤەکان دەدات کە شوێن ڕاستی (حەق) بکەون، نەوەک پێچەوانەی حەق کە هەڵە و درۆیە (چ شتێک لە بەرامبەر ڕاستیدا هەیە جگە لە گومڕایی) لێرەدا مرۆڤەکان دوو جۆرن، یان باوەڕدار یان بێباوەڕ، و هیچ شتێک لە نێوان ڕاستی و گومڕاییدا نییە، ئەم کەلتوورە لە ڕابردوودا باوبوو تەنانەت لە ناو زانایان و فەیلەسوفەکانیش، کە ڕاستی گەورەترین ئامانجی مرۆڤ بووە، چونکە مرۆڤ لە ژیانیدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بگات بە حەق و ڕاستییەکان.

لەڕاستیدا مرۆڤ بەبێ حەقیقەت هیچ نرخێکی نییە، بۆ نموونە دەبینین شیعەکان بۆ کوشتنی امام حوسێن دەگرین ولەخۆیان دەدەن، چونکە لەسەر حەق بووە و (یزید)ش ناحەق بووە، کەچی سوننەکان کوشتنی امام حسێن بە ڕاست (الحق) دەزانن و ئەوان(یزید)یان لەلا پیرۆزە، لێرەدا بێ ئەوەی مۆسڵمانان بیربکەنەوە، کە

حوسێن بە ناڕەوا کوژراوە چونکە بەیعەتی بە (یزید) نەدا، چونکە ویستویەتی وەک مرۆڤێک بە ئازادی تەواو بۆ خۆی بژی، واتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە حسێن پەیڕەوی لە ئاینی حەقیقەت دەکرد و زاڵ بوو بەسەر ئاینی درۆدا ، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکەمیان ویستویەتی وەک مرۆڤێکی شکۆدار بۆ خۆی بژی، (یزید)ش ویستویەتی دەست بەسەر ئەم مرۆڤایەتی و شکۆدارییەی حسین و شوێنکەوتوانیدا بگرێت، بەڵام شیعەکانی بەگشتی پێیان وایە کە حسێن لە پێناو ئاینی ڕاست و ئیسلامدا کوژراوە. هەر ئەمەیە حەقیقەتە لە مێژووی کۆنەکاندا فەرامۆش کراوە لەلای مرۆڤەکان بێ ڕەچاوکردن حەقیقەت، بە پێچەوانەی قوتابخانەی عرفانەکان کە مرۆڤ دەباتە ناو حەقیقەتی ڕاستی.

بەڵام ڕووداوەکان هەموو سەراوژێربووە و گۆڕاون، وە بەم وتەیەشەوە، ئازادی و شکۆی مرۆڤ بنەمای ڕاستیە کە لەگەڵیدا دەسوڕێتەوە لە هەر شوێنێک بێت، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە مرۆڤ بێ ڕاستی و پاکی تەنها وەهمێکە کە خەڵکی بێ هەڵوێست پێی فریو دەدرێن، بەڵام چۆن ئەم هەڵگەرانەوە بەرەوو بەها و

ئازادی و چەمکەکانی ڕاستی ڕوویاندا، وە چۆن مرۆڤ دوای ئەو ڕاستییە کەوت، کەچی لەپێشتردا کۆیلایەتی لەلای هەندێک لە مرۆڤەکان شکۆ و گەورەی بوو..؟

لێرەدا چەند هۆکارێک دەست نیشان دەکەین:

١- ئەوەی ڕوویدا لەئەنجامی داڕمانێکی گەورەی سیستمی مەعریفەی ئایینی بوو کە بە هۆی گەشەسەندنی زانستی و دۆزینەوەکانی ئەم دواییانەی کە بە توندی دژایەتی وتەکانی ئایینی کرد لەم بوارەدا، بۆیە مرۆڤ دوای ئەوەی ئازادانە بیری کردەوە وئەقڵی خۆی دۆزییەوە بڕیاریدا لە چۆنییەتی کشانەوەی لە وەهمەکان و پیرۆزیەکان . وەهەروەها لە بوارە نەبینراوەکانی وەک بوونی خودا و فریشتە و جن و بەهەشت و دۆزەخ..هتد کەواتە بۆچی خۆی ماندوو بکات و توانا و وزەی بەفیڕۆ بدات لە پێناو بیروباوەڕە وەهمییەکان و بەم شێوەیە ئەم ژیانەش لەدەست بدات، و لێرەوە دەستی کرد بە شێوازەکان مرۆڤدۆستی یان ناوەندی گەشەکردن و پێگەیشتن و لەئەنجامدا مرۆڤایەتی سەری هەڵدا، لێرەدا خەمی ئازادی و ماف و شکۆمەندی مرۆڤەکان، لەسەر بنەمای ڕاستی لەپیناو

مرۆڤدا هاتە ئاراوە. کە پێشتر لەناو ئاییدا لەدەستیدابوو.

٢- فاکتەرێکی گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤی هاوچەرخ شاهیدی تیرۆر و کوشتنی بێتاوانی بە ناوی ئایینی حەق و راستەقینە و هەموو فەتحەکانی ئیسلامیشەوە بەهەموو کارەساتەکانی مرۆیی و جەنگە خاچپەرستەکان و شەڕی تائیفی و مەزهەبی کە روویداوە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا کە بەهۆی ئەم وەهمەوە کە پێی دەوترێت ڕاستی، کە هەموو ئاین ومەزهەبێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو لەسەر ڕاستییە، ئەوانی دیکە لەسەر درۆن، و دەبێت بەرەنگاریی درۆ و خەڵکەکەی ببنەوە، دەرەنجامەکەش ئەوەیە کە مرۆڤایەتی لە بانگێشەی ڕاستی جگە لە شەڕ و خوێنڕشتن و کارەسات هیچ شتێکمان نەدی کە پێیان وایە مرۆڤ بەهێز دەکات لەبری ڕاستی ، وەک وتەیەک هەیە کە دەڵێت: بە بەرهەمەکانیان دەیانناسیت.

٣- فاکتەری سێیەم لە زانستی هێرمێنۆتیک (زانستی لێکدانەوە)ی دەروونناسی و فەلسەفەی مۆدێرنی ئەلمانی سەلمێنراوە کە مرۆڤ ناتوانێت هەست بە

حەقیقەت بکات، چ زانستی یان ئایینی یان ئەخلاقی بێت، تەنها لەڕێگەی خۆیەوە نەبێت، ئەو لە دونیادا هەست بە هیچ شتێک ناکات  تەنیا ئەو کاتەی شتەکانی بۆ دەردەکەوێت، واتە بەبینی چاوەکانی خۆی نەبێت،وەک چۆن خۆی لە ئاوینە دەبینێت، زانا و فەیلەسوفەکان لە ڕابردوودا پێیان وابووە کە عەقڵی مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک وایە، کەهەموو ئەو شتانەی لە دەرەوە خۆیدا بوونیان هەیە لە ئاوینەکە دەیبینن و  ڕەنگ دەداتەوە بەبێ ئەوەی دەستوەردان لە خودی کەسەکە و عەقڵی بکات،  بەڵام بەو پێیەی کە   چاویلکەدار مۆدێرن جێگەی دیدگای کۆنی گرتەوە و سەلمێندرا کە هەموو مرۆڤێک لەڕێگەی چاویلکەیەکەوە جیهان دەبینێت کە ڕەنگاوڕەنگ کراوە بە ڕەنگی ئەو بیروباوەڕ و تێگەیشتنانەی پێشتر لە مێشکی مرۆڤدا هەبوون،  بەپێی  کات و شوێن و سەردەم، بەم شێوەیە فرە دەرگای بیرکردنەوەی دیدگا  لە هەموو شتێکدا دەکاتەوە، بە ئایین و مەزهەبەوە، و ئەمەش بوونی وەهمی و حەقیقەت پشتڕاست دەکاتەوە و پێگەی مرۆڤ بەهێز دەکات. دوای ئەمە، ئایا دروستە لەنێوان وەهمی حەقیقەتدا بمێنینەوە..ئایا دروستە لە

دووری حەقیقەتدا بژین..ئایا مەعقولە خۆمان ماندوو بکەین و ئەم وزەی هەمانە لە ژیان بەفیڕۆی بدین، خەریکە ئەوە بین ئاخۆ ئایینی ڕاستەقینە و عەقیدەی ڕاستەقینە کامەیەو چۆنە و ژیان و و مرۆڤایەتی خۆشبەختیەکانمان فەرامۆش بکەین..؟؟؟

## ئایا ئەسڵی ژیان چییە..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا.....

قورئان دەڵێت:(من عمل صالحا من ذكر او انثى وهو مؤمن فلنحيينه حياة طيبة ولنجزينهم اجرهم بأحسن ماكانوا يعملون)-النحل ٩٧-واتا: هەر کەسێک کردەوەی چاک ئەنجامبدا ئەگەر پیاو بێ یان ئافرەت بە مەرجێک باوەڕدار بێ ئەوا ئەیژێنین بەژیانێکی زۆر خۆشی بە قەناعەتە و ڕزقی حەڵاڵی پێ ئەدەین وە بەختەوەرو سەرکەوتووی ئەکەین لە دونیادا وە بە دڵنیایی لە بەهەشتیشدا بە باشترین شێوە پاداشتیان ئەدەینەوە بەوەی کە لە دونیادا کردوویانە.

وە لە ئایەتێکی تردا دەڵێت: (وما الحياة الدنيا الا لعب ولهو وللدار الاخرة خير للذين يتقون افلا تعقلون) الانعام ٣٢ واتا: ژیانی دونیا هیچ شتێک نیە تەنها یاری کردن و ڕابواردن و کات بەسەربردن نەبێ، بەڵام ڕۆژی قیامەت باشترین شوێنە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان ئەپارێزن لە شیرک و

تاوان وە ماڵی قیامەت باشترە بۆ ئەوانەی خواپەرستن ، ئایا تێناگەن).

ئینجیل دەڵێت: (لا یلج احد ملكوت الله من لم یولد مرتین).

واتا: هیچ کەسێک ناچێتە ناومەملەکەتی خوداوە ئەگەر دوو جار لەدایک نەبووبێت .

من دەڵێم: گومانی تێدا نییە کە هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا ئامانجی ئەوەیە کە بە باشترین شێوازو بەویستی خۆی و بەو پەری شادی و ئاسوودەیی دەروونی باشەوە بژی، واتە دەیەوێت ژیانێکی ماناداری هەبێت، نەوەک پوچ و بەتاڵ و بێ ئامانج بێت، ئەمەش بەواتای ئەوەی دێک کە مەبەست لێی ئەم ژیانە سروشتییە (بالۆژی)یە نییە وەک ئەوەی بڵێی مرۆڤ و ئاژڵ هاوبەشن لە ژیاندا، وەک ئەوی لە ئایەتی دووەمدا وەسفی ژیان بە یاری و سەرگەرمی ناوی دەبات، بەڵکو ژیانێکە کە بەهاداربێت و شایەنی ئەوەیە کە مرۆڤ تێدا بژی، وەک ئەوەی کە لە ئایەتی یەکەم دەربارەی ژیانی باش دەریخستووە، یان ئەوەی لە کتێبی مەسیحدا هاتووە کە باس لە لەدایکبوونی دووەم دەکات.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا چۆن لە مانای ژیان تێبگەین،وە چۆن ئەم ژیانی ئێستا بکەینە ژیانێکی باشتر و خۆشتر..؟

لێرەدا چەند تێڕوانین و دیدگایەک هەیە..:

١-دیدگای ئایینی سەبارەت بە ژیان:

کە لە ئایەتەکانی سەرەوە و ئایەتەکانی تردا ئاماژەی پێکراوە کە تێیدا هاتووە بەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بە ژیانێکی باش بگات تەنیا بە باوڕ و کردەوەی چاک نەبێت. وە لە ئایینی مەسیحیدا جەخت لە پەیوەندی لەگەڵ مەسیحدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ڕزگاری بێت و ژیانێکی باش و شایستە بەدەست بهێنێت بە لەدایکبوونەوەی دووبارە، و بەگشتی، باوەڕدار دەبێت، بۆ ئەوەی ژیانی باش بەدەستبهێنێت، وە بەشێوەیەکی گشتی پێویستە مرۆڤەکان هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە و بەهەشت ولە ئاگری دۆزەخ رزگارییان ببێت و ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئامانجی ژیان پێشوەختە دیاری کراوە و ئیماندار جگە لە ڕۆیشتن و جێ هێشتنی ئەم دونیایە هیچی شتێکی تریان نییە، بەپێی ئەو مەبەستەبێت کە

بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر و خۆشتر دارێژراوە و ئەمەش لەلایەک مرۆڤ رزگار دەکات لە گەڕان بۆ ئامانج و مەبەستی ژیانی دونیا و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای ڕێگاییێکدا کە مرۆڤ بەرەو ئەم مەبەستە ببات کە بەهشت و ڕەزامەندی خودایە. لێرەدادۆخێکی دژبەیەک لە نێوانیاندا هەیە، و لە هەر حاڵەتێکدا، ئەم مەترسییە لەم دیدە ئایینیەدا بوونی هەیە، جگە لەوەش هەموو مرۆڤە دیندارەکان لەم ژیانەدا هیچ هەوڵێک نادەن بۆ ئەوەی ژیانی دونیا باشتر و خۆشتر بکەن ،چونکە ئەوان ئاواتەخوازن لە ژیانی دوای مردن، ژیانێک بۆ ئەبد زیندووی وپڕ لە چێژ و خۆشی و خۆشگوزەرانی لە قیامەتدا بەدەست بێنن ، بۆیە دەبینیت دیندارەکان هەمیشە ئاواتەخوازی مردن دەکەن، وەک لە ئایەتی دووەمدا دەڵێت، وە ڕەنگە ئەم ئاواتەش بۆ مرۆڤی مۆدێرن تەنیا وەهم و خەیاڵ بێت، چونکە ئەو مامەڵە لەگەڵ بەرجەستە بووندا دەکات، نەوەک ژیانێکی تر کە بۆ هیچ کەس روون نییە کە ڕاستە یان وەهم. تەنیا هەندێک لە فەیلەسوفان و دینداران نەبێت کە باوڕیان پێی هەیە.

٢- دیدگای ماتریالیستی (مادی) ئەم جۆرە ڕەوت وقوتابخانەیانە هیچ باوەڕیان بە بوونی ڕۆحێک و جیهانی نەبینراو، یان لایەنەی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی نییە جگە لەمادییەت و غەریزە و ویستەکانیان نەبێت. ئەم جۆرە کەسانە ڕێنمایی و ئامۆژگاری مرۆڤ دەکەن، بۆ ئەوەی لە ژیاندا بە باش و بەختەوەری بژین، دوای ئەوەی خۆی لە ئایین و نەبینراو و چەمکە میتافیزیکیەکان ڕزگاری کرد، ئامانجێک بۆ ژیان دابهێنێت بۆ ئەوەی لە بێمانابییەکان ڕزگاری بێت، وەک کۆکردنەوەی پارە و سەروەت و سامان، یان وەرزشوانی و هەوڵدان بۆ بردنەوەی پاڵەوانێتی، یان زانا ، یان داهێنەر و دۆزینەوە، یان پراکتیزەکردنی خولیایەک یان ویستەکانی.. پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دادەمەزرێنێت یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو وەک مارکسیزم و ناسیۆنالیزم لە باوەش بگرێت، و تایبەتە بە داکۆکیکردن لێی و قوربانیدان بۆ ئامانجەکانی.

٣- دیدگای مرۆڤدۆستی، دەرکەوتنی هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی ڕۆشنگەری لە ڕۆژئاوادا،

وه له سه‌ده‌ی بیسته‌مدا زیاتر باو بوو، به تایبه‌ت له نووسراوه‌كانی (ئۆگست كۆمت) و (شیله‌ر) و (پراگماتیزمییه‌كان) و هه‌ندێك بوونگه‌رایی وه‌ك (مارسێل) و (ستایس) و ئه‌وانی تر.. ئه‌م ژیانه مرۆڤایه‌تیه و لایه‌نی گه‌ش تێیدایه بۆ ئه‌وه‌ی به ڕازیبوون و شادی بژی، وه گرنگ نییه ئه‌و باوه‌ڕداربێت به خودا یان بێباوه‌ڕ، چونكه ئه‌م جۆره مرۆڤه پێیان وایه كه (خودا) نموونه‌ی بالاترین و به‌رزترین و به‌هاكان و ئیراده‌ی باشی له مرۆڤدا داناوه، ئه‌مه‌ش مرۆڤایه‌تی یه‌كده‌خات و ڕۆحی برایه‌تی و خۆشه‌ویستی و قوربانی و هاوكارییان تێدا دروست ده‌كات، خودی مرۆڤایه‌تی ئه‌م جۆره كه‌سانه دووره له چوارچێوه و قالبه ئاینییه‌كان و ئه‌مه‌ش ته‌نها له ڕێگه‌ی خزمه‌تكردنی خه‌ڵكه‌وه ده‌توانرێت به‌ده‌ستبهێنرێت ، وه‌ك ڕه‌تكردنه‌وه‌ی خۆپه‌رستی و سوودگه‌رایی، و گرنگیدان به چاكه‌كردن له‌گه‌ڵ مرۆڤه‌كان و كه‌مكردنه‌وه‌ی ئازاره‌كان له كۆمه‌ڵگادا، ئه‌م خوده هاوبه‌شه و به‌ستراوه‌ته‌وه له نێوان هه‌موو جۆره مرۆڤه‌كاندا.

وەک (مایستەر ئێکهارت) دەڵێت: لە مرۆڤدا ناوچەیەک هەیە کە جێگەی هەموو مرۆڤەکانی تێدا دەبێتەوە، لەم جیهاندا، ئەم ناوچەیە ڕۆحە، و بۆ ئەوەی بەختەوەری بۆ ئەو بەدەست بهێنێت، دەبێت گرنگی بە بەختەوەری ئەوانی تریش بدات.

٤- دیدگای سۆزداری، کە لقێکە لە قوتابخانەی عرفانییەکان،کە پێیان وایە باوەڕبوون بە بوونی خودا پاڵپشتێکە بۆ ژیانێکی باشتر لە نێوان مرۆڤەکاندا و مانایەکی تەواو دەبخشێتە ژیان. بەڵام، ئەم باوەڕە مەرجێکی پێویستە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لە قوتابخانەی عرفانییەکان، کە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە باوەڕبوون بە خودا مەرجێکی پێویستە ئەویش کامڵبوونی ئەخلاقی و گەیشتن بە ژیانێکی باش. بەڵام دەبینین لە ئایینی بودا و مرۆڤایەتیدا بەڵگەی زۆر هەیە کە ئەم مەرجە پێویست نییە، تەنانەت ئەگەر بوونی باشتریش بێت، لێرەدا چەند خاڵێک باس دەکەم، لەوانە::

١- بەباوڕبوون بە بوونی خودا مرۆڤ زیاتر تێگەیشت لە چۆنییەتی دروستکردنی گەردوون و دروستکراوەکانی تر لەوی کە دونیا

بەڕێکەوت هاتبێتە بوون و ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەم دروستکەرە کە خودایە مرۆڤ بەتەنیا بەجێ نەهێشتووەتەوە، بەڵکو گرنگی بە کاروبارەکانی دەدات و یارمەتی دەدات لە سەختییەکانی ژیاندا، بۆیە باوەڕدار هەست ناکات کە تەنیایە لە بەرامبەر هێزەکانی خراپە و تاریکیدا یان لە ڕووبە ڕووبوونەوەی ناخۆشی و سەختییەکانی ژیاندا .

٢- ئەم باوەڕە پاساوێکی دروست دەبەخشێت بە مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەخلاقی بێت، چونکە خودا دەیەوێت ئەو کارە بکات، بۆیە دەبێتە هاندەرێکی بۆ ئەوەی ڕێگای ئەخلاق بگرێتە بەر وبەرەو فەزیلەت و کامڵبوون بڕوات و دوور بکەوێتەوە لە خراپەکارییەکان ، ئەگەر بەرژەوەندییە کەسییەکانی ناکۆکیش بێت لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانی تردا، لێرەشدا ئەو ئەخلاقییە سۆزدارییەی کە سەرچاوەی سۆزداری و مرۆییەکانە، جیاوازە لە ئەخلاقی ئایینی لە دیدگای یەکەمدا، کە لە پاڵنەرەکانی لەپاداشت و سزا لە قیامەت سەرچاوە دەگرێت.

٣- باوەڕبوون بە خودا باوەڕبوونە بە ژیانێکی تر بەهێزتر دەکات، وە مردن کۆتایی ئەم ژیانە نییە، وە کەسی سۆزداری دوای مردن ژیانێکی دیکەی بۆ دروست دەکرێ (بێگومان بوونی دۆزەخ، ئەم بۆچوونە گەشبینە پووچەڵ دەکاتەوە).

لێرەوە پێمان وایە بوونی ئامانجێکی ئیلاهی لە ژیانی مرۆڤدا باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باش و ئەمەش بەو مانایە نییە کە خودا ئەم ئامانج و ڕێگایەی بۆ کێشاوە وەک لە دیدگای ئایینی پێشوودا، بەڵکو ئەوە مرۆڤە سۆزدارەکانن کە ئامانج لە ژیانیدا بۆ خۆیان دروست دەکەن،

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دڵخۆشکەر تەنیا خودایە، واتە گڵۆپێکی سەوز لە ویژدانی خۆیەوە هەڵدەگیرسێنێت، و بەم شێوەیە دەتوانرێت وەڵامی ئەو مرۆڤدۆستانە و عەلمانییەکان بدرێتەوە کە باوەڕیان وایە کە بوونی خودا ئازادییان سنووردار دەکات و ئەو پاداشت و سزای خودایی ئەخلاقیان دەشێوێنێت، چونکە ئەم قسەیە ڕاستە وەڵامی دیدگای ئایینی

دەداتەوە وەک لە سەرەوە باسمان کرد، بەڵام وەڵامی دیدگای سۆزداری ناداتەوە.

جا لێرەدا مرۆڤ چ ئیماندار بێت یان بێباوەڕ، دەتوانێت شادی و هیوا و زیندوویی بۆ ژیانی خۆی دروست بکات، واتە مانا بە ژیانی خۆی ببەخشێت و بەهایەکی ئەخلاقی بۆ ژیانی هەبێت و ڕزگاری بێت لەو بێمانایی و دڵەڕاوکێ وترس و داهاتوویەکی تاریک ئەگەر بێت هەنگاو بنێت بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لەم سێ خاڵە:

١- پەیوەندی دڵ بە خوداوە بەجۆرێک کە لە کردار و ئەخلاقیدا لەگەڵیدا بژی و عاشقی ئەو بێت دوور لەو ئایین و دیندارییەی کە لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە چونکە ئێمە پێمان وایە دینداری دژایەتی ئازادی مرۆڤ و عەقڵی ئازادی دەکات و دەبێتە هۆی نامۆبوون و ئایدۆلۆژیا.

٢- بۆ ئەوەی ئامانجەکانت ببێتە ئامانجێکی مرۆیی لە ژیاندا، پێویستە جگە لە عاشقبوون بۆ مرۆڤایەتی هیچ ئامانجێکی ترت نەبێت، واتە بۆ خۆشەویستی مرۆڤایەتی بژی، وەک گرنگیدان بە هەتیو و هەژار و نەداران، یاخود پەیوەندی بەو دامەزراوانەوە بکەی کە

گرنگی بەو بابەتانە دەدەن و بەسەربردنی بەشێک لە کات و پارە و تواناکانی بەم شێوەیە بە خۆڕایی تەنیا لە پێناو مرۆڤایەتی و بەس.

٣- لێرەدا بۆ ئەوەی بە بەختەوەری و بە خۆشەویستی و سۆزداریدا لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بژی دەبێت دڵسۆز بیت، نەک لە پێناو ئیحترامێکی تێپەڕ یان بەرژەوەندی کەسیدا.

بەم شێوەیە کە سەیر دەکەی دەبینی خۆشەویستی توخمێکی هاوبەشە لەگەڵ لەم سێ ئامانجەدا و ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لە زیندانی خۆپەرستی ئازاد بکات، سەبارەت بە حاڵەتەکانی تری خۆشەویستی وەک خۆشەویستی بۆ پارە و سامان و سەرکردایەتی و... نازناوی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی چەسپاندنی خۆپەرستی لە مرۆڤدا و ئەو ئەم کەسە لەگەڵ ژیانێکی مەجازی و وەهمیدا دەژی، نەک ژیانێکی ڕاستەقینە.

## ئایا خودا حکومەتێکی ئاینی لەئێمە دەوێت یان شارستانی....؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا.......

وتیان: پێویستە هەوڵ بدەین دەوڵەتێکی ئایینی دروست بکەین کە یاسا و شەریعەتی ئیسلامی تیایدا جێبەجێ بکرێت و قورئان دەستووری ئێمە بێت، چونکە خودا دەفەرموێت: ( ان الحکم الا للە) واتا: (دەسەڵات تەنها بۆ خودایە).

وەهەروەها دەڵێن:

(ومن لم یحکم بما انزل اللە فاولئک هم الکافرون) واتا:(هەرکەسێک حوکم بەو قورئانە نەکات کە خودا دایبەزاندووە بێ باوەڕە).

چونکە لە کۆتایدا ئەم میللەتە چاکسازی لەناودا ناکرێت تەنها بە یاسای و شەریعەتی خودا نەبێت، واتە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئایینی...

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە پێش ئەوەی باسی ئەم بابەتە بکەین، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە ئایا: کێ مافی حوکمڕانی هەیە لە سەرم ئەم خاکە، خودایە یان مرۆڤ..؟ رەنگە ئەم پرسیارە لای دیندارەکان سەیر بێت، چونکە خودا دروستکەر و خاوەنی ئێمەیە و ئێمە بەندەی خوداین، بۆیە خودا مافی فەرمانڕەوایی هەیە، بەڵام بە کەمێک وردبوونەوە، هەڵەکان لەم نێوەندە ئاشکرا دەبێت،

لەڕاستیدا ئەوەی لێرەدا گرنگە چ کەسێک فەرمانڕەوایی دەکات..؟ واتە مرۆڤەکان دەبێت فەرمانڕەوای بکەن لە واقعدا نەوەک خودا،

وەک ئیمامی عەلی رەزای خودای لەسەر بێت فەرمووی کاتێک خەواریجەکان ئەم دەستەواژەیەیان بەکارهێناوە کە وتیان: (حوکم بۆ خودایە) فەرمووی: (کلمة حق یراد بها باطل الا وانه لابد للناس من امیر)وتا:( مەبەست لە وشەی (حەق) درۆیە، تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت مرۆڤەکان فەرمانڕەواییان هەبێت) لێرەدا هیچ کێشە نییە کە ئەو کەسەی دەبێتە فەرمانڕەوا لەوەی کە خودای گەورە ڕازی دەکات یان

نا، بەڵكو پرسیارەكە ئەوەیە كێیە ئەو كەسەی كە فەرمانڕەوای دەكات و ئەو یاسا و ڕێبازە چییە كە پەیڕەو دەكات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنێت.؟ لێرەدا دیدگای فەقێناسان لە دیدگای فەیلەسووف و بیرمەندانی مۆدێرن جیا دەكرێتەوە، كە فەقێناسەكان پێیان وایە كە خودا لە دەرەوەی مرۆڤەكانە، واتە خودا لە قورئان و سوننەتەكان دایە. لە كاتێكدا عرفانییەكان پییان وایە كە خودا لەناو مرۆڤدایە و نوێنەرایەتی خودی ڕاستەقینەی خۆی و مرۆڤایەتی دەكات، ئەمەش هەمان دیدگای مۆدێرنە هەروەها لەگەڵ ئەوەی كە ئەم دیدگایە نوێنەرایەتی بەهاكان و مافە سروشتییەكانی مرۆڤ دەكات...

بەم شێوەیە دەتوانرێت جیاوازی بكرێت لە نێوان حكومەتی ئایینی بە دیدگای فیقیەكان و حكومەتی خودای بە دیدگای فەیلەسووف و عیرفانیی و مۆدێرنیستی، فەرمانڕەوا لە دیدگای دووەمدا ئەو كەسێكە خەڵك هەڵیدەبژێریت بۆ حكومەت و فەرمانڕەوایی مەبەست لە حكومەت و فەرمانڕەوایی ئەوەیە كە خزمەتكاری خەڵكەكەی بكات بە شێوەیەكی

دادپەروەرانە، ئەم شێوازەش بە دڵنیاییەوە دەبێتە سەرچاوەی ژیان پڕ بەختەوەری و هەمیش ڕەزامەندی خودای گەورە بەدەست دەهێنێت لەهەمان کاتدا. چونکە ئەو کەسەیە کە مرۆڤی بە ئازادی دروست کردووە و ئیرادە و توانای پێبەخشیوە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت لە جیاکردنەوەی چاکە و خراپە، جوانی و ناشرینی.

نەوەک وابەستە و بەدوای بڕیار و سەرچاوە لایەنێکی دەرەوەی خۆی بکەویت، ئەم شێوازەش تەواو لەگەڵ حکومەتی مەدەنیدا دەگونجێت، لە کاتێکدا حکومەتی ئایینی خەمی جێبەجێکردنی شەریعەتیتی، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی مافی مرۆڤ و بەها ئەخلاقییەکانیش بێت، واتە حکومەتی ئایینی پێیوایە کە ڕەزامەندی خودا بەدەست دێنی ئەگەر مێژوویی (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر زیندوو بکاتەوە کە تێیدا ژیاوە و باسی قورئان و سونەتەکانیان لەگەڵ خەڵکدا بکات. سەبارەت بە حکومەتی مەدەنی هاوچەرخ ، پەیوەندی بە ڕەزامەندی خودای گەورەوە هەیە، کە لە قووڵایی ڕۆحی مرۆڤدا ئامادەیە .بەم جۆرە درۆی ئەو

ئیسلامیانەی کە خەلک فریو دەدەن کە دەوڵەتی ئایینی ئامانجی گەیشتنە بە ڕازیبوونی خودایە و دەوڵەتی مەدەنی مرۆڤ و تێدا باڵا دەستە و پێچەوانەی ویستی خودایە... ئەمە یەکەم.

دووەم: دەوڵەتی ئایینی لە ڕێگەی دەقەکانەوە ڕێگای عیبادەت دەگرێتەوە و دەوڵەتی مەدەنی و خودایی ڕێبازی عەقڵ دەگرێتەوە و لە شوێنی پێویستییە هاوچەرخەکان و مافە ڕاستەقینەکانی دەجووڵێت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤەکان نەوەک بە واتایەکی تر هەردوو حکومەت ئامانجیان جێگیرکردنی دادپەروەری ڕاستەقینە بێت نەوەک ئەو خزمەتگوزارییەی کە (دوو سەد ساڵ) پێش ئیستا مرۆڤەکان پێویستیان پێی هەبوو.

بەڵام دادپەروەری لە حکومەتی ئایینیدا پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، کەچی دادپەروەری لە حکومەتی مەدەنیدا پەیوەندی بە هەل و مەرجی ئێستاوە هەیە، وە ئاشکرایە کاتێک خودا فەرمان بە دادپەروەری دەکات ، مەبەستی ئەو دادپەروەرییەیە لە چەمکی داب و نەریت و مرۆڤی عەقڵانی لە هەموو سەردەمێکدا نەک ئەوەی

لێی تێگەیشتبوو، لە سەردەمێکی تایبەتدا و لە بەشێکی دیاریکراوی جیهاندا، چونکە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دادپەروەری وابەستەی کولتوری سەردەمەکەیە، ڕەنگە یەکێک لە حوکمەکان لە کەلتوری کۆنەکاندا دادپەروەر بێت، وەک جیاکاری لە نێوان مافەکانی  ژن و پیاو، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، ئاغا و کۆیلەکان بێت، بەڵام لە فەرهەنگێکی تر و کۆمەڵگایەکی تردا بە نادادپەروەری دادەنرێت کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و یەکسانی لەنێوان هەموو هاوڵاتیاندا لە سەر ماف و ئەرکەکاندا دامەزراوە.

سێیەم: ئەم بابەتە لەسەر خودی ئایین رەنگ دەداتەوە، هەر بۆیە دوو دیدگامان بۆ ئایین هەیە، یەکێک لەوانە ئایینێکی نەرم و جوڵاوە کە لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا لەگەڵ پێداویستییە ڕۆحی و جەستەییەکانی مرۆڤدا هاودەم دەبێت ، هەروەها ئاینێکی تر کە ئاینی ئیستاتیک و دێرینە کە لەگەڵ پێداویستی و ئاواتەکانی مرۆڤی هاوچەرخدا ناگونجێت، بەڵکو بانگهێشتی دەکات بۆ بەستنی عەقڵی و ڕەتکردنەوەی کەلتوری نوێ لە

هەموویدا بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون نەبوونە بە کەلتوورێکی کۆن بە هەموو فەتح و کۆیلایەتی و ئەقل لێ بردنی و بڕیارە دڕندەکانی دادگا و پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی مرۆڤەوەکان.

چوارەم: لەسەر ئاستی جێبەجێکردن و کارکردن، دەوڵەتی ئایینی دەوڵەتێکی سەقامگیر نییە و ناتوانێت ئاسایش و ئارامی بۆ گەلەکەی دابین بکات. چونکە فەتوای فەقێیەکان لەسەر هەموو پرسەکان جیاوازن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا هەیە،و ناکۆکی و ململانێ بەرهەمی دەهێنێت، کە ڕەنگە بگاتە شەڕی چەکداری، وەک ئەوەی کە لەئێستادا لە عیراق و ئەفغانستان و سۆماڵ و لە سوریادا لە نێوان گروپە چەکدارەکان هەیە، کە هەریەکەیان بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی ئیسلامی ڕاستەقینە دەکەن هیچیکیان ئەوی تری پێی ڕاست نییە، هەر ئەمەش شەپۆلێکی توڕەیی و ناڕەزایی و کوشتنی یەکتری لەنێو خودی دیندارەکان

لێکەوتووتەوە کە بە هۆیەوە ئەم هەموو زوڵم وستەمە لەخەڵک دەکەن بە ناوی حوکم و شەریعەتی خودا .

## ئایا شکۆی مرۆڤ لەخودی خۆیەتی  یان پێدراوە..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

قورئان دەڵێت: (ولقد كرمنا بني ادم وحملناهم في البر و البحر ورزقناهم من الطيبات(الاسراء٧٠)

واتا: (ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە وە لە وشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون وە جۆرەها خواردنی بەتام و چێژو باشمان پێ بەخشیوون).

وە لە جارنامەی مافی مرۆڤیشەوە هاتووە: کە باس لە شکۆمەندی مرۆڤ ومافی یەکسانی لە نێوان هەمووان و ئەندامانی خێزان و کومەڵگا و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا دەکات....

مادەی یەکەم: مرۆڤەکان لەدایک دەبن بە ئازاد و یەکسان و شکۆ و مافدا.

زانایانی ئیسلامی دەلێن لە قورئاندا هاتووە کە خودا شکۆی بە مرۆڤ بەخشیوە، هەروەک چۆن لە وشکانی و دەریادا هەڵی گرتوون وە جۆرەها خواردنی بەتام و

بەچێژی پێ بەخشیوون . جا ئەم شکۆیە ناتوانرێت پێ ببەخشریت یان لێ بسەندرێتەوە وەک ئەوەی لە فەلسەفەدا جێگیر بووە، شکۆمەندی بۆ مرۆڤ، یان ئازادی  بۆ مرۆڤ، ئەم شتانە لە ناو مرۆڤدا نین، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودا پێی بەخشیوە و ئەگەر بیەوێت لێی دەستێنێتەوە. ئێمە تائێستاشی لەگەل دابێت مرۆڤی کویلە لەماڵی پیاوانی ئاینی و موسلمانان دەبینی و شاهیدی دوو ئافرەت لە بەرامبەر یەک پیاو و هاوسەرکیری چوار ژن بۆ یەک پیاو و پیرۆزکردنی تەنیا موسلمان وە شکۆی تایبەتی لەلای خودا هەیە و کەسانی غیرە موسلمان شکۆی نییە ...هتد لێرەدا ئەگەر بڵێین شکۆ و گەورەیی لە ناو مرۆڤدایە یان ئازادی لە ناو مرۆڤدایە، ئەوا هیچ مانایەکی  بۆ خودا نییە بەوەی شکۆمەندی  یان ئازادی پێبدات یان لێی بسەنێتەوە، ئەم شکۆمەندییە لە مافی مرۆڤدا ئاماژەی پێکراوە کە دەلێت:

(شکۆمەندی بناغە و بنچینەی هەموو مرۆڤێکە).

ئەم پرسە بابەتی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی مرۆڤ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت،

بەڵام پێش ئەوە دەبێت ڕوون بکرێتەوە کە مەبەست چییە لەشکۆمەندی مرۆڤ، وەک مەرجێکە کە هەموو تاکێک هەست دەکات کە دەبێت ڕێزی لێ بگرێت و توڕە نەکریت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک سووکایەتی پێبکات و پێی بڵێت: تۆ (کەر) یان ئاژەڵی، هەست بە ناڕەزایی و سووکایەتی دەکات، یان کاتێک پێ دەڵێن تۆ درۆ دەکەی، لە ناوەوە هەست بە ئازار و ناڕەزایی دەکات چونکە درۆکردن پێچەوانەی شکۆمەندی خۆیەتی، یان کاتێک داوای شتێک یان پارە لە کەسێکی تر دەکات، هەست بە زەلیلبوون و شەرمەزاری و ریسوایی دەکات چونکە سواڵکردن پێچەوانەی شکۆمەندیی خۆیەتی، و لەوێدا شکۆ و شەرەف و گەورەیی دەبێت بە وەهم ئەوکاتە سەریان لێدەشێویت، وەک ئەوەی لە کەسانی خۆبەزلزان و خۆپەرستدا هەیە، کە خۆیان بە گەورەت و باڵاتر و شەرەفمەندتر و ئازیزتر لەوانی تر دەبینن و نیشانەکەی ئەوەیە کە هیچ کات خۆیان بەراورد ناکەن بە مرۆڤەکانی تر.

ئیسلام، لە زۆرێک لە حوکمەکانیدا، شکۆمەندی بۆ هەموو مرۆڤەکان دانانێت تەنیا بۆ ئیمانداران نەبێت

(ولله العزة ولرسوله وللمومنين) واتا (شکۆمەندی بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی و ئیمانداران) و ئەمەش سەپاندنی جزیە بەسەر ئەهلی کتێبدا دەگرێتەوە بۆ زەلیلکردنیان لە هەمان کاتدا ( تا ئەو کاتەی باجەکە بە دەستی خۆیان نەدەن زەلیل دەبن) وەک فەقییەکان دەڵێن کە کاتێک بەڵێنی پاراستنی سەر و ماڵیان پێ دەدین دەبێت جیزیە بدات بە فەرمانڕەوا، و دەبێت سەری شۆربکات و دەستی پارەکەی تێیدابێت، تا ئەو... فەرمانڕەوا لێی وەردەگرێت، بەجۆرێک دەستی بەرز بکاتەوە، تا دەیداتە دەست فەرمانڕەوا تا فەرمانڕەوای لێ وەر دەگرێت، وەهەروەها دەستی موسڵمان نزمتربێت لەدەستی فەرمانڕەوا، ئایا ئەمە زەلیلی نییە..؟ تەنانەت ئەگەر موسڵمانێک زینا بکات، بۆ نموونە ، لەبەردەم خەڵکدا شەق لێدەدرێت بەبێ ڕەچاوکردنی شکۆی ئەو کەسە، لە کاتێکدا سزای مۆدێرن هەموو شتێک قەدەغە دەکات کە ببێتە هۆی شکاندنی شکۆی تۆمەتبار، تەنانەت ئەگەر بکوژیش بێت پێویستە ڕێزی لێ بگیریت و شکۆمەندی پارێزراوبێت...هتد

ئێمە لە قوتابخانەی سۆزدارین (کە پەیوەندی بە قوتابخانەی عرفانییەوە هەیە ) دەبینین کە شکۆمەندی لە ناوەوەی مرۆڤدایە وەک لە ئازادییەکان، چونکە مرۆڤ لەناو خۆیدا ڕۆحی خودایی هەڵدەگرێت، جا چ لە کرداردا وەک باوەڕدارێک بێت یان بە زۆر وەک منداڵان، موسڵمانان کەرامەتی ناوەکی دەردەخەن لە مرۆڤدا، نەک لەبەر ئەوەی ئایەتەی لە سەرەوە باسمان کرد (و ئێمە ڕێزمان لە منداڵانی ئادەم گرتووە) بەڵکو بە ئایەتەکە (وەک ئەوەی کاتێک لە هەناسەم روحی خۆم پێدا، فریشتەکان کەوتنە سەر ئەژنۆ کورنۆشیان بۆ برد)، واتە سوجدەی فریشتەکان بۆ ئادەمە نەوەک تایبەتکرابێت لەجۆر وکەس و ڕەگەز، واتە بۆ هەموو مرۆڤێک، ئەم شکۆیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەم ڕۆحە ئیلاهی و مرۆییە لەناو مرۆڤدا هەیە، جا بە کردار بێت یان نا، هەموو مرۆڤێک شایەنی شکۆمەندی و ڕێزگرتنە وەک لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە، جگە لەو کەسانە نەبێت کە ڕۆحی مرۆڤییان لە ناو مرۆڤەکانی تردا کوشتووە، وەک تیرۆریست و بکوژی تاوانبار و ستەمکار، ئەوان هیچ کەرامەتێکیان نییە، چونکە سەرەتا ئەم ڕۆحە مرۆڤیانەی یان خوداییەیان

له خۆياندا كوشتووه، شكۆمەندييان له مرۆڤدا نەهيشتووه، چونكه ئێمه وتمان ئەو شكۆمەندييه ناتوانرێت له مرۆڤ زەوت بكرێت، چونكه مرۆڤ خۆيان خاوەنەی ئەو شكۆمەندييەن..زياتر ناچمه ناو وردەكارييەوه.

## جوانی ئابووری ئیسلامی..

له تێڕوانینی ئێمه و ئەواندا...

زانایانی موسلمان دەڵێن: ئەم شوێنانەی فەتح دەکرێن لەلایەن موسلمانەکانەوە ئیسلام دەبێته خاوەنی واتا: هەر خاکێک که له ئەنجامی جیهادی چەکداری له پێناو بانگەوازی خودا و ئیسلام رزگار کرابێت، وەک خاکی عێراق، میسر، ئێران، سووریا، و بەشه گەورەکانی جیهانی ئیسلامی هەر هەموویان دەبێت بەموڵکی گشتی هەموو موسڵمانان ، جا هەر کەسێک بیدۆزیتەوه ، چونکه بەدرێژایی مێژووی ئیسلام ئەو میللەتی و کەسەی که خاوەنداریێتی ئەم هەموو خاک و سەروەت و سامانه دەکات بەبێ ئەوەی جیاوازی بکری له نێوان موسلمانان هەمووان وەک یەک مافیان هەیه، و هیچ کەسێک بۆی نییه خاوەنداریێتی بستێک زەوی بکات وەک خاوەنداریێتی تایبەت.. ئەوەی هەیه هەر هەمووی موڵکی گشتی میللەته و وەقفه بۆ بەرژەوەندییه گشتیەکانی ئیسلام و موسلمانان،و میرات نییه بۆ هیچ کەسێک، واتا هی موسوڵمانێک نییه تا بگوازریتەوه بۆ

میراتگرەکانی، وە نافرۆشرێت چونکە وەقفەکە یان وەک ئەوەی پارچە زەوێک بدەی بە جوتیارێک بۆ ئەوەی قازانج بکەی لە بەرووبوومەکەی یان بە کری بداتێ.ئەم بابەتە لە کتێبی (ئابوری ئێمەدا) باسکراوە کە (محمەد باقر)نوسییەتی .( ل ٤٢٠-٤٣٠) ئەم قسەیە کۆی زانایانی سوننە و شیعەی پشتگیرییان کرد هەر هەموویان لەسەری رێککەوتن وە هەموویان یەک دەنگ و کۆکن و لەفتوایەکاندا بوونیان هەیە..

ئێمە لەسەر ئەم وتارە و باسانە تێبینیمان هەیە کە لەم کتێبەدا دوای ئەوەی ئابوری سۆسیالیستی و سەرمایەداری ڕەتکردەوە، دیدگای خۆی بۆ ئابوری ئیسلامی خستەڕوو کە باشترین بەدیل بێت بۆ وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە بواری ئابووریدا، کە لەسەروە باسم لێوە کرد. بەڵام ئایا ئەم قسەیە پەسند و گونجاوە ..؟ کە دەست بەسەر هەموو زەوی و خانووبەرە و موڵک و باڵەخانەی تایبەت بەخەڵکدا بگیرێت بۆ حسابی دەوڵەتی ئیسلامی و ببیتە وەقفی گشتی بۆ هەموو موسڵمانان، وەهەموو موسڵمانان باج و داهاتیان بدەن بە حکومەتی ئیسلامی..؟

- ئایا ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ ئابوری وڵاتە ئیسلامیەکان..وە ئایا کێشەیەک هەیە لە خاوەنداریێتی زەوی تا پیاوانی ئاینی بەم شێوازە چارەسەری کێشەکانی ئابووری پێ بکەن..؟ بەڵام ئێمە ژیانی مووسلمانان و وڵاتانی خۆرئاوامان لەبەرچاوە کە حاشا هەڵنەگرە.

- ئەگەر وایە بۆچی پیاوانی ئاینی رەخنە لە (مارکس) و ئابوری مارکسیستدا دەگرن، کە لەکاتی شۆرشی سوور بەسەرکردایەتی (لینین) ئەنجام دراو دەستیانگرد بەسەر ماڵ و موڵک و زەوی خەڵک وجوتیاراندا و خستیانەوە ژێر دەستی دەوڵەت، ئەمەش نارەزایی جوتیاران و شۆڕشگێرەکانی لێکەوتەوە لە سەردەمی لینیندا..؟ دوای ئەوەی سوپای سوور بەوپەڕی دڕندەییەوە شۆڕشی جوتیارانی لەت و پەت کرد، پاشان حکومەت ناچار بوو دان بە خاوەنداریێتی کەسی بنێت لەو خاکەدا.

-باشە ئەگەر وایە بوچی پیاوانی ئاینی لە کوردستان و عیراقدا داوا لە شوێنکەوتووان و لاینگرانیان ناکەن کە باجی سەر ماڵیان و زەوی و زارەکانیان بدەنە

حکومەت . کە خۆی بە میراتگری پیغەمبەر و زانایانی ئیسلام دەزانن..؟

ئایا پیاوانی ئاینی ئەوەی هەیانە کە بە میرات لە باوک و باپیرانییەوە بۆیان ماوەتەوە بۆ رادەستی دەوڵەتی ناکەن..؟ کەوایە هەرچی شوێن و مەزارگە و مزگەوت و پەرستگا هەیە هی دەوڵەتی ئیسلامییە کە لە عیراق و سوریا و میسر و هەیە هەر هەموو هی دەوڵەتە. ئەی بۆچی هەمووتان قۆرغ کردووە، و دروست نییە نوێژیان تێدا بکرێت مەگەر فەرمانڕەوای شەرعی رێگەی پێ بدات...؟

ـ پاشان کوا مافی هاوڵاتی لەم نێوەندەدا،کە مافی ئەوە نەبێت خاوەنی یەک بست لە خاک بێت لەکاتێکدا تیایدا دەژی، لە هەمان کاتدا دەبینێت کە کافرەکان خاوەنی زەویی و کۆشک و هەموو شتێکن لە وڵاتەکانیاندا . ئایا ئەم شێوازە ناڕەزایی موسڵمانان لە حکومەتی ئیسلامی ناوروژێنێت ئەگەر بیەوێت ئەم یاسایە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا جێبەجێ بکات.؟

– کەوایە بۆچی ئێرانی ئیسلامی ئەم یاسایە ئیسلامیەی لە ئێران جێبەجێ ناکات، هەرچەندە

فەقێیەکانی و پیاوانی ئاینی  ئێرانیش لەم مەسەلەیەدا هەمان بۆچونیان هەیە کە دەبێت هەموو شتێک هی دەوڵەتەت بێت.. ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم یاسایە ئیسلامیە، جگە لەوەی لە ڕووی تیۆریەوە ناماقوڵە، ناتوانێت جێ بەجێ بکات..؟

- پاشان تاوان نییە ڕێگری بکات کە ئێمە و ڕۆڵەکانی ئەم نەوەیە موسوڵمانان بۆ ئەوەی  نەبین بە خاوەن خانووبەرە..؟ تەنها لەبەر ئەوەی باوک و باپیرانمان ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە ئارەزووی خۆیان موسڵمان نەبوونەوە  وە  لەم سەردەمەدا شەڕیان دژ بە سوپای ئیسلام کردووە. ئەلقادیسیە لە باشووری عێراق، یان سوپای ڕۆم لە ڕۆما و یۆنانەوە هاتبوون و لە شام و کوردستان شەڕیان لەگەڵ سوپای ئیسلامی کرد..ئایا ئەوە پاساو دەدات بە دەستبەسەرداگرتنی هەموو زەوی وماڵی ئەو خەڵکەی لە گوند و شارۆچکەکانی ئەم وڵاتانە دەژین کاتێک... ئەوان نەیانتوانی شەڕ بکەن یان حوشتریان هەبێت تەنها لەبەر ئەوەی فارسەکان یان ڕۆمەکان شەڕیان لەگەڵ سوپای ئیسلامی کرد . خۆزگە تەنها سوپای ئیسلامی هەر    دەستی بەسەر

زەوی و زاردا نەگرتبا و باج و خەراجی لەخەڵک وەرگرتنا  و ژن و منداڵی وەک کۆیلەی موسڵمانان حیساب نەکردبا، خۆزگە  ئیسلام چارەسەرە بووبایە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەڵام ئایا لەپیشتردا کە باڵادەستبووە چارەسەربووە...؟  لێرەدا خۆزگە فەقێیە ئیسلامییەکان لە جیاتی ئەم جۆرە فەتوا گاڵتەجاڕانە بگرنەبەر، ئەم سێ خاڵەیەیان جێبەجێ کردبا.

١-ئەم پیاوانەی ئاینی کەتا ئێستاش لە سەردەمی شوان و بت پەرستی وعەقلیەتی باج و خەراجدا دەژین کە لە سەردەمی کۆندا زاڵ بوون و گرنگییان بەو گۆڕانکارییانە نەداوە  کە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا لە چەمک و بەهاکاندا ڕوویان دا وەک هاووڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، دیموکراسی و هاوشێوەکانی.

٢-پەردەی پیرۆزی کە لەسەر ئەم دەق و  نووسینە تۆزاویانە ڕادەماڵی کە ڕێگری لە بیرکردنەوەی ڕاست و دروستانە دەکات بە بیانووی ئەوەی ئەم دەقانە نوێنەرایەتی حوکمی خودا دەکەن کە گوایە هیچ باس و گومانێکی لەسەر نییە.

٣-هەوڵدانە بۆ کێبرکی لە نێوان ئایینی ئایدیۆلۆژیا وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر بە بوونی ئایدۆلۆژیای بە تایبەت مارکسیزم و سۆسیالیزم، واتە ترسی ئەم فەقێیان و زانایانەی ئیسلام نەوەک کەلتوور و قوتابخانە مۆدێرنەکان زاڵ بن بەسەر عەقڵی گەنجانی موسڵماندا و لە ئەنجامدا ئەوان دوور کەونەوە لە ئیسلام و ئەمەش مانای گۆڕینی ئایینە بۆ ئایدۆلۆژیا، لێرەدا ئەوەندە بەسە پێویست بە روونکرنەوەی زیاتر ناکات.

## ئایا کێشە لە تیۆر دایە یان لە پراکتیزەکردن..؟

لە تیڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

ئیسلامیەکان دەڵێن: کێشە لە پراکتیزەکردندایە، واتە ئیسلام ئایینی خودایە بۆ مرۆڤەکان

(ان الدین عند الله الاسلام) ئەوە ڕاست و دروستە کە لە هەموو و دەق و حوکمەکاندا باسکراوە، بەڵام کێشەکە لێرە دایەکە مووسڵمانان و پیاوانی ئاین و ئیسلامییەکان بەڕاست و دروستی ئەم دەقە بەکار ناهێنن، وە لە ڕاستیدا ئەوانە نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە ناکات وسەرئەنجام حکومەتێکی ستەمکار و نادادپەروەر و پڕ لە تاوان و تیرۆر و کوشتن بەناوی ئیسلامەوە لێ دەکەوێتەوە ،بینمان لە ئەنجامدا چۆن دەستێوەردانی دەرەکی و دوژمنانی ئیسلامی لێکەوتەوە کە بۆ هۆی لە لەکەدارکردنی ناوبانگی ئیسلام و موسڵمانان و وروژاندنی شەڕ و ململانێی تائیفی و مەزهەبی لەنێوانیاندا.

عەلمانییەکان دەڵێن: بەڵکو کێشە لە تیۆرە دایە، چونکە ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە ئاخۆ تیۆرەکە ڕاست و دروستە یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا شکست دەهێنێت لە ئاستی کارپێکردنداو بەدیهێنانی دادپەروەری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ڕاست و دروست ،بە تێپەڕبوونی زیاتر(١٤٠٠) ساڵی کوحمی ئیسلام لەکاتی فە تح و جیهادا لە زوڵم و کوشتن و تاوان ستەم دوورنەبوو ، کە واتە دەبێت بارودۆخی حکومەتە ئیسلامییە کانی ئێستا چۆن بێت ، و مێژوو باشترین شاهیدە بۆ وتنی ڕاستییەکان.

لێرەدا بۆ ئەوەی دادپەروەرانە باس لە بابەتەکە بکەین، چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو:

١- کاتێک دەمانەوێت حوکم لەسەر هەر تیۆرێک و ئایین و عەقیدێک بدەین، لێرەدا پێویستە باسی سێ ڕێگا یان نموونە بکەین...

١-نموونەی عەقڵانی کە پەنابردنە بۆ عەقڵ و ژیری لە ڕێگەی بەڵگەوە بۆ بسەلماندنی ڕاستی و دروست یان ناڕاستی و نادروستی ئەم تیۆرە یاخود فێرکارییە ئایینییە.

٢- نموونەی پراکتیکی (پراکتیزم) بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم تیۆرە یان ئایینە لەسەر ئاستی کار و جێبەجێ کردنەوە بۆ نموونە دەپرسین ئایا ئاینی ئیسلام لە پەروەردەکردنی مرۆڤەکاندا سەرکەوتوو بووە یان نا..؟

٣- نموونەی مێژوویی، کاتێک ئێمە چیرۆک و مێژووی ئایینی ئیسلام دەخوێنینەوە و لەم ڕێگەیەوە حوکمی لەسەر دەدەین و لێرەدا ناکرێ بڵێین ئەم مێژووە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات وەک چۆن پیاوانی ئاین وسونە و شیعەکان دەڵێن کە موسڵمانان دوای مردنی پێغەمبەر لەڕێبازی ئیسلام لایانداوە و هەر بۆیە ئەم مێژوویە لەسەر ئیسلام حیساب ناکرێت وئەم مێژووە نوێنەرایەتی مێژووی ڕاستەقینەی ئیسلام ناکات، چونکە ناوبانگو وێنەی ئیسلامان شێواندووە و لەکەداریان کردووە. چونکە لەم وێنەیەدا میتۆدی یەکەم و کۆتا تێکەڵ کراوە، ئەمەش بەپێچەوانەی لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە لێکۆڵینەوە و ڕووداوەکاندا دیبینین، بە بەدرێژایی مێژوو .

سەبارەت بە یەکەمیان کە شێواز یان نموونەی عەقڵانییە، لێرەدا ڕەنگە هەندێک لەبابەت و حوکمەکانی ئیسلام لە عەقڵدا قبوڵکراو بن، وەک بانگەواز بۆ یەکتاپەرستی و بوونی یەک خودا، و ڕەتکردنەوەی هاوبەش بۆ خودا،و جەختکردنەوە لەسەر نەهێشتنی چینایەتی و نەتەوەیی و لە نێوان موسڵماناندا و هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، و شکۆمەندرین کەس ئەو کەسەیە کە لەهەموویان پابەندتر و خوا پەرسترە، وە چەسپاندنی دادپەروەری، و ڕەتکردنەوەی نادادپەروەری، جەختکردنەوە لەسەر کاری باش و پاڵپشتیکردن لە ڕاست ودروستی و ئەنجامدانی کاری باش و دوور کەوتنەوە لە خراپە و بەدڕەوشتی و قەدەغکراوەکان...هتد

سەبارەت بە دووەمیان کە شێواز و نموونەی پراکتیزە کردنە، دەپرسین: ئایا ئیسلام لە پەروەردەکردنی مرۆڤی چاکەکار سەرکەوتوو بووە یان نا..؟ ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئیسلام لە بەشێکی کارەکەدا سەرکەوتوو بووە لە کردەوەی چاک، واتە هەندێک لە موسڵمانان بە تایبەت داناکان و چاکسازیخوازان و کەسە باشەکان لە

ڕێگەی ئەم ئایینە، لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە،وەک: باوکی (زەر)،و (ئیمام عەلی)و (عومەر عبد عزیز) و(ابو بکر) و(ئیمام عومەر) هاوشێوەکانیان، کە کاری باشیان ئەنجامدا و لە بەرامبەر نادادپەروەری وەستان و بەرگرییان لە ستەملێکراوان کرد و تا ئەمڕۆش وەک ئەو خەڵکەی کە بەرامبەر ستەمکارییەکانی (رژیمی بەعس) وەستانەوە و پاشان رژێمی بەعس دەستگیری کردن و لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دران و لە سێدارە دران چونکە ستەمیان ڕەتکردۆتەوە و بەرگەی ئەشکەنجە و زیندان وسیدارەیان گرت بە پاڵنەری ئاینی یان سیاسی یان نیشتمانی و مرۆڤایەتی. بەڵام هەر ئەم فەرمانڕەوایەی کە خۆی پێ ئیسلامە،کە لە ئێران بە حیساب شۆڕش لە دژی ستەمکاری و مەزهەبی کرد و لە ئەفغانستانیش بە هەمان شێوە ، خۆ ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە زۆرێک لە ئیسلامییەکان بە پاڵنەری ئایینی بوونەتە تیرۆریست و بکوژ بە فەتوای زانایانی ئایینی و ئیسلامی، وەک

(ئەبن تیمیة)و (بوخاری)کە دەڵێت:( أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله فإن قالوها عصموا مني دماءهم وأموالهم"، أو حديث "لقد جئتكم بالذبح")واتا(فەرمانم پێکرابوو شەڕ لەگەڵ خەڵک بکەم تا دەڵێن هیچ خودایەک نییە جگە لە خودا، هەر ئەم فکرەیە زاوزێ دەکەن و تیرۆر بەرهەم دەهێنن! شایانی باسە لێرەدا ئەوەی کە البوخاری لەم بارەیەوە ئاماژەی پێکردووە بە تەواوی پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە، کە بە ڕوونی ئازادی بیرکردنەوە و بیروباوەڕی ڕاگەیاندووە، وەک(فمن شاء فليومن ومن شاء فليكفر)سوره الكهف ٢٩)واتا:

( هەرکەسێک بیەوێت با باوەڕ بهێنێت، وە هەرکەس بیەوێت با بێ باوڕ بێت. وە ناشتوانی بڵێی ئەم کەسانە نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام ناکەن، قسەی لەو جۆرە دژی دادپەروەری ، چونکە زۆرێک لە دەقە ئاینییەکان و فەتوای پیاوانی ئایینی پشتگیری ئەم تیرۆریستانە دەکەن. چونکە توێژینەوەی بابەتییانەدا دروست نییە شتەکان لە بەرژەوەندی ئایین دابنرێت و ئەو

خراپەکارییەکان بە بیانووی ئەوەی کە بەشێک نین لە ئایینی ئیسلام ڕەت بکرێتەوە.

هەرچی سێهەمیان، کە بە شێواز یان نموونەی مێژوویی دیار دەناسرێتەوە لە مێژووی ئیسلامدا لاپەرەیەکی گەش و جوان هەیە، تەنانەت ئەگەر کەمیش بن، وەک شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمی عەباسیەکان و ژمارەی زۆری زانا و فەیلەسوفەکان لە مێژووی ئیسلامدا، و جگە لەوەش زۆر لاپەڕەی ڕەش لەم مێژووەدا بوونیان هەیە، و هۆکاری نەبوونی لاپەڕەی مێژووی دیار دەگەڕێتەوە بە پلەی یەک بۆ سەردەمی مۆدێرنی، شۆڕشی چەمکەکان، واتا کرانەوەی عەقڵەکان، و پێگەیشتنی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ، کاتێک کە مرۆڤ عەقلی گەورە دەبێت، دەبینێت زۆربەی کردارەکانی لە منداڵیدا گەمژانە و نەزانانەبووە، هەربۆیە دەبینین کە ئەم دۆخە تەنها لەناو ئیسلامدا نییە،

بەڵکو لەهەموو گەلان و مرۆڤەکان لەسەردەمی خۆیاندا مێژوویەکی ڕەشیان هەیە لە ستەمکاری و تاوان و شکاندنی شکۆی مرۆڤ و زەوتکردنی مافە ئازادییەکان

و نادادپەروەیدا . لێرەدا نابێت عەلمانییەکان ئیسلام بە مێژووی ڕەش ناوزەنگ بکەن یان هەرچی خراپە هەیە بخەنە ئەستۆی ئیسلام، چونکە لە مێژووی ئەو سەردەمەدا ئیسلام خراپ نەبووە لە سەرەتا دەرکەوتنی کە (موحەمەد د.خ) لەسەر بێت سەرکردایەتی دەکرد و پاشان خەلیفەکانی راشدین. بەڵکو دەکرێ بگوترێ مێژووی ئەو کاتەی ئیسلام لە مێژووی گەلان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا زۆر باشتربووە . بەڵام مافی خۆیانە نارەزایی لە بەرامبەر شێخەکان و پیاوانی ئاینی دەرببڕن، بەهۆی پابەندبوونیان بە بیری ئاینی کۆن و هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەسەر خەڵکی ئەم سەردەمەدا لە رێگەی جۆراوجۆری فکری.

لێرەدا ئەم بابەتە لەسەر ڕیفۆرمخوازان و زانایانی دڵسۆزی ئیسلام وەستاوە کە پێویستە بەرپرسیارەتی پاککردنەوە ئەم ئایینە لەئەستۆ بگرن و چاکسازی لە بەشێک لە حوکم و فێرکارییەکاندا بکەن بەپێی عەقڵ ومەنتق ویژدان و مافی مرۆڤ بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی ئەم دینە و بۆ بەردەوامبوونی ئەم ئایینە و چەسپاندنی بەها و بنەما ئەخلاقییەکان و

بەرزکردنەوەی وەرەی موسوڵمانان. ئەگەرنا موسوڵمانان لەبەردەم دوو ئەگەر و ڕێگادان و تەنیا دوو بژاردەیان لەبەردەستە، زیاتر نا و کە هەردووکیان تاڵن:

یەکەم : وازهێنان لەم ئایینە و ڕووکردنە بەرەو بێباوەڕی و خوا نەناسی و بێباوەڕیش لە بەرامبەردا بە چارەسەر بۆ کێشەکە نازانرێت چۆنکە مرۆڤەکان تووشی سەرلێشێواوی و بێ هیوای و ژیان بێمانادار دەکات.

دووەم: هەر وەک خۆی دەمێنەتەوە و بچەسپێت بەم ئاینەی ئیستا و دەرئەنجامەکەی وابەستە دەبێت بە دواکەوتوویی و مەزهەب و تائیفە شیخەکان و تیرۆر و وابەستە دەبێت بە لایەنێکی بیانی توندڕەو..

لەوانەیە بڵێیت: ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێت کە چاکسازی لە ئیسلامدا واتە لەناوبردنی ئاینی ئیسلامە..بەڵام ئەو قسە ڕاست نییە چونکە وێرانکاری لە ئایندا ڕەگی داکوتاوە، واتە قورئان و سوننەت، هەر پرۆسەیەکی چاکسازی لەم ئایینەدا بە واتای ناساندنی عەقڵانیەتە و ئەو بناغە پڕ و پوچەی شێخەکان و

پیاوانی ئاینی لەم ئایینەدا دروستیان کردووە . هەر ئەمەشە وایکردووە کە شێخەکان دژایەتی هەر ڕەخنەیەک بکەن کە ئاراستەی بنەچەی ئایینەکە بکرێت چونکە دەزانن ئەگەر ئەم ڕەخنەیە دەست پێبکات و ناوەستێت تا ئەم ئاینە لە پڕ و پووچی پاک نەکاتەوە و رزگار نەکات.

سەرەڕای ئەوەش زۆرینەی خەڵک بە پابەندبوون بەم ئایینەنە دەمێننەوە و ناتوانن وازی لێبهێنن، نەک لەبەر سەرسەختی یان خۆشەویستی ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بیر و عەقڵیان لەو ڕەخنانە تێناگات کە ئاراستەی ئایین و دروشمە پیرۆزەکانی ئاین دەکرێت.

لێرەدا پێویستە گرنگی بەم خەڵکە بدەین و بۆ گورگ وچەرچییەکانی ئاین بە جێیان نەهێڵین، چونکە چاکسازی یارمەتیان دەدات بە دوور خستنەوەیان لە توندڕەوی و دەمارگیری و توند و تیژی و تائیفەگەری و مەزهەبی ئەفسانە ، ئەوکاتە هەر هەموومان لە ژیانێکی تازەدا دەژین کە پڕبێت لە مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و قبولکردن قبوڵکردنی یەکتر.

ئەگەرنا بە زەرەر و زیانی بۆ ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامی تەواو دەبێت.

****

# ئایا چۆن مرۆڤ بناسین..؟

له تێڕوانینی ئێمه و ئه‌واندا....

قورئان ده‌ڵێت:

(اذ قال ربک للملائکة اني خالق بشرا من طين. فاذا سويته ونفخت فيه من روحي فقعوا له ساجدين). ص:۷۲.

واتا(کاتێک په‌روه‌ردگار به فریشته‌کانی فه‌رمووو من مرۆڤێک دروست ئه‌که‌م له قوڕ. کاتێک که ڕێکم خست و شێوه‌یم بۆ دیاری کرد. وه‌که فووم لێکردووه.له روحی خۆم پێدا، هه‌مووتان کڕنوشی ڕێزی بۆ ببه‌ن).

هه‌وه‌ها ده‌ڵێت: (انا خلقنا الانسان من نطفة امشاج نبتليه فجعلناه سميعا بصيرا. انا هديناه النجدين اما شاكرا واما كفورا) الانسان:۳/۲.

واتا: (ئێمه مرۆڤمان دروست کردووه له دڵۆپه ئاوێکی تێکه‌ڵ له ئاوی پیاو و ئاوی ئافره‌ت که تێکه‌ڵ ئه‌بێ و یه‌ک ئه‌گرێ وه به چه‌ند قۆناغێک مرۆڤی لێ دروست

ئەبێ. دواتر مرۆڤ تاقی ئەکەینەوە. وە وامان لە مرۆڤ کردووە کە بیسەرو بینەر بێت و شت ببیستێ و ببینێ، تا بەو هۆیانەوە بتوانێ بە ویستی خۆی گوێڕایەڵی خودای پێ دەکات یان سەرپێچی و خراپە).

لێرەدا ئەوەی لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتووە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ڕەنگدانەوەی دیدگای ئیسلامییە بۆ مرۆڤ، وە دید و تێڕوانینی دیکەش هەن کە لەم چوار خاڵەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین ،و وردەکارییەکانی بەجێ دەهێڵیم بۆ خوێنەری بەرێز و کەسانێکی تایبەت بەم بابەتانە .

١-ڕەسەنایەتی لە ڕووی چاکە و خراپەوە.

٢-بەهاکەی.

٣-مەبەستی لە ژیاندا.

٤- ئازادییەکەی، واتە ئایا ئەو کەسە ئازادە یان ناچارە، چونکە ئەم بابەتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرپرسیارەتی ئەخلاقی هەیە.

١- لەدیدگای ئیسلام : پابەندبوون بە سەر مرۆڤدا سەپینراوە: ، ئەم دیدگایە بە واتای ئەوە دێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکە لە جەستەیەکی ماددی و رۆحێکی ئیلاهی پێکهاتووە وەک لە ئایەتی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، وە لەم ژیانەدا لە ململانی دایە لە نێوان چاکە و خراپەدا، وە خۆی سەرپشکە لەسەر ئەوەی کام رێگا هەڵدەبژێرێت لە یەکێک لەو دوو ڕێگایانەدا، بەڵام (خودا) لەم ململانەیدا مرۆڤ بە تەنیا بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو پێغەمبەری بەکتێب و یاسای ئاسمانی بۆ نارد بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکات بۆ سەر ڕێگای چاکە وچاکەخوازی، وە دەبێت پەیڕەوی لە بەرنامەی پێغەمبەران بکات بۆ ئەوەی بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەی باش بەختەوەری لە دونیا قیامەت بەدەست بێنێت وە یاسایەکانی خودا جێبەجێ بکات، چونکە بەندەی خودایە و دەبێت گوێڕایەڵی بێت و پابەندی فەرمانە قەدەغەکراوەکانی بێت. تا زیاتر پابەندی خودا بێت، زیاتر لێی نزیک دەبێتەوە و ڕەزامەندی خودا بەدەست دەهێنێت، کە بریتییە لەم ژیانە.

لێرەدا ئیسلام ئاماژەی بە چوار تایبەتمەندی کردووە:

أ- مرۆڤ بوونەوەرێکی ستەمکار و خراپە، ناسوپاسگۆزارە ، هەمیشە ترسی لەدەستدانی هەیە، جگە لەو مرۆڤانە نەبێت کە باوەڕی تەواویان بە هاوکاری و بەهاناچوون و پشتیوانی پەروەردگارە هەیە، وەهەروها پشت بە خودا دەبەستن بۆ ڕزگارکردنی و پاراستنی مرۆڤ لە خراپییەکان، وچەندەها دەقە هەن لەسەر ئەوە بابەتە.

ب- بەهای مرۆڤەکان لەوەدایە کە بەندەی خودایە، هەرچەندە کاملێش نەبێت.

ج- مەبەستی لە ژیانیدا عیبادەتکردن و کارکردنە بەپێی ئەرکە یاساییەکان.

د- بوونەوەرێکی ئازادە و بەرپرسیارە لە کارەکانی خۆی جا ئەم کارانە باشبن یان خراپ.

٢- لە دیدگای مەسیحیدا مرۆڤ بوونەوەرێکی خوداییە : ئەم تێڕوانینە بۆ مرۆڤ بەواتای ئەوە دێت کە مرۆڤ بەراوەرد بە بوونەوەرێکی سروشتی بەرزی دەکاتەوە بۆ پلەی کوڕی خودا و لە لایەکی دیکەوە خودا دادەبەزێنێت بۆ ئاستی جەستەبوون بۆ ئاستی مرۆڤ

بوون .ئەو بەرجەستەبوونە و یەکبوون لە نێوان خودا و مرۆڤدا بە شێوازی ڕاستی لە کەسایەتی مەسیحدا بەرجەستەی دەکەن، وە سەبارەت بە خەڵک، ئەوان پێیان وایە کە دەبێت باوڕ بە مەسیح بکەن چونکە کوڕی خودایە بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بهێنن و لەگەڵ مەسیح یەکبگرن کە خودای جەستەیە.

لە مەسیحیەتیش بەهەمان شێوە مرۆڤی بە چوار تایبەتمەند ناوزەنگ کردووە:

أ- نەمانی خراپە تەنیا بە دەست خودایە، واتە تەنیا مەسیح توانای لەناوبردنی خراپەی هەیە، وەک ئەوەی لەسەروە ئاماژم پێکرد.

ب- مەسیح کوڕی خودایەکی بەهێزە.

ج- ئامانجی ئەو پێویستە لەگەڵ مەسیحدا پەیوەندی ببەستێت و باوەڕی پێ بکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بەدەست بهێنێت.

د-مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە و هەر خۆشی بەرپرسیارە لە کارەکانی.

٣- دیدگای فەلسەفەیی کۆن پێیوایە کە مرۆڤ گیانەوەرێکی ڕۆحییە : ئەم دیدگایە دەگەریتەوە بۆدیدگای ئەفلاتون، رەواقییەکان، عارفەکان و دواهەمینیان بۆ دیگای (دیکارت) دەگەرێتەوە. ئەم دیدگایە باس لەوە دەکات کە مرۆڤ بریتینیە لەجەستە و غەریزەکان، بەڵکو مرۆڤ ڕۆحەیە کە لە جیهانی ئایدیالزمدا نەبینراو کە دوای مردن دەست پێدەکات بە دیدگا و بۆچوونی ئاینەکان و فەیلەسوفانە کە ناومان هێنان لەسەروە.

هەربۆیە مرۆڤ لەم جەستە ماددییەدا گیری خواردووە ، هەر وەک چۆن باڵندەیەک لەناو قەفەسێکدا، بەم شێوەیە ئەم دیدە لەگەڵ یەکەم و دووەمدا هاوبەشە لە دروستبوونی مرۆڤ لە دوو ڕەهەندەوە، بەوەی مرۆڤ ئازادە و بەرپرسیارە، و جیاوازە لەوانی ترەوە چونکە فەیلەسوفەکان پێیان وایە کە خودا لەدەرەوەی هاوکێشەکانی مرۆڤدایە.

٤- دیدگای بێباورەکان ئەوان پێیان وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی سروشتییە : ئەم دیدە پێکهاتەکانی لە زانایانی فیزیۆلۆژی و پزیشکی و لە وتەی ئەرستۆوە

وەرگیراوە. کە دەڵێت: مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە و هیچ شتێک جیای ناکاتەوە لە ئاژەڵ جگە لە قسەکردن،وعەقڵ ئەویش یەکێکە لە غەریزەکان کە سروشتییە بەهۆی یەکگرتنیەوە سروشتی بە مرۆڤی بەخشیوە و هیچ توخمێکی گەمژەی ونەزانی و میتافیزیکی لە مرۆڤدا نییە، وەک لەئایینەکان باسی دەکەن. واتە مرۆڤ لە ژیانیدا هەڵبژاردە و ئیرادەی ئازادی هەیە، واتا بە غەریزەکان و پاڵنەرە فیزیۆلۆژییەکانییەوە هەڵسووکەوت بکات یان بە پێی کۆمەڵناسەکان،و نەریتە کۆمەڵگایەکان هەڵسووکەوت بکات، یان بە چینایەتی وەک ئەوەی (مارکس)باسی لێوە دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا بۆچوونەکان جیاوازن وناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە، هەندێکیان دەڵێن کە کاغەزێکی سپییە، وەک: (جۆن لۆک) تیوری ڕەفتار و ئەزموونگەرەکان و هەندێکیان دەڵێن سەرچاوەکەی خراپەکارییە، وەک (هۆبز) و (فرۆید) و سوودخوازان و ئەوانی تر. هەندێکی تریش دەڵێن سەرچاوەکەی باشە، وەک لیبراڵەکان، ژان ژاک ڕۆسۆ، هیومانیستەکان ، مێسلۆ و ئەوانی دیکە، بەڵام مەبەست لەبوونی، هیچ شتێک نییە.

٥- دیدگای بوونگەرایی وعرفانی مرۆڤ بوونێکی بەبێ جەوهەر: ئێمە بوونگەرایی و عرفانیمان لەخۆگرتووە چونکە هەردووکیان لە مرۆڤەوە دەست پێدەکەن و بوونی ئەو سەرچاوەیە، بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی دیکە کە چاویان لە بوونی گشتی بوونەوەرەکان بوو، لە کاتێکدا بوونگەرایی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هۆشیاری و هەستەوەری و هەستکردنی مرۆڤ بۆ بوونی خۆی جیاوازە لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی دیکە. چونکە تێگەیشتنی لە بوونی خۆی بە زانینی بوونگەراییە، هەر بۆیەش بوونی ئەو پێش جەوهەرەکەی دەکەوێت، لە کاتێکدا تێگەیشتنی لە بوونی بوونەوەرەکانی دیکە بە مێشکی ئەودا تێدەپەڕێت، بۆیە بە بەدەستهێنانی زانین تێیان دەگات، هەر بۆیەش جەوهەریان پێش بوونیان دەکەوێت، و ئەمەش بەو مانایەیە کە بوونی ڕاستەقینە بریتییە لە بوونی مرۆڤ خۆی، واتە هەستی تاک بە بوونی خۆی، وەک بۆ بوونی ئەوانی تر و هەموو ئەوانی تر بوونی بوونەوەرەکانی تر دژایەتییە لەگەڵ جەوهەرەکەیان ، بەڵام جەوهەری مرۆڤ خۆی بوونی نییە چونکە ئەو بوونێکی پاکە و ئەو کەسەیە کە دواتر بە هەر

شێوەیەک بیەوێت جەوهەرەکەی دروست دەکات و ئەمەش بە واتای ئازادی دێت و ئازادی بەرپرسیارێتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. مرۆڤ لەم ڕوانگەیەوە پێناسە ناکرێت، چونکە ئەو کەسەیە کە جەوهەر و کەسایەتی خۆی دروست دەکات، هەروەها جەوهەرێکی هاوبەش لەنێو مرۆڤەکاندا نییە، هەروەها شتێکی گشتی نییە بە ناوی ڕەگەزی مرۆڤ یان کۆی مرۆڤ.. بەهۆی... ئازادی مرۆڤ بۆ دروستکردنی جەوهەرەکەی و بەرپرسیارێتی دەرئەنجامی، دەبینین کە زۆرینە لە دڵەڕاوکێ و ترسدا لەم ئازادییە دەژین، بۆیە پەنا بۆ ئایین دەبەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو دڵەڕاوکێ و گرژییە.. لەم ڕوانگەیەوە ڕوانگەی وبوونگەرایی بۆیە مرۆڤ لە ژیانی ڕەشبین بوو، وەک لە نووسینەکانی ژان پۆڵ سارتەردا دەڵێت: باوەڕدار گەشبینە، چونکە بوونی خودا لە مرۆڤدا دەبینێت... بەداخەوە لێرەدا ناتوانین زیاتر ڕوونکردنەوەی واقیعی دیدگای بوونگەرایی و عرفانی سادە بکەینەوە لە مرۆڤدا.

## چۆن لە مردن تێبگەین..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

قورئان دەڵێت :(ثم انكم بعد ذلك لميتون. ثم انكم يوم القيامة تبعثون) المؤمنون: ١٥.

واتە: (لە پاش ئەوە کە خوای گەورە دروستان ئەکات و دێنە ژیانەوە لە دوای ئەوە مردنتان بەسەردا دێت و ئەبێ بگەڕێنەوە،پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو ئەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە).

وە بەدیدگای دیندارانەکان، مردن بە کۆتایی ژیان ناژمێردرێت، بەڵکو تەنها پردێکە کە مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە دەپەڕێتەوە بۆ ژیانی داهاتوو دوای مردن، یان بۆ بەختەوەری هەمیشەیی یان بۆ نەهامەتی هەمیشەیی، مردن بە واتای دەرچوونی رۆحی مرۆڤە لە جەستەیدا.

بەو پێیەی ئەم دیدە ئایینییە لای خەڵک بە گشتی و تەنانەت لای غەیرە موسڵمانەکانیش قبوڵکراوە و بەو پێیەی ئاین باس لەوە دەکات کە ئەم ژیانە بۆ تاقیکردنەوەیە (خلق الموت والحیاة لیبلوکم ایکم احسن عملا) واتا (ئەو خوایەی کە مردن و ژیانی دروست کردووە تا تاقیتان بکاتەوەو دەرکەوێت کامتان باشترین کردەوەتان ئەنجام داوە) وە قیامەت شوێنی نیشتەجێبوونی مانەوە و نەمرییە، لە دەقە ئاینییەکاندا جەختکردنەوەیەک بەدی دەکەین لەسەر گرنگی مردن و سەردانی گۆڕەکان بۆ ئەوەی لە ژیاندا وانەی لێوەربگرین و گرنگی بە ژیانی دوای مردن بدەین، و گرنگی نەدان بە دونیا. وەک لە فەرموودەی پێغەمبەر د.خ لەسەر بێت هاتووە کە

فەرموویەتی: ئەگەر دڵتان تەنگ بووەوە، ئەوا پێویستە سەردانی گۆڕەکان بکەن، چونکە لە دونیادا دوورتان دەخاتەوە.

لەسەر ئەم دیدگایە ، تێبینی دەخەینە سەر چەند خاڵێک و پێداچوونەوەی تێدا دەکەین:

١- لێرەدا ئێمە لەگەڵ ئایین هاوڕاین لە گرنگی پرۆسەی مردن و باسکردنی وەک ڕاستییەکی چارەنووسساز لە ژیانی مرۆڤەکاندا، چونکە پشت گوێخستنی ئەم ڕاستییە ترسناکە ڕەنگە ببێتە هۆی خۆ ئامادەنەکردن بۆمردن و بەفیڕۆدانی وزەی تەواومان لە ژیاندا بەبێ ڕەچاوکردن و ئامەدەکاری بۆ مردن ، وە ڕەنگە دۆخەکە لە حاڵەتێکی ترسناک دابێت، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان دیدگای ئێمە بۆ مردن لەگەڵ دیدگای پیاوانی ئایینی بۆ مردن ئەوان دەیانەوێت مردنمان بە مردن بەبیر بێنەوە و ئێمەش دەمانەوێت بە ژیان مردنیان بەبیر بێنینەوە، بۆ نموونە کاتێک دەقی ئایینی و بانگخوازانمان لە مینبەرەکانەوە گوێت لێدەبێت جەخت لەسەر گرنگی سەردانی گۆڕستانەکان و فێربوون لە مردووەکان دەکەنەوە، و کە سەردانکەر پێی وایە کە سبەی من وەک ئەمانە لە ژێر گڵدا دەبم و ئەم ژیانە بەجێدەهێڵم، ئەمەش وایلێ دەکات کە ئەم ژیانەی لە بەرچاو بچووک بکاتەوە و ئارەزووی خۆی بۆ ژیان وگرنگیدان بە مرۆڤایەتی سنووردار بکات لەبەر مردن، وەک پێشتر لە فەرموودەی پێغەمبەردا باسمان کرد، واتە

بیرهێنانەوەی مردن لە ڕێگای مردن بۆ ئەوەیە کاتێک مردن دێت. جا لێرەدا مرۆڤەکان دەبن بە دوو بەش :

یەکەمیان هەست بە دڵتەنگی خەم وخەفەت و گریان دەکات چونکە ئەم ژیانە بەجێدەهێڵێت، وە دووەمیان هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکات لەبەرمبەر ئەم نیعمەتە گەورەیە، کە نیعمەتی ژیانە.

چونکە ژیانی دوای مردن تەنها ئەگەرێکە، ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی کە مرۆڤ کات و تاوانەکانی خۆی لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ژیانەدا سەرف بکات، نەوەک زیانی پێ بگەیەنێت یان پشتگوێی بخات و ئەمەش مانای باسکردنی مردنە بۆ ژیان. چونکە ژیانی دوای مردن تەنها ئەگەرێکە بۆ شتێکی نادیار و گوماناوی .جالێرەدا پەندێک هەیە کە دەڵێت:( ئەو باڵندەیەی لەناو دەستتدا باشترە لەو (دە) باڵندەی لەسەر دارێکە)، هەر ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی پاڵنەر بۆ  ڕۆژئاواییەکان بۆ بنیاتنانی شارستانییەت و ئەم ژیانەی کەئێستا هەیانە و موسڵمانان لە نزمترین ئاستی دواکەوتوویدا مانەوە لەڕووی زانستی وشارستانییەتدا، بەفیڕۆدانی ژیان و

توانا و وزە و کاتەکانییان بەو هیوایەی ئەوەی لە دوای مردن ژیانێکی خۆشیان دەستکەوێت.

٢-مردن خۆی لە خۆیدا وەهمە، چونکە کاتێک مرۆڤ لە حاڵەتی ژیاندا بێت، مردن بوونی نییە،و کاتێکیش دەکەویتە حاڵەتی مردن ژیان بوونی نامێنێت، کەواتە لە چی دەترسێت..؟ بەڵێ ڕۆحی ژیان و ڕۆحی مەرگ بوونی هەیە،وە هەستی مەرگە دەترسێنێت نەک خودی مەرگ،ئەم هەستە لە کاتی ژیاندا هەمیشەلەگەلدایە، و پێویستە ئەو هەستە بۆ مەرگ بەهێز بکرێت بۆ هەستی ژیان و چێژ لە ژیان وەربگیرێت، وە تا زیاتر و ئازایانەتر ڕووبەڕووی مردن ببیەوە زیاتر هەست بە بوونی ژیان دەکەین، وەک ئاگوستین دەڵێت:

( تەنیا لە رووبەڕووبنەوە لەگەڵ مردندا مرۆڤ لەدایک دەبێت)و زانا (تیلیچ) ئەم حاڵەتە بە سنوورێکی دیاریکەر لە ژیاندا دادەنێت دەڵێت:

( خودا تەنها لە کۆتای ژیان دەردەکەوێت)، و (تۆڵستۆی) لە کتێبی جەنگ و ئاشتەواییدا بە جوانترین شێوە ئەم دۆخەی ڕوون کردەوەتەوە کاتێک باس لە چیرۆکی ئەو گەنجەدا دەکات کە لەلایەن سەربازەکانی

ناپلیۆنەوە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و دواتر لە کۆتا کاتژمێری لە سێدارەدانیدا لێخۆشبوونی بۆ دەردەچێت ، ئەم گەنجە تەنیا ئەو کاتە بەهای ژیانی وەک ئەوەی زیندوو کرابێتەوە، بە شێوەیەکی بەڵگاوی بەهای ئەم نیعمەتە گەورەیەی بۆ دەرگەوت کە ژیانە.
ڕەنگە زۆرێک لە ئێمە سەرمان سوڕمابێت لەوململانێیان و کارەمەترسیدارانەی کە ڕۆژئاواییەکان دەکەن، وە بڵێن ئەمانە شێتن..؟ وەک سەرکەوتن بەسەر شاخە بەرزەکان، خلیسکێنەی سەر سەهۆڵ لە شاخە بەرزەکان، گەشتکردن بۆ قوڵای دەریایەکان، گەشتکردن بۆ جەمسەری بەستەڵک یان بۆ لوتکەی گڕکانەکان، یان تەنانەت چوون بۆ سەر مانگ و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی مردن لە هەموو ئەوانەدا، بەڵام جگە لەو نیعمەتە گەورانەی کە بەدەستی هێناوە، وەک دۆزینەوەی ئەمریکای باکوور و باشوور، ئوسترالیا، وە کیشوەری جەمسەری، بۆشایی، نهێنییەکانی دەریاکان و هاوشێوەکانی، چونکە ئەم مەترسیانە زۆر زیاتر لەوەی لە ماڵەکانیاندا بمێنەوە هەستی خۆشی و چێژی ژیانی پێبەخشیوەن ،نەوەک لە ماڵەکانیان بمێنەوە، و لە ترسنۆکییەوە فەرمانی

قەدەغەکردنی ئەو جۆرە مەترسیانە جێبەجێ بکەن، چونکە ترسی مرۆڤ لە مردن ڕۆح بەرەو وێرانکاری دەبات..!!

٣-کاتێک ئێمە گرنگی بە بابەتە دونیاییەکان دەدەین، نابێت کەسێکی عەقڵانی دڵنیابێت لە گومانەکان و بە نەگۆڕ بزانێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کەمرۆڤ کات و تواناکانی لە سەرگەرمی وشتی پروپووچ و یاریکردن بەفیرۆ بدات یاخود خراپەکاری نائەخلاقی ئەنجام بدات وەک ئەوەی هەندێک لەشێخەکان و پیاوانی ئاینی بە شوێن کەوتووانیان دەڵێن کە هەرکەسێک ئینکاری ژیانی دوای مردن بکات دەیەوێت خەریکی یاریکردن و سەرگەرمی وشەهەت بازی دونیا بێت، بەبێ ئەوەی گوێ بە ئاین و ئەخلاق بدات. چونکە ئێمە پێمان وایە ئەم جۆرە بابەتانە دەبنە هۆی مردنی رۆح لە پێش مردنی جەستەدا، لەڕاستیدا ترسی مردن لە ڕۆحی مرۆڤدا چڕتر دەبێتەوە لێرەدا ترس لە مردنی جەستەییدا نییە، بەڵکو کەسەکە ترسی لە خودی خۆیدا هەیە، چونکە لەم ژیانەدا بۆ خۆی نەژیاوە گرنتی لەدایکبوونی دووەم و ژیانێکی ڕۆحی ڕاستەقینەی

بەدەست نەهێناوە و ئەگەر بۆ خۆی ژیانێکی ڕۆحی بەدەست هێنابا، ئەوا ئەم ترسە کۆتایی دەهات و ترسی لەمردنی خۆیدا نەدەماو، وەک:پێغەمبەران و زانا گەورەکان و فەیلەسوفان و چاکسازیخوازان کە مردن بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نییە. ترسی تۆ لە مردن واتە هێشتا پێنەگەیشتووی و خودی مرۆڤیش ترسی ئەوەی هەیە ئەم جەستەیە بمرێت لەکاتێکدا هێشتا تەواو نەبووە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم جەستەیە بیت و گرنگی پێبدەیت و بە کردارە مرۆڤییەکان و خۆراکی تەواوی پێ بدەی بۆ ئەوەی بتوانی کارەکان بەدروستی ئەنجام بدەی و پاشان لەلات گرنگ نابێت ئاخۆ جەستە بمێنێتەوە یان بمرێت و ئەمەش ژیانێکیتر یان لەدایکبوونی دووەم بەپێی ئایینی مەسیحی یان بەپێی ئایینی بودا یان خۆد بەدیهێنان بەپێی دەروونناسەکان.

بۆ نموونە مرۆڤەکان لەم ژیانەدا وەک ناوکی خورما سەیری خۆیان دەکەن کە ئەگەری ئەوەی نییە ببێتەوە بە دارخورما، وەک ئەوەی سپێرمی لە ئاوی پیاودا دەتوانێت ببێتە مرۆڤێکی راستەقینە، هەر بۆیەش لە

مردن و لەناوچوونی ئەم ژیانە دەترسن، بەڵام بەو مانایە عیرفانییەی کە ئەمە ژیانی ڕاستەقینە نییە،نە مردنە و نەژیان ، بەڵکومرۆڤ پێدا تێدەپەڕێت بۆ ژیانی ڕاستەقینە، واتە بەم شێوەیە ناوکی دارخورما نییەکە ببێتە دارخورما،بەڵکو پێویستە سەرەتا لە خاکدا بمرن بۆ ئەوەی لە دونیادا لەدایک ببنەوە دوای مردنی جەستە بەم شێوەیە گوترا: پێش مردنت بمرە، یان وتەیەکی سەرسوڕهێنەری مەسیحی هەیە کە دەڵێت: کاتێک گەنجێک داوای لێکرد ڕێگەی بدات بچێت باوکی بنێژێت و بگەڕێتەوە، مەسیح پێی فەرموو: با مردووەکان مردووەکانیان بنێژن.. واتە ئەم ژیانە ژیانی ڕاستەقینە نییە و نابێت ئەو کەسەکە پێی ڕازی بێت، بەڵکو بەدوای لەدایکبوونێکی نوێدا بگەڕێن لەم جیهانەدا، و ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەسیح شکستی بە مردن هێنا، نەک وەک ئەوەی قەشەکانی کڵێسا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە شکستی هێنا لە مردن دوای زیندووبوونەوەی لە مەزارگەکەی، ئەمەش واتە هەموو مرۆڤێک ئەگەر لەم ژیانەدا دووبارە لەدایک بێتەوە دەتوانێت شکست بە مردن بهێنێت جا لێرەدا تەنها ئەم جۆرە مرۆڤانە دەتوانن هەمیشە بەزیندوویی

بمێنەوە کە مێژوویەکی جوان و پڕشنگدار لە دوایی مردن  بۆخۆیان دەنووسن نەک هەموو مرۆڤەکان.

# ئایا شەیتان چییە..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا..

قورئان دەڵێت:(إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ عَصِيًّا) مريم:٤٤.

واتە (بەڕاستی شەیتان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کرد).

هەروەها دەڵێت: (فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ). الكهف:55.

(هەموویان کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێ کە ڕەتی کردەوە کڕنۆش بۆ ئادەم ببات).

لێرەدا بابەتی بوونی شەیتان بەبەردەوامی مێشکی تەواوی مرۆڤەکان و بەتایبەتی بیرمەندان و شرۆڤەکارانی داگیرکردووە و پرسیاری زۆری لەسەر واقیعی خۆی وروژاندووە،کەچۆن بەویستی خۆی مرۆڤەکان رادەکێشێت، و چۆن خودا رێگەی پێداوە ئەو کارە بکات و... هتد.

وه دسەبارەت بە ئایەتەکانی قورئانی لە بابەتی شەیتانا، وەک لە زۆر ئایەتدا ئاماژەی پێکراوە، کە سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتییانەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت لە نەخۆشی و وەسوەسە و خراپەکاری.. وە کوفر و شیرک و ڕەفتاری نا ئەخلاقی و شەرانگێزی و خراپەکاری و تەنانەت لەبیرچوونەوەی خودا و خۆشەویستی بۆ پارە و سامان و سێکس وهاوشێوەکانی،

وەهەروەها سەبارەت بەوەی کە یەکێک بووە لە جنۆکە چاکەکان پاشان بووە بە فریشتەی خودا بەهۆی زۆری عیبادەتەکانیەوە..هتد.

لێرەدا پێمان خۆشە چەند سەرنجێک بخەینەڕوو:

١- دەبینین سەبارەت بەئایەتەکانی قورئان کە تێدا باس لە شەیتان دەکات وبوونی ئەم هەموو دەسەڵاتە بە هێزە و بەرفراوانەی لە لایەنی خراپەدا هەیەتی، کە بۆتە هۆی پرسیارێکی زۆر گرنگ کە سەبارەت بە سەرچاوەی خراپە لە جیهاندا لە مێشکی مرۆڤەکاندا دەخولیتەوە، وە بەو پێیەی کە خراپە لە هەموو جیهاندا هەیە، بۆیە دەبێت دروستکەرێکی هەبێت ، بەڵام نابێت

خودا دروستکراوی خراپە بێت، چونکە خودایەکی چاک و بەزەییە و بەندەکانی خۆشدەوێت، بۆیە دەبێت سەرچاوەیەکی دیکەی هەبێت بۆ بوونی شەیتان.

بەگوێرەی شوێنکەوتوانی عەقیدەی چەند خودایەکی جیاواز لە یۆنانی کۆن و ڕۆمای کۆن و هەروەها لە هیندستان، وە بەگوێرەی چەندین سەرچاوە جیاواز و زەردەشتییەکان بۆچوونی خوداوەندی چاکە و خراپ ، ئەهرەمێن و ئەهرومازدە. بۆ ئەوەی لەم کێشە ڕزگارمان بێت، سەبارەت بە قورئان کە جەخت لە یەکتاپەرستی و ڕەتکردنەوەی هاوبەش و شرک بە هەموو شێوەکانیەوە دەکات  کە خودا یەک و تاکە و تەنیایە و باڵادەستی ڕەهایە  و دروستکەری هەموو شتێک لەم جیهانەدا، ئەگەر بڵێت خراپە لە خوداوەیە، ئەوا ڕەنگە وێنای خودا لە سیفاتەکانی سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی خودایی بۆ بەندەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە لەلایەن باوەڕدارانەوە، وە ئەگەر بڵێت سەرچاوەیەکی تر  هەیە جگە لە خودا، ئەوا بنەمای یەکتاپەرستی پێشێل دەکرێت، کەواتە باشترین چارەسەر ئەوە بوو کە بوونەوەرێکی تر دابهێنرێت کە

لەلایەن خوداوە دروستی کردووە، بەڵام دواتر ئەو بوونەوەرە سەرپێچی خودا دەکات ودەبێتە سەرچاوەی خراپە لە ژیانی مرۆڤدا بۆ ئەوەی دەرکەوتەکانی خراپەی پێدا هەڵواسرێت و پاشان خودا ڕیسوای دەکات ،و ئەم بیرۆکەیە لای عەرەبەکان بوونی هەیە،وەهەروەها لە سەردەمی پێش ئیسلام و لە ئایینی مەسیحیدا و لە قورئانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

٢- هەرچەندە ئەم دیدەیە سەبارەت بە شەیتان ئاسانە بۆ تێگەیشتن و قبوڵکردنی خەڵکی بەگشتی زۆر قووڵ نابنەوە لە پرسە ئاینییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە لەوانە: بۆچی خودا ڕێگەی بە شەیتان داوە مرۆڤەکان ڕابکێشێت..؟ بۆچی تا قیامەت تەمەنی درێژ کردەوە و هێز و دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤدا پێداوە..؟ ئایا خودا بە هاوبەشی گومڕای نازانێت..؟ چونکە لەجیهانی تاوان ناسیدا جێگیر بووە،تەنانەت هەرکەسێک یارمەتی کەسێک بدات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ئەنجامدانی خراپە یان تاوانێک، ئایا لەگەڵیدا هاوبەشە..؟

بۆچی خودا سزای نەدا بەهۆی سەرپێچییەکەیەوە، بەڵکو وازی لێهێناوە بەسووک و ئاسان بێت و بچێت وکاتی خۆش بەسەر ببات و دەستکاری چارەنووسی مرۆڤەکان بکات..؟ وە جگە لەوەش بڵاوکردنەوەی وەسوەسەو خراپەکار لە جیهاندا و فریودەری و خۆشەویستی بۆ خراپەکاری و غەریزە پیسەکان و بەرژەوەندییە کەسیەکان زوڵم و ستەمکاری دژی مرۆڤەکان و بەلاڕێدا دابردنیان و ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر مرۆڤدا هەیە بەس نییە.؟ کەچی خودا شەیتانیشی بۆ زیاد کردووە بۆ ئەوەی بەندەکان ڕابکێشێت..؟

ئایا ئەوکەسەی عەقڵەی درەنگ لەدایک دەبێت و تەمەنی پێگەیشتووە توانای بەرپەرچدانەوەی ئەم هەموو دوژمنانەی هەیە کە لە ڕۆحی مرۆڤدا جێگیر بوون بەجۆرێک کە ڕزگاربوونی زەحمەتە..؟ بە تایبەت ئەگەر ئەوە کەسە فشاری داب و نەریت و کۆمەڵگا و پەروەردە وعەقلیەتی گاڵتەجاری و غەریزەکان هەر هەموو ئەوانەشی بۆ زیاد کراوە بێت..؟ وە ئەگەر

پیلانی شەیتان لاواز بێت، وەک قورئان دەڵێت:(ان کید الشیطان کان ضعیفا)واتا:

( پیلانی شەیتان لاوازە) کەوایە بۆ چی زۆربەی خەڵک لە ڕێگای چاکە و بانگەوازی پێغەمبەران دوور دەکەونەوە و شوێن شەیتان دەکەون،کە لە قورئان زیاتر لە ئایەتێکدا هاتووە...؟ پاشان کاتێک خودا فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە سوجدە بۆ ئادەم ببەن (واذ قلنا للملائکة اسجدوا لادم) ئەوکاتە شەیتانیش لەنێو جنەکاندا بوو، بەپێی قورئان، واتە فەرمانی سوجدە بردن ئەو ناگرێتەوە چونکە فەرمانەکە تەنیا بۆ فریشتەکان بووە نەوەک جنۆکەکان، کەواتە چۆن شایەنی تاوانبارەکردنە..؟ وە چۆن شەیتان چووە ناو بەهەشت وگومان و ڕاڕای خستە ناو مێشکی ئادەم و حەوا ، کەخودا دوای سەرپێچی کردنەکەیان لە بەهەشت دەری کردن..؟ بۆ هەموو ئەمانە و زیاد لەو شتانەی کە قورئان باسیان دەکات سەبارەت بە شەیتان سەلمێنراوە کە هۆکارێکی تری هەیە، وەک نەخۆشی کە لە ئەنجامی ڤایرۆس یان بەکتریادا لە ناوناخی مرۆڤدا دروست دەبێت. قورئانیش دەڵێت:

(أني مسني الشيطان بنصب و عذاب) واتا:

(من شەیتان تووشی ماندوویێتی و سزای کردووم بەهۆی نەخۆشی و ئەو شتانەوە، کە گەڕاندیەوە بۆ شەیتان لەبەر ئەوەی شەیتان هۆکار بووە، ئەووتریَ: شەیتان وای لیَ کردووە پێغەمبەر ئەیوب بەخۆیەوە سەرسام بێت خوای گەورە نەخۆشی خستووە) ، یان ئەوەیە کە یەکێکە لە شتە سروشتی و سوودبەخشەکان بۆ مرۆڤ زۆرجار، وەک لەبیرکردنی خۆیان، کە قورئاندا دەڵێت: (ومالنسانیه الا الشیطان) واتا (لەبیریشم نەکرد بەڵام شەیتان بوو وای لیَ کردم کە لەبیری بکەم)، یانیش پاڵنەرەی غەریزەکان و دانبە خۆداگرتنە، وەک ئەنجامدانی سێکس و خراپەکاری و..هتد

٣- زانایەکان پێیان وایە کە هەموو شتێک لە قورئاندا باسکراوە لە چیرۆکی ئادەم و حەوا و دارمێوە حەرامەکە و سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم و سەرپێچی کردنی شەیتان هیچی تر نییە جگە لە شانۆگەری و نواندنێک نەبێت کە مەبەست لێی وێناکردن و بەرجەستەبوونە و مەبەست لێی

ئاسانکردنی ئەم وێنایەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ عەقڵی عەرەبەکان یان مرۆڤەکانی پێشتر بگونجی و لێ تێبگەن ،وەک لە قورئاندا هاتوو:

(إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ). واتە (قسەی پێغەمبەرێکی بەڕێزە کە بە باشترین شێواز گەیاندوویەتی) یان(انا أنزاناه قرانا عربيا لعلكم تعقلون) واتا:

(ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان بە زمانی عەرەبی دابەزاندووە تا لێی تێ بگەن و فێری ببن)کەواتا لەئەسڵدا عەرەبی نەبووە، وەک(تباتی) لە تەفسیر (الميزان) بەشی کۆتای ئایەتەکە دەڵیت:( واذ قال ربک للملائکة) واتە (کاتێک پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرمووی)..

لە ڕاستییدا شەیتان دروستکراوی مرۆڤ و کۆمەڵگایە نەوەک خودای گەورە،ئەو خۆویستییە و خۆپەرستییە کە لە هەرمرۆڤێکدا هەیە بە پێچەوانەی خودی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە کە بریتییە لە ویژدان، کە قورئان لەسەر شێوەی ئادام و حەوا لە ئەم شانۆگەرییەدا نیشانی دەداتبەشێوەیەکی بەرجەستەییدا تا لێ تێبگەن..

ئەم خۆویستییە و خۆپەرستییە لە کۆتایی ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا دروست دەبێت، وەک دەروونناسەکان دەڵێن، بە دانانی ناوێک لەلایەن دایک و باوکەوە بۆی و ڕێنماییکردنیان کە تۆ فلان کەسیت و ئەمە دایەیە و ئەمەیە بابەیە، بۆ ئەوەی منداڵەکە وردە وردە تێبگات کە کەسانێکی سەربەخۆی هەیە لە دەوروبەرەکەیدا بەم ناوانە، پاشان شتەکانی تریشی بە دوادا دێت لە مێشکیدا کە هەستی پێدەکات هی خۆیەتی وەک یارییەکان و جلەکانی کە پارێزگارییان لێدەکات و هەوڵی زیاتر بەدەست هێنانی دەدات بە هەر شێوەیەک بێت، کە ناودەندرێت بە خۆویست و خۆپەرستی لە بوونی منداڵ، هەر وەک ئەوەی لە هێلکەدان هەیە توێکڵێکە لە ناو رەحمدا دروست دەبێت دوای ئەوەی سپێرم و زەردێنەی لە سکی مریشکدا دروست دەبێت تواتریش قپێلەکە، بۆ ئەوەی ئەم سپێرمە لە دوای دەرچوونی لە زیان بپارێزێت، بەڵام لە مرۆڤدا ئەم توێکڵ یان ئەم خۆویستییە و خۆپەرستییە لە دوای لەدایکبوون دروست دەبێت،وە ئەم خۆویستی و خۆپەرستییە لە ناو توێکڵی ڕۆحی مرۆڤدا دروست دەبێت. دڵ و جەستە وهەموو ئەندامەکان و غەریزەکان

که له مرۆڤدا هەن له دروستکراوی خودایه و ئەو خۆویستییه و خۆپەرستییه لەو توێکڵدایه لەناو خەیاڵ و دەروونی مرۆڤەکان دایه، واته بوونی ڕاستەقینەی له واقیعی ماددی و دەرەکیدا نییه وەک له واقیعی خەیاڵی و بوونه دەروونییەکان دایه وەک زمان و یاسا و حکومەت و ئایین و هاوشێوەکانی ئەو سەروەت و سامانه دەروونیانەی که مرۆڤ دروستی دەکات بۆ ئەوەی لەم ژیانەدا کارەکانی خۆی پێ رایی بکات، خودا بوونه بەرجەستەیەکەی (ماددی) دەرەکی دروست کردووه که جیهانی ڕاستەقینەدا ،وه مرۆڤیش بوونی دەروونی بۆ دروست دەکات، یان به واتایەکی تر خودا بوون دروست دەکات و مرۆڤ جەوهەرەکانی خۆی دروست دەکات، وەک بیری بوونگەرایی دەڵێت: وەک ناو بینینی دارستان ، بەڵام لەناو دارستاندا چەندین جۆری دار هەن کەچی تۆ له دوورەوه تەنیا دارستان دەبینی، هەر بۆیەش هەر تاکێک له دنیای خۆیدا دەژی و له پەیوەندیدایه، زمان، ئایین، داب و نەریت و کەلتور....هتد، تەنانەت هەموو مرۆڤەکان له جیهانی ماددی دەرەکیدا هاوبەش لەگەڵ یەکتردا.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگا دروستکربووە، کە ئەویش وەک چۆن هەندێک شت هەیە لە مێشکی منداڵدا دەیچەقێنێت و لە دروستکراوی خوداوە نییە . هەربۆیە گوێڕایەڵی کۆمەڵگا و داب و نەریت و ئایینی دەبیت و گوێڕایەڵی خودا نابن، وەک زانای گەورە (ئەلمیردامەد) دەڵێت: ئەگەر شەیتان یەکێک بووایە لە دروستکراوەکانی خودا، ئەوا نەیدەتوانی سەرپێچی خودا بکات، وەک چۆن ئەم توێکڵە دەروونییە سوود بە منداڵەکە دەگەیەنێت لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە دەوروبەرەکەیدا، بەڵام دوای ساڵانێک و دوای پێگەیشتنی عەقڵ و ویژدان لە کەسەکاندا خوازیاری ڕزگاربوون لەم توێکڵەی ململانی لە نێوان ئەم خۆپەرستییە و خودی ڕاستەقینەی مرۆڤدا دەست پێدەکات، کە ئێمە پێی دەڵێین ویژدان یان ڕۆحی ئیلاهی بەپێی قورئان کە دەڵێت:

(ونفخت فيه من روحي) واتە (لە رۆحی خۆم پێدا) هەر بۆیە هەمیشە خودا داوا لە مرۆڤەکان دەکات کە خۆیان لە خۆویستی و خۆپەرستی و لوت بەرزی بپارێزن وخۆیان دووربگرن و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی بەپێ

بەرژەوەندییە کەسییەکان و بەرژەوەندییە خۆپەرستەکانی خۆیان هەڵسووکەوت نەکەن،وە پێویستە حیساب بۆ بەها ئەخلاقییەکان بکەن ، وەک: مرۆڤایەتی، وەک چۆن لە ئایەتی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت: (ان الشیطان کان للرحمن عصیا). واتە (بەڕاستی شەیتان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کرد) جا لێرەدا مرۆڤ لەم ململانێ ناوخۆییەدا هەڵبژاردەی لەبەردەمدا هەیە لە نێوان ،خۆویستییەکە و ویژدانیدا،یان چاکە و خراپەدا، ئەو خۆویستییە و خۆپەرستییەی لە ناو ناختدا هەیە گەورەتر و چڕتر دەبێتەوە ئەگەر بەبەردەوام خۆراکی کردار خراپ و ڕەفتاری نا ئەخلاقی دژ بە ویستی خودا ئەنجام بدات، یان ئەو بابەتە کە غەریزەییە پێ بدەی، ئەوکاتە دەتوانێت بەسەر رۆحی پاک و ویژداندا زاڵ بێت.

ئایا ویژدان بەسەر خۆویستی و خۆپەرستیدا زاڵ دەبێت..؟ (بەڵێ) زاڵ دەبێت و سەردەکەوێت

کاتێک کە مرۆڤ لایەنی سۆزداری و چاکە و یارمەتیدان و هاوکاری و ڕاستگۆیی و پاکی، دەکرێتەبەر وپاشان سەر دەکەوێت بەسەر ئەو

خۆویستییە و خۆپەرستییە کە ناومان لێناوە غەریزە ئاژەڵییەکان یان شەیتانییەکان.

## ئایا وەحی چییە...؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا....

ئیمامی عەلی لە نەهج البلاغادا فەرموویەتی: (یقول الله سبحانه: فبي حلفت لأبعثن على اولئک فتنة تترک الحليم فيها حيران).

واتە: (خودای پاک و بێگەرد دەفەرموێت: سوێندم بە خۆم خواردووە، بەڵایەک دەنێرم بۆ ئەو کەسانەی کە ،مرۆڤی میهرەبان لە سەر لێشێواویدا بەجێدەهێڵن).

کەواتا لێرەدا زۆر بەئاشکرا و ڕاستەخۆ (ئیمامی عەلی) وشەگەلێک دەربارەی خودا دەگێڕێتەوە کە لە قورئاندا نییە و نەهاتووە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە:ئایا (ئیمامی عەلی) لە کوێوە ئەم قسەی هێناوە بەناوی خوداوە..؟ ئەگەر لە پێغەمبەرەوە گوێی لێبێت بۆ بەناوی پێغەمبەر نەگوتوە و بۆچی پێغەمبەر لە قورئاندا داینەناوە..؟ وە ئەگەر لە پێغەمبەرەوە نەبیستبێت، ئەوە بەو ئەمەدێت کە بڕوادار و چاکەکان دەتوانن لە ناو دڵیاندا گوێیان لە قسەکانی خودا بێت لە ڕێگەی ئیلهامەوە. ئەو دەڵێت:

خودا فەرموویت..واتا وەحی تەنها بۆ پێغەمبەر سنوردار نەکراوە..! وەک ئەوەی ئەهلی بەیت و زانایان و عارفان و سۆفیان و سونەکان و شیعەکانیش باسی لێوە دەکەن. کەوایە دەتوانرێت بگوترێ کە وەحی بەردەوامە و تایبەت نییە بە پێغەمبەران، وەک چۆن(محمد ئەبن علی ئەبن محمد ئەبن عربي)پێی وایە کەبە مردنی پێغەمبەر،وەحی یاسادانان پچڕا، بەڵام وەحی بەشێوەیەکی ڕەها نەپچراوە.

ئەگەر بێنە سەر قورئان دەبینین وەحی بەو شێوەیە نییە کە زانایانی ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکەن کە لە ڕاستیدا وشەی خودایە و ماناداره و پێغەمبەر دەستکاری نەکردووە، بەڵام لێردا قورئان دەڵێت:( انه لقول رسول كريم) واتا: قورئان پێغەمبەر بەشێوەیەک باسی کردووە و ڕوان بێژی بۆ کردووە تا عەرەبەکانی ئەو سەردەم لێی تێبگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ڕاستگۆ بووە لە وتەکەیدا کە ئەمە وشەی خودایە، وەک ئیمامی عەلی فەرموویەتی ئەمەی لە سەرەوە باسمان کرد سەرچاوەی گێڕانەوەی بۆ

خودا، واتە وەحی قورئان بە سێ شێوە یان شێواز دێت :

١- ئیلهام: وەک لە قسەکانی ئیمامی عەلیدا بینیمان کە ئەم فەرموودەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ خودای گەورە و ڕاستە بە بەڵگەوە کە کەس دژایەتی خۆی بۆ ئەو فەرموودەیە دەرنەبرییوە لە بەرامبەریدا، وەک نموونەکەی فەرموودەکانی ئەهلی بەیتدا هاتووە، زانایان و سۆفیەکان، ڕێیان پێداوە. هەروەها نموونەی (یوکابد)ی دایکی پێغەمبەر(موسا)سەلامی خودای لەسەر بێت، هەرچەندە (یوکابد) پێغەمبەر نەبووە، کەچی لە قورئاندا دەڵێت:( واوحينا الى ام موسى ان ارضعيه فاذا خفت عليه فألقيه في اليم) (وەحی) لێرەدا بەمانای ئیلهام دێت نەک سروش، چونکە پێغەمبەران هەموویان پیاو بوونەو هیچ ئافرەتێک پێغەمبەر نەبووە، وە هەموویان مرۆڤـ بوونەو کەسیان لە جن نەبووە، کە دەڵێت (ئیلهاممان بۆ دایکی موسا ناردو خستمانە دڵیەوە کە دووگیان بوو بە موسا، وە ئەگەر ترسای لەسەربازەکانی فیرعەون بیبە و بیخە ناو دەریای نیلەوە). ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە کەسانی خودا

پەرست و دیندارە ڕاستەقینەکان گوێیان لە وەحی بوو لە مێشک و ناخیانەوە،جا هەر بۆیە ئەگەر قسەیەکی باش و ڕاست بوایە، ئەوا باوەڕیان وابوو کە لە فریشتەکانەوە بووە، واتا لە خودای گەورەوە پێیان گەیشتووە. وە ئەگەر قسەکە پیس و بۆگەن و نادروست بایە، پێیان وابووە کە ئەم ئیلهامە لە جنە خراپەکانەوە بووە، هەر بۆیەش لەپێشتردا پێیان وابوو کە شاعیران پەیوەندییان لەگەڵ جنەکاندا هەیە، و شیعر ئیلهامێکی شەیتانەکان یارمەتی شاعیران دەدەن تا بتوانن شیعر بنووسنەوە، و لێرەوە تێدەگەین لەهەڵوێستی بێباوەڕەکان کە لەدژی (پێغەمبەر د.خ) لەسەر بێت کاتێک دەیانگوت ئەم قورئانە لە جنەکانەوەیە بۆ موحەممەدی شاعیر هاتووە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان ئیلهامی باش و بەسوودبوونە کە هاتووتە نێو بیر دڵ و مێشکی پێغەمبەرەوە، هەر بۆیە پێی وابووە کە لە خوداوەیە بووە، وەک لە کەلتوری ئەو سەردەمەدا ناسرابوو و بەڵگەش ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک لە ویژدان و دەروونی خۆیدا ئەم جۆرە

چەمکانی قورئان دەدۆزێتەوە، چونکە چەندەها کتێبی نووسەران هەن کە پڕیانە لە ئامۆژگاری و ڕێنمای باش لە شێوەی کتێبە ئاسمانییەکان وەک (ان الله یأمر بالعدل والاحسان وایتاء ذي القربی وینهی عن الفحشاء والمنکر). واتە: ( خودا فەرمان بە دادپەروەری و خێرخوازی و بەخشین بە خزم و کەسوکار دەکات و ناشرین و خراپەکاری قەدەغە دەکات. هە روه ها (دە) فەرمایشتەکەی پێغەمبەر( موسا) سەلامی خودای لی بێت لە خۆ دە گرێت ، وە ک چۆن ئیلهام هاتۆتە ناو میشک و دڵی و لە لوحەیەکدا نووسیتییەوە و هێناوە تە لای خەڵکەکەی و ووتییەتی ئەم وانەیانە لە خواوە هاتوون ،کاتێک دەڵێت:

(لا تقتل،لا تکذب،لا تزن،لا تشتهي زوجة جارک) (کەس مەکوژە، درۆ مەکە. زینا مەکە، چاومەبڕە ژنی دراوسێکەت و...).

ئێمەی مرۆڤ هەمان شت لە ویژدانماندا دەبینینەوە، واتە موسا شتێکی نوێی نەهێناوە کە ئێمە نەمانزانیبێت، هەتا دەوترێت ناعەقڵانییە ئەم فەرمانانە لەلایەن

مرۆڤێکی ئاساییەوە هاتبێت، و دەبێت پێغەمبەر بێت و ئەم فەرمایشتانە لە خودا وەربگرێت.

٢-لەبەرگرتنەوە: بەو پێیەی کە پێغەمبەر (محمد) د.خ بیرو باوەری تەواوی بە تەورات و ئینجیل، هەبووە، وە چەندین جار لە قورئاندا دانی پێداناوە ،کە دەڵێت:( نزل علیک الکتاب بالحق، مصدقا لما بین يدي من التوراة والانجیل) واتە (خوای گەورە ئەو قورئانە پیرۆزەی بە حەق و بە بەڵگەی تەواو دابەزاندووە بۆ سەر تۆ کە هیچ گومانی تێدا نیە، وە بەڕاستدانەری ئەو کتێبە ئاسمانیانەی پێش خۆیەتی لە تەورات و ئینجیل)، هەموو ئەو شتانەی کە باس کرابوون لە تەورات و ئینجیلدا وەک چیرۆکی پێغەمبەران و گەلەکەیان و وتەکانیانەوە..هتد جالێرەدا پێغەمبەر بەشێکی لە تەورات و ئینجیلدادەرهێناوەو بەشێوەیەکی ڕەوان بێژی و باشتر و جوانتر دووبارە دارشتنی بۆ کردووە و بە جلێکی نوێ پێشکەشی موسلمانانی کردوو و وتوویەتی ئەوانە لە خوداوەیە ،وە پێغەمبەریش ڕاست دەکات و ڕاستگۆیە لە قسەکانیدا، وەک وتمان ئەو باوەڕی وایە تەورات و ئینجیل لە خوداوە هاتووە،

هەروەک چۆن زانایانی ئیسلامی پێیان وایە سەحیحی (بوخاری) لە پێغەمبەرەوە هاتووە، یان کتێبی (کافی) لەلایەن ئەهلی بەیت دەرچووە، وەک ئەوەی دەڵێن: فلان و فلان فەرمووی ، ئیمامی سدیقیش فلان و فلان فەرمووی، لێرەدا بابەتەکە پەیوەندی بە ڕاستگۆیی نییە یان تا چەند قسەکە هاوتایە لەگەڵ واقیعی بابەتەکە، بەڵکو بەسە کە باوڕیان بەقسەکە هەبێت و هاوتابێت لەگەڵ بیروڕایان، وەک چۆن لە ڕابردوودا زانایان و فەیلەسوفەکان و مرۆڤەکان دەیانگۆت کە (خۆر) بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە چونکە بە شێوەیەکی بەرجەستە دەبینن کە لەسەر زەوێکی سەقامگیر نیشتەجێ بوون و سوڕانەوەی خۆری بە دەوریدا دێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان ڕاست دەکەن و درۆ ناکەن ، سەرەڕای ئەوەی زانستی مۆدێرن پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی ئەوانی سەلماندووە، ئەمە مانای ڕاستییە لەلای خودی کەسەکە، نەوەک ڕاستی بابەتەکە.

٣- ئیلهامی لێ وەرگرتن (استیحاء): کە لە زۆر ئایەتەکانی قورئاندا دەبینین کە خودا لەگەڵ شتێکدا

قسە دەکات ناعەقڵانییە و ناتوانرێت ئەم جۆرە وشانە لە خوداوە دەربچن، و ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێغەمبەر ئیلهامی وەرگرتووە لەم ڕووداوە یان دیاردە سروشتییە و لە شێوەی وقسەکردن دروستی کردووە وە بڵێی کە لە نێوان خودا و ئەو شتەدا ڕوویداوە، وەک لە قورئاندا دەڵێت: (واذ قلنا لجهنم هل امتلأت فتقول هل من مزيد)واتا(لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە بە دۆزەخ دەڵێت: ئایا پڕ بوویت..؟ ئەویش هەر ئەڵێ: ئایا زیاتر هەیە بیهێنی )روون و ئاشکرایە کە (خودا) قسەی لەگەڵ دۆزەخدا ناکات کاتێک پێ دەڵێت پڕبووی یان نا،چونکە هێشتا قیامەتدا نەهاتووە و خودا زانا و زانەرە بە هەموو شتێک وە دۆزەخ چۆن وەڵامی دەداتەوە و بە چ زمانێک و خۆ دۆزەخ بێ زمانە..؟ یان بەم شێوەیە کاتێک دەڵێت: ( ثم استوى الى السماء وهي دخان فقال لها وللارض ائتيا طوعا او كرها قالتا اتينا طائعين). واتە: (خوای گەورە بە ئاسمان و زەوی فەرموو بە گوێڕایەڵی خۆتان یان بە پێناخۆش بوونی خۆتان فەرمانی من جێبەجێ بکەن، ئەی ئاسمان خۆرو مانگ و ئەستێرەکان دەربکە، ئەی زەوی ڕووبارو دەریاو کانیاو و بەرهەم و ڕووەکانت دەربکە، وتیان: ئەی

پەروەردگار هەردووکمان ملکەچ و گوێڕایەڵین بۆ فەرمانی تۆ) کەواتە زەوی چۆن قسە لەگەڵ خودا دەکات و خوداش لەگەڵ ئەودا..؟ ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە بە شێوەی ئلیهام لێوەرگرتن (الستیحاء) دەریدەبڕین، واتە پێغەمبەر ئیلهام لە دیاردەیەکی سروشتی وەردەگرێت وەک وشەیەک لە نێوان خودا و بوونەوەرەکانیدا، هەروەها بە هەمان شێوە قسەکانی خودا لەگەڵ فیرعەون کاتێک خنکا (فالیوم ننجیک ببدنک لتکون لمن خلفک آیة)واتا ( ئەمڕۆ لاشەی تۆ ئەپارێزین بەبێ گیان،تا ببیت بە پەند کە خوای گەورە هەر کەسێک لووتبەرزی بکات چی بەسەر دێنێت ) ئایا ڕەوایە کە خودا لەم کاتە تایبەتەدا بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ فیرعەون کردبێت و سوودی چییە کە خودا پێی بڵێت دوای مردن لاشەت ڕزگار دەکەین..؟ وە هەمان ئەو قسانەی کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە نێوان خودا و خەڵکی دۆزەخدا ڕوودەدات، یان لە نێوان دانیشتوانی بەهەشت و دانیشتوانی دۆزەخدا، چونکە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین ئەو ئاگرەی کە لە قورئاندا هاتووە مێشک و زمانیشیان دەسووتێنیت، کەواتە چۆن

دەتوانن قسە بکەن و وەڵام بدەنەوە..؟ لێرەدا نموونەکان زۆرن..

لەم قسانەی پێشوودا ڕوونە کە پێغەمبەر محمد لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بووە سەبارەت بەو باوەڕەی کە ئەم قسانە لە خوداوەن و لە هەمان کاتدا بە دڵنیاییەوە دەزانین کە خودا ڕاستەقینە بەم شێوەیە قسەی نەکردووە، بەم شێوەیە دەتوانین زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان بەدەر بکەین و پابەند نەبین پێیان و شوێن عەقڵ و زانست بکەوین لە هەمان کاتدا حەقیقەتی قورئان و کتێبە پیرۆزەکانی تر بپارێزین. جا لێرەدا مەسەلەک پابەندبوون نییە بە هەموو ئایەتەکان، وەک ئەوەی مرۆڤە دیندارەکان دەڵێن، یان ڕەتکردنەوەی هەموو قورئان ، وەک ئەوەی ڕۆشنبیران و فەیلەسوفان دەڵێن.

## بۆ دەبێ ئەخلاقی بین..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

لە قورئاندا نوسراوە: ( ان الله يأمر بالعدل والاحسان وايتاء ذي القربى وينهى عن الفحشاء والمنكر والبغي..)النحل-٩٠ واتا:(خوای گەورە فەرمان دەكات بە دادپەروەری و چاكەكردن، وە بەخشین بە خزمە نزیكەكانتان،وە دژی هەموو بەدڕەوشتی و خراپەكاری و زوڵم و ستەمە).

لێرەدا ئەم ئایەتە قورئانییە ئاماژەیە بۆ پرسێكی گرنگی فەلسەفەی ئەخلاقی، جا لێرەدا بابەتەكە ئەخلاقییە وە ئایا ئەم سەرچاوە كێیە كە داوا دەكات كە پابەندی بەها و بنەما ئەخلاقییەكان بین..؟ لەمبارەیەوە چەند بیروكەی جیاجیا هەیە، كە بە كورتی چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

١- خودا: لەلای مووسلمانان و زۆربەی مەسیحییەكان سەرچاوەی یاسا و شەریعەتی ژیانە ، ئەم دیدگایە بە واتای ئەوە دێت كە خودای گەورە فەرمان دەكات بە

مرۆڤەکان کە ڕاستگۆ و ڕەوشت بەرز وچاکەکاربن، و دوور بکەونەوە لە خراپەکاری، و مەسیحییەکان پێیان وایە مەسیح خەڵکی بانگ کردووە بۆ ئەخلاق، ئەگەر وانەبوایە ئەوان پابەندی ئەم فەرمانە نەدەبوون. کێشەی ئەم دیدە بۆ موسڵمانان ئەوەیە کە ئەم جۆرە ئەخلاقییە لە چاکە و خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، ئەوەندەی خۆپەرستی و خۆویستی تێدا بەدی دەکرێت چونکە کاتێک ئەو کەسە کارە ئەخلاقییەکان ئەنجام دەدات یان بەهۆی ترسەوەیە یان بۆ بەدەستهێنانی پاداشت لەلای خوداوە ،جگە لەوەش زۆرجار ئایەتی کتێبە ئاسمانییەکان و شەرعییەکان باس لە ئەخلاقییەکان دەکەن. کەچی هەڵسووکەوتی داعش و قاعیدە و زۆربەی گروپ و حزبە ئیسلامییەکان پێچەوانەی بنەما ئەخلاقییەکانە.

٢-ئەقڵ، یەکێکە لە ریبازەکانی موعتەزیلەکان و فەیلەسوفە کۆنەکانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆیە، کە تیایدا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەقڵ هەست بە چاکە و خراپە دەکات و لێکیان جیادەکاتەوە، هەروەها فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە دەبێت پابەند بێت بە بنەما

ئەخلاقییەکان و ئەخلاق بۆ ئەوەی بتگەنیتە بەختەوەری و پلەی کاملبوون لە ژیاندا، بە دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی لە هەموو کردارێکی ئەخلاقیدا و هەمیشە ڕەچاوی سنوری ناوەڕاست بکات، لێرەدا کێشەکە لە  پێرەوە و پڕۆگرامدا نییە بەڵکو زۆرجار حەزوئارەزوو زاڵ دەبێت بەسەر ئەقڵدا، و ئەقڵ بەدوای بەرژەوەندی وسوودی تایبەتی بەکەسەکە دەکەوێت ، ئەم نموونەیە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە بەختەوەری چەمکێکی ناڕوون و تەم و مژاوییە، و زۆربەی کەسەکان لە کۆکردنەوەی پارەدا دەیبینن، هەندێکیشیان لە پۆست و پلە و پایە یان لە زانست و ئەدەب و.... هتد دەبینن.

٣-کۆمەڵگا: یەکێکە لە ڕێبازەکانی دەروونناس و کۆمەڵناسەکانە، بە بڕوای (فرۆید) خۆپەریست و خۆویستی خودی باڵایە یان، ڕۆحی کۆمەڵگایە،و بە بڕوای( دورکهایم) کۆمەڵگا وا لە مرۆڤەکان دەکات کە پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان بن،و بەسەردا دەسەپێنێت، بۆ ئەوەی یەکگرتووی گومەڵگا بپارێزن تا بەرکەوتن

لە نێوان تاکەکاندا ڕوونەدات و بۆ بەهێزکردنی ڕۆحی هاوکاری لە نێوان یەکتردا، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بنەما و سەرچاوە ئەخلاقیەکان گۆڕاوە، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتریش وەڵاتە ئیسلامییەکان،ئەخلاق لە ناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ڕێژەییە نەوەک رەها، وەهەروەها زۆر جاریش کۆمەڵگا مرۆڤەکان هان دەدات و داوایان لیدەکات بۆ ئەنجامدانی کارە نا ئەخلاقییەکان، بە تایبەت بەرامبەر بە گەلانی دیکە و کۆمەڵگاکانی تر کە ڕێباز و ئاینی و زمانی جیاوازییان هەیە لەگەڵ خۆیاندا، وەک نموونەی داگیرکەری کۆلۆنیالیزم و نازیزم وشۆفینییەکان وئەخلاقی خێڵەکان و....هتد.

٤- ویژدان، ڕێبازێکە لە ئەخلاقدایە،کە سەیر دەکەین دەبینین کە ئەخلاق تەنها لە ویژدانەوە سەرچاوەی گرتووە. ویژدان ئەو هێزەیە کە مرۆڤ ناچار دەکات بەشوێن ڕێگای ئەخلاقدا بکەوێت، بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەنی بکاتەوە یان چاوەڕێی هیچ پاداشتێک لە کۆمەڵگا و خودا و کەسانی تر بکات ، و پێچەوانی ئەمەی باسم کرد هیچی ئەخلاقی

نییه.. و ئەم کێشەیەی ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە وژدانێکی بەهێزمان نییە بۆ چاکەکردنی مرۆڤەکان لە ئەخلاقییەوە سەرچاوە بگرێت و لێی تێ بگات و ویژدان خاوەنەکەی ناچار بکات بۆ کاری باشە و جێبەجێ کردنی فەرمانەکان، بە تایبەت ئەگەر کردەوە ئەخلاقییەکەی پێچەوانەی بەرژەوەندی تاکە کەسی بێت و قازانجەی خۆ تێدا بەدی نەکات.

٥- سوودمەندی، ئەم ڕێبازی ماتریالیست و پراگماتیستەکانە (ماددی) کە پێیان وایە سەرچاوەی هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە ئەخلاقیشەوە ئامانج لێی سوودی تاکە کەسییە.وە هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا لە پیناوی خۆشەویستی تاکە کەسی هەنگاو دەنێت و دەیەوەێت هەرچی چاک و باشە بۆ خۆی بێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی کەسانیتریش بێت، بێ ئەوەی رەچاوی ئەم چاکانە بکات کە خەڵک لەگەڵیدا کردووە وەهەروەها بێ رەچاوکردنی بنەما ئەخلاقی و دادپەروەری وپاکی و ڕاستگۆیی و شکۆی کەسایەتی خۆی. تەنانەت هەندێکجار خۆی ماندوو دەکات ،بەڵام

له کۆتایدا سوودەکەی هەر بۆ خۆی دەگەڕیتەوە بۆ نموونە کاتێک خزمەت بە کەسانی دیکە دەکات و بەشدار دەبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕۆحی خۆشەویستی و هاوکاری لە نێوان خەڵکدا، وەک ئەندام پەرلەمانەکان و حزبە سیاسی و ئیسلامییەکان بۆ بەدەست هێنانی سوودێکی درێژخایەن چەن مانگ و ساڵێک خۆیان ماندوو دەکەن پاشان لەسەر حیسابی خەڵکی هەژار و نەدار دە کەونە خۆشی ژیان، خەڵکیش دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەن.. ئەم بنەمایە زۆر نائەخلاقییە هەروەها زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ئەخلاق دەبێتەوە، بەتایبەتی کاتێک ئەخلاق لەگەڵیدا ناکۆک لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکەی، واتە زۆر ئەستەمە مرۆڤ بدۆزییەوە لەهەموو حالەتەکاندا بیر لە بەرژەوندی گشتی بکاتەو و پشت لە بەرژەوەنییە تایبەتییەکانی خۆی بکات لە پێناو مرۆڤەکاندا، ڕەنگە سەرتا کەمێک ماندوو بێت و ببەخشێت بەڵام لە کۆتایدا سوودەکەی هەر بۆ خۆی دەگەیەنێت، وەک ئەو ڕاوچییەی چەند دانەیەک دانەوێڵە دەدات بە باڵندەیێک تا ڕاوی دەکات و پاشان

گۆشتەکەی دەخوات. ئەی ئەگەر هیچ سوودێکی ماددی بۆ نەبێت..؟

٦- عەشق، کە ڕێبازی عارفانەکان و هەندێک لە زانایان و فەیلەسوفانی ئەخلاقییە، کە پێیان وایە تاکە پاڵنەری ڕاستەقینە، پاڵنەر ئەخلاقە کە دەبێت لە پێناو خۆشەویستی و چاکە ورەوشتی بەرزەوە بێت، یان خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی نەک لە پێناو بەرژەوەندی یان شتێکی تردا، ئەگەرنا بە ئەخلاق هەژمار ناکرێت... ئەم بۆچوونە بە مانای ئەخلاقی ڕاستەقینە دێت. وەهەروەها ئەم شێوازەش لە بنەمایەکانی ویژدان خراوەتەڕوو، لێرەدا هەموو مرۆڤەکان چێژ لەم خۆشەویستییە ورەوشتی بەرز و چاکە کردن وەرناگرن و تەنیا چەند کەسێکی کەم نەبێت کە گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی کامڵبوون و مرۆڤدۆستی و ئەخلاقبوون. نموونە چەندەها ملیونێر هەن ،بەڵام چەند کەسیانی ئەخلاقین..؟

جا لێرەدا دەبینین کە هەموو لاینەکانی ئیسلام و نا ئیسلامی هەمان بۆچوون و تێڕوانینیان بۆ ئەخلاق

هەیە، ئەویش ئەخلاق دەگەرینەوە بۆ سەرچاوەی ئەخلاق لە ڕەفتاری مرۆڤەکان.

وە هەروەها هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی پابەندبوون بە ئەخلاقەوە لە یەک ئاستدا نین، زۆرجار زۆرینەی خەڵک پابەندن بە ئەخلاقەوە چونکە کۆمەڵگا یان داب و نەریت بەسەریاندا دەسەپێنێت کە ئەخلاقی بن و هەندێکیان ئاینەکەی ناچاری دەکات کە پابەندی ئەخلاق بێت چونکە فەرمانی (خودا)یە کە دەبێت ئەخلاقی بێت ،لێرەدا ئەگەر خودا و ئایین و کومەڵگا نەبوایە، هیچ پاڵنەرێکی دەروونی یان ویژدانی یان مرۆڤایەتییان نەدەدۆزیەوە بۆ پابەندبوون بە ئەخلاقەوە. وە لەناو ئەم مرۆڤانەدا، مرۆڤانێک هەن کە بە ویژدانێکی بەهێز دەژین و پابەندن بە هەموو بنەما ئەخلاقییەکانەوە و تاکە پاڵنەریش پەیوەستە بە ویژدانییانەوە، لە ڕاستیدا کەسانێکی زۆر کەم هەن کە چێژ لە خۆشەویستی و خزمەتکردنی مرۆڤەکان وەربگرێت و مەزنی و گەورەیی لە ناو چاکەسازی و چاکسازیدا بدۆزێتەوە تەنها لە پێناو خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی، ئەمەش

بەرزترین ئاستەی مرۆڤە کاتێک دەگات بە بەرزترین ئاستی ئەخلاق لە ژیاندا.

******

## ئایا ئاین سەرچاوەی بەختەوەری مرۆڤ..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا..

قورئان دەڵێت: (ومن اعرض عن ذكري فان له معيشة ضنكا ونحشره يوم القيامة اعمى) طه ١٢٤.

واتا(هەر کەسێکیش پشت لە دین و قورئانەکەی من بکات،بە دڵنیایی ژیانێکی تەنگ و تەسک وناخۆش لە دونیادا دەژیَ،وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری ئەکەین)

وە هەروەها دەفەرموێت: (الا بذكر الله تطمئن القلوب) - الرعد ٢٨. واتا(بزانن کە تەنها بە زیکرو یادی خوای گەورە دڵەکان هێمن و ئارام و ئاسوودە ئەبێت)

ئایەتی دووەم پێچەوانەی ئایەتی یەکەمە و بەو مانایە نییە کە لە ئەنجامدا یەک شتە و گونجاون وەک هەندێک کەس پێیوایە، بەڵکو پابەندبوونەو و پەیوەندییان بەیەکەوە نیە، واتە قورئان ئەم ڕاستییە دیاری دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسەی خودای گەورە لەبیری

دەكات لە دونیا و قیامەتدا ژیانێكی تەنگ و تەسک و ناخۆشی دونیادا دەژێت ، بە پێچەوانەی ئەو كەسەی كە یادی خوای گەورە دەكات، بە دڵێكی ئارامەوە دەژی دوور لە بارودۆخەكان، خەم و گرژی لە ژیاندا، واتە ژیانێكی ئاسوودە و باش،وەهەروەها شێخەكان و ئیسلامیەكان دەڵێن، پابەندبوون بە ئیسلام گەرەنتی بەختەوەرییە لە دونیا و قیامەتدا، ئەوانەی سەرپێچی خودا و ئایینن بكەن ژیانێكی سەخت دەژین، ژیانێكی نەگبەتانە لە دونیا و دوارۆژدا هەیە كە لە قورئاندا هاتووە.

ئەم وتارە شایەنی ئەوەی قسەی لەسەر بكرێت و پێویستی بە هەندێک تێبنی هەیە:

١- ژیانی ڕاستەقینەی موسلمانان ئەم قسەیە پووچەڵ دەكاتەوە، چونكە زۆربەی مرۆڤە ئاینداره ئیسلامییەكان لە ژیانێكی سەخت و تەنگ و نەگبەتدا دەژین، وە زۆربەی زۆریان تووشی نەخۆشی درێژخایەن بووینە وە كێشەی دەروونیان هەیە ، وە نوێژ دەكەن بەڕۆژو دەبن و یادی خودا دەكەن، لە لایەكی دیكەوە بۆمان دەردەكەوێت كە زۆرێک لە

کەسانی غەیرە ئایین لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت لە وڵاتانی سکاندیناڤیا بە خۆشی دەژین، وەک لە توێژینەوە و ئامارەکاندا سەلمێنراوە و دیارە بەو بەڵگەیەی هەزاران موسلمانیش ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردووە بۆ ژیان. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە هیچ پەیوەندی بە یاد نەکردنەوەی خوا و ئازاردان لە ژیاندا نییە، وەک لە ئایەتی سەروە ئاماژەی پێکراو و هاتووە، چونکە خۆشبەختی لە ژیاندا پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە ، وەک شێخ و پیاوانی ئاینی بانگێشەی بۆ دەکەن.

٢- بەو پێیەی کە ئایین بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەهێنێت، ڕەنگە بەختەوەرییەکی وەهمیی بێت وەک ئەوەی کاتێک کەسێکی ئالودەبووە بە مادەی هۆشبەر هەست بەهیچ ئازاریک ناکات  لەدوای خواردنی یان وەک چۆن بە منداڵێکی هەتیو دەوترێت کە باوکت گەشتی کردووە بۆ چین و کاتێک گەرایەوە دیارییەکت بۆ دەهێنێت، هەر بۆیە منداڵەکە بەم فێڵە ماوەیەکی کاتی ئارام دەبێتەوە، یان ڕەنگە بەهەما شێوەی بەڵێنی پیاوانی ئاینی بێت بەوەی لە بەهەشتدا چەندین ژنی شۆخ وشەنگتان پێدەدەن . لێرەدا مرۆڤە عەقڵانەکان باوڕ بەم

خۆشبەختییە ساختە و هەمییانە ناکات. لەڕاستیدا ئایین سوودی هەیە لە بڵاوکردنەوە سەبر و ئارامی لە ڕۆحی ئەو کەسانەی خواپەرستن لە ژیانیدا کاتێک ڕووبەڕووی ئیش و ئازار و تەنگانە دەبێتەوە، هەروەها بەختەوەریشیان پێ دەدات، بەڵام فێڵکردن قبوڵ نەکراوە تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئاینیش بێت،

چونکە ئایین بەڵێنی زۆری بە خەڵک داوە، بەڵام بەڵێنی شکاندووە وەک وەڵامدانەوەی دوعاکان، وەک (ادعوني استجب لکم) واتا (بانگم بکەن، من وەڵامتان دەدەمەوە) و هەروەها (صلة الرحم تطیل العمر) (سەردانکردنی خزمان تەمەنتان درێژ دەکات)لێرەدا موسلمانان لە ڕۆژئاواییەکان زیاتر سەردانی یەکتر دەکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بەهێزترە، لەگەڵ ئەوەشدا موسلمانان تەمەنیان کورترە لە کەسانی خۆرئاوا بەپێی ڕاپۆرتەکان و سەرژمێرییەکان. هەروەها (ان تنصروا الله ینصرکم)واتا:

( ئەگەر ئێوە دینەکەی خوای گەورە سەربخەن ئەوە خوای گەورەش ئێوە سەر ئەخات) ئاینی خودایان سەرهێخست کەچی سەرنەکەوتن بەسەر ئیسرائیل و

ئەمریکادا، تەنانەت بەسەر سەدام و قەزافیشدا، تەنها دوای ئەوەی  ڕۆژئاوای بێ باوڕ سەرکەوتنی پێ بەخشین، و ئەوان هێشتا دوای سەرکەوتن لە خودا دەکەن لە سوریا دژی حکومەتی عەلمانی بەشار،من هیچ شتێک نالێم، سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییە گەورە و وێرانکارییە زەبەلاحەی کە لە سووریادا ڕوویداوە، هەروەها) الصدقة تدفع البلاء):   واتا ( بەخشین بەڵا لا دەبات) کەچی ڕووداوی هاتووچۆ و نەخۆشی لە وڵاتانی ئیسلامییەکان زۆر زیاتر لە ڕۆژئاوایەکان ، سەرەڕای قوربانی زۆر و خێری موسڵمانان پێش ڕووداوەکان و دوای ڕووداوەکان ، وە قورئان دەڵێت (ولن يجعل الله للكافرين على المؤمنين سبيلا) واتا( هەرگیز خوای گەورە کافران زاڵ ناکات بەسەر باوەڕداراندا هەتا باوەڕداران دەستگرتوو بن بە دینەکەوە خوای گەورە سەریان ئەخات بەسەر کافراندا، وە لە رۆژی قیامەتیشدا بەهەمان شێوە) لێرەدا ئێمە پێچەوانەکەی دەبینین، هەروەها ئەوەی لە ئایەتی سەرەوەدا باسی لێوە کرد. ئەگەر ئایین لە ژیانەدا بەڵێنەکانی لەبەرامبەر موسڵمانان بشکێنێت، لەوانەیە لە ژیانی داهاتووشدا بەڵێنەکەی بشکێنێت و ئێمەش دوای

مردن بچینە ئەوێ و هیچ شتێکمان دەست نەکەوێت و هیچیش نەدۆزینەوە. واتە ئەم بەڵێنانە تەنها سوودی دەروونییان بۆ موسلمانان هەیە، وەک ئەو پزیشکەی هەندێک جار حەبی ڤیتامین دەدات بەو نەخۆشانەی، نەخۆشی دەروونییان هەیە، ئەم حەب و دەرمانە ساختانە ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی دەروونی نەخۆشەکە. جا کارەساتەکە ئەوەیە کە مرۆڤە ئاینداره‌کان ئەم ڕاستییە دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نین واز لە بەڵێنەکانی قورئان بهێنن، چونکە پێیان وایە کە قورئان هی خودایە خوداش ڕاستە، لێرەدا ئەوانە دەزانن کە خودا ڕاستەقینە درۆ ناکات و بەڵێنەکەی ناشکێنێت، بەڵام قورئان هی شەخسی (محەمەدە) نەک خودای ڕاستەقینە، هەر بۆیەش کێشەکان چارەسەر نەبووە.

٣- ئێمە دەپرسین: مەبەست لە ئارامی دڵ کە لە زیکری خوداوە دەرئەنجامی چییە، و لەوێوە ئەو نەهامەتییە دەزانێت کە لە نەبوونیدا دروست دەبێت..؟ ئەگەر نیەتی ئارامی دەروونی و خود بێت، ئەوا دڕندەکانیش ئارامی دەروونییان هەیە بە ئارامی دەروونیش دەژین و

پێموانییە قورئان موسڵمانان  بە دڕەندەکان بچوێنێت. یان ڕەنگە مەبەستی ئارامی دەروونییە لەگەڵ پێشکەوتن و سەرکەوتنی مرۆڤدابێت، وەک ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین تا مرۆڤدۆستتر بێت و تا بەرەو کامڵبوونی ئەخلاقی وبەڕێگای ئەخلاقیدا بڕۆی، بەختەوەری کەمترە و نەهامەتیەکانیشی گەورەتر و زیاتر دەبێت، وەک دۆخی کەسانی پاک و چاکسازیخوازان.

٤- یان مەبەست لە دڵنیاکردنەوەی دڵ چییە، هێزی ئیمان دڵنیایە، کە لە ئیماندا گومان و دوودڵ نییە، چونکە تیرۆریستان و سەلافیەکان لەم دۆخەشدا دەژین بەجۆرێک کە ئامادەیە خۆی بتەقێنێت و هەموو ئەو کەسانەی لە دەورووبەریدا هەیە بیانکوژی ئەمەش بەهۆی بەهێزی باوەڕ بوونیتی بە ئایینەکەیەوە، و پێموانییە قورئان بانگمان بکات بۆ یادکردنەوەی خودا تا ئێمەش وەک ئەو تیرۆرستان بین. یان ئاشقێک هەست بە خۆشی دەکات کاتێک لەگەڵ خۆشەویستەکەی هاوسەرگیری دەکات، یان کەسێک سامانێکی گەورەی لە ڕێگای میراتەوە دەست دەکەوێت

که لەم ڕێگایەدا هەموو ئەم شتانە دابین دەکات کە لە ژیانیدا مەبەستییەتی، بەڵام ئەم جۆرە خۆشییە کاتییە و بەردەوام نابێت ئەگەر کوڕەکەی مایەی خۆشییەکانیتی ئەوە کوڕەکەی بە نەخۆشی یەک کۆتای دێت، وە سامانەکەی لەدەست دەدات کە کۆی کردۆتەوە، یان خۆشەویستەکەی لەدەست دەدات، یان دوای ماوەیەک جێی دەهێڵێت، یان ڕەنگە ئەم یەکێک لە کوڕەکانی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە ببێت، یان سامانەکەی لەدەست بدات، یان خۆشەویستەکەی شۆخ و شەنگییە سیحراویەکەی لەدەست بدات، یان دوای ماوەیەک جێی بهێڵێت و خۆی تووشی نەخۆشییەک ببێت یان هیچ نەبێت کاتێک لە شەودا بیری مردن دەکات هەموو خۆشییەکانی لێ تێکبچێت، جالێرەدا ئەم خۆشییە پەیوەستە بە ئەقل و ویژدانی مرۆڤەکانەوە.

٥- سەبارەت بە بەختەوەری ڕاستەقینە، وەک لەلایەن عرفانییەکان و هەندێک لە دەروونناسە مرۆییەکانەوە دەبینرێت، وەک (کامیلی فرانکڵ)و

( جوردن بوندت) و( ئیزیا بەرلین)پێیان وایە تەنیا کاتێک ئەم بەختەوەرییە بەدی دێت کە کەسەکە مانای

ژیانی خۆی بەدی بهێنێت و خۆی بگات بەڕاستییەکانییەوە و ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات(بێگومان بەدەستهێنانی مانا جیاوازی هەیە لە دۆزینەوە خود بەڵام پەیوەستە)جا لێرەدا شادی و ئاسوودەیی ناوەوە بەردەوام لەگەڵتدا دژی سەرەڕای ناخۆشییەکان و بارودۆخە سەختەکانی ژیان، وە ئەم ئاستە باڵایە لە خۆد بەدیدێنێت وئاسوددی ویژدانی لە یادی خودادا بەدەست نایەت وەک ئەوەی مرۆڤە ئاینییەکان خەیاڵی دەکەن، هیچ مانایەکی نییە داوا لە هاوڕێکەت بکەیت کە پێبکەنی بێ ئەوەی نوکتەکە یان گاڵتەجارییەکی بۆ بگێرییەوە، چونکە ئەگەر بەبێ ئەو پێبکەنی، ئەوا پێکەنینێکی مەجازی و درۆ دەبێت، وە لەگەڵ چیرۆکی گاڵتەکەدا، بەڕاستی پێدەکەنێت بەبێ ئەوەی پێویستت بەوەبێت داوای لێبکەیت.. بەهەمان شێوە کاتێک بەکەسێک دەڵێی یادی خودا بکات بەبێ ئەوەی کەسەکە هەست بە پەیوەندی دڵ بکات لەگەڵ خودادا و کەسێک ئاشقی کەسێک بێت هەستی پێناکات ، وە لەگەڵ بوونی خۆشەویستی بۆ خودا پێویست ناکات داوای زیکر بکرێت چونکە خۆشەویستی ئەو بۆ خودا بەسە بۆ ئەوەی خودای لەبیر بێت بۆ هەمیشە ،

ئایا دایک پێویستی بە کەسێک هەیە تا منداڵەکەی بیربخاتەوە..؟ بەو مانایەی کە یادکردنەوەی ڕاستەقینە دەرئەنجامی بوونی خۆشەویستی و هۆکارەکەیەتی، نەک ئەوەی کە هۆکارێک بێت بۆ خۆشەویستی دواتر، چونکە خۆشەویستی بۆ خودا لە ڕێگەی زیکرە زمانەوانییەوە نایەت و لەوانەیە ئەو جۆرە یادکردنەوە پاڵنەری خۆویستی و خۆپەرستی بێت یان ڕۆحی دیار بۆ بەدەستهێنانی پاداشت یان بۆ ئەوەی خاوەنەکەی قەناعەت پێبکات کە ئیماندار و ئاییندارە، هەربۆیە دەبینین سەلەفییەکان زۆربەیان خودایان لەبیر دەکەن و قورئان دەخوێنن و نوێژ دەکەن، هەرچەندە لە مانای خۆشەویستی بەهیچ شێوەیەک تێناگەن.

ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکانی بەدیهێنانی خود و بەدەستهێنانی بەختەوەری لە ژیاندا و لە ڕێگای خۆشەویستی بۆ خودا. بەڵام ریگای بەختەوەری ڕاستەقینە و خۆبەدیهێنان و بەخشینی مانا بە ژیان تەنیا لە زکری خودا سنوردار نییە.. (بودا) بۆ نموونە باوەڕی بە خودا نەبووە، بەڵکو لە ریگەی بیرکردنەوە

و ڕاهێنان گەیشتە لوتکەی کاملبوونی ئەخلاقی و بەختەوەری راستەقینە لە ئانجامی پاکردنەوەی روحی لە ئارەزووەکان.

ئەمە دۆخی ریفۆرمخوازە مرۆڤدۆستانەکان کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هاتە ئاراوە.. خاڵی هاوبەشی نێوانیان ڕزگاربوونە لە خۆویستی و خۆپەرستی و هەستکردن بە خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی و فەزیلەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسەکان و بە دروستکردنی خانەی هەتیوان یان قوتابخانە و باخچەیەک بۆ منداڵانی هەژار یان دروستکردنی نەخۆشخانە یان بەشداریکردن لە دامەزراوەیەکی خێرخوازی و خەرجکردنی بەشێک لە پارە و کاتەکانی بۆ کاروباری مرۆیی و خێرخوازی، یان خەبات دژی ئەو هێزە هەژموون و مافیایانەی کە لە وڵاتەکەیدا هەن، یان کاردەکەن بۆ ئەوەی خەڵک پەروەردە بکەن و مێشکیان ڕۆشن بکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچ تەماحییەکی هەبێت تەنیا بە زاڵبوون بەسەر حەز و ئارەزوەکانی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی یان بەشداریکردن لە داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکان کە خزمەت بە

مرۆڤایەتی بکات، وەک( ئەدیسۆن) و (نیوتن) و (ئەنیشتاین) وکەسە گەورەکانی تری لە بواری زانست و شارستانیەتدا، یان لە یەکێک لەبوارەکانی هونەریدا کارێک ئەنجام بدات وەک وێنەکێشان و پەیکەرسازی و مۆسیقا و چیرۆک و شیعر و...هتد ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە کە ڕێگاکانی گەیشتن بە خود و بەخشینی مانا بە ژیان دەدات و بەم شێوەیە بەختەوەری ڕاستەقینەی سۆزداریە جۆراوجۆرەکان دێنە ئاراوە.لێرەدا هەموو مرۆڤێک ڕێگەیەکی هەیە یان چەند ڕێگایەکی هەیە بۆ گەیشتن بەبەختەوەری ئارامی دڵ و دەروون، بەڵام زۆربەی خەڵک بێ ئاگان لێیەوە.

******

## ئایا ئایین پێوەرە بۆ دادپەروەری یان داپەروەری پێوەرە بۆ ئاین..؟

لە تێڕوانینی ئێمە و ئەواندا...

ئامانجی هەر هەموو پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان چەسپاندنی دادپەروەری لەنێوان مرۆڤەکاندا و یەکسانییە لەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگادا، بەڵام ئایا ئایین پێوەرە بۆ دادپەروەری یان ئەو دادپەروەرییە پێوەرە بۆ ئایین..؟ بەشێوە یەکیتر ئایا ئایین فەرمان بە دادپەروەری دەکات، یان ئەوەی ئاین فەرمانی پێدەکات، تەنیا ئەو دادپەروەرانەیە..؟ ئایا مرۆڤەکان تەنیا لە ڕێگای شەریعەت و دەقە ئاینییەکانەوە هەست بە نادادپەروەری و دادپەروەری دەکەن..؟ یان لەڕاستیدا دادپەروەری و نادادپەروەری لەلای هەموو مرۆڤەکان ناسراوە و بێ ئەوەی لە ڕێگای ئایینەوە پێی ئاشنابن. واتا ئەگەر ئاین نەبێت ئەقل حوکم بەسەر مرۆڤدا ناکات و نازانن دادپەروەری نادادپەرەوری چییە..؟ ئایا دادپەروەری لە نێوان حوکمی شەریعەتەکان و کتێبە ئاینەکان و ئەقڵی مرۆڤەکاندایە..؟

لێرەدا پیاوانی ئاینی پێچەوانەی (موعتەزیلەکان) پێیان وایە ئاین پێوەرە بۆ دادپەروەری، بەڵام موعتزلەکان و فیلەسوفان پێیان وایە دادپەروەری پێوەرە بۆ ئایین.

وەک پرسیارێک بۆ پیاوانی ئاینی و فقهناسەکان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێن، کە: چۆن ڕێگە بە پیاو دەدرێت بەبێ بیانوویەکی مەعقول لە ژنەکەی جیاببیتەوە یان ڕێگە بە بەشداریکردنی ژنەکە نادەیت لە پرسەی باوکی و ناشتنی تەرمەکەی ئامادەبێت ئەگەر مێردەکە ڕێگری لێ بکات..؟ دەڵێن ژنەکە مافی ئەوەی نییە تەنانەت ئەگەر مێردەکە نادادپەروەریش بێت، یان ئەگەر ژنەکە داوای مافی خۆی کرد،لە تێرکردنی ئارەزووی سێکسییەکانی خۆی لەلایەن مێردەوە و لەگەڵیشی دەژی و مێردەکەی نەتوانێت تێری بکات لەم وێنەیەدا ژنەکە نادادپەروەرە..؟ بەڵام لێرەدا مافێکی لەو شێوەیە بۆ ژن دیاری نەکراوە، چونکە مافی ژن و مێرد دەبێت لە شەریعەت وەریبگرێت، بۆ دەبێت لەلایەن خودای گەورەوە ئەم مافە دەستنیشان بکرێت، ئەگەر خودای گەورە وتی کە ژنەکە مافی ئەوەی نییە بەسەر میردەکەی، بەم شێوەیە

نارەزایەتی خۆی لەبەرامبەر مێردەکەیدا دەرببرێت ،لێرەدا ئەگەر بسلمیندریت کەوایە ، کەواتا ئەم ژنە مافی یاسایی خۆیەتی، ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بەم وەڵامە تووشی سەرسوڕمانبن، کە باس لە ڕەق نەبوونی کۆئەندامی نێرینەی پیاو دەکەم.

نموونەیەکی تر: یاساناسەکان(فقهاء) دەڵێن: پیاو مافی ئەوەی هەیە گرێبەستی هاوسەرگیری هەڵبوەشێنێتەوە بەهۆی کوێربوون، کەربوون یان ئیفلیجی لە ژنەکەدا، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە کەموکوڕییانە لە مێردەکەدا بن، ژنەکە مافی ئەوەی نییە کە نارەزایەتی دەرببڕێت و گرێبەستی هاوسەرگیری هەڵبوەشینیتەوە..؟ ئێمە دەپرسن: شتێکی بێ مانا نییە ئەگەر خودای گەورە بڕیار لەسەر یاسایی لەو جۆرە بدات..؟ ئەم یاساناسانە دەڵێن: خودا لە شەریعەت بڕیاری لەم جۆرەی داوە.

وە دەپرسین: چۆن پیاو مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی لە هەر کاتێکدا بیەوێت ئەگەر بەناچاریش بێت سەرجێی لەگەڵ بکات واتا جووت بێت لەگەڵی، تەنانەت ئەگەر لە کاتی نوێژیشدا بێت، بەڵام ژنەکە مافی ئەوەی نییە ئەو

کاره بکات تەنها ساڵی سێ جار نەبێت لێرەدا ساڵی سێ جار زۆرزۆر کەم نییە..؟

فەقێیەکان وەڵامی دەدەنەوە: چونکە خودا فەرمانی کردووە..!

دەپرسین: چۆن دروستە پیاو درۆ لەگەڵ ژنەکەی بکات پێچەوانەکەی پێبڵێت..؟

لە ڕاستیدا ئێمە ئاگاداری نادادپەروەری ئەم جۆرە حوکمانە و لادانیان لە ڕێگای دادپەروەریین، وە دەزانین کە هەڵەیەک هەیە لە پرۆسەی وەرگرتنی ئەو جۆرە بڕیار یاساییانە، بۆیە کاتێک پرسیار دەکەین: چۆن دەکرێت خودای گەورە ئەم جۆرە بریارانە دەربکات..؟

لە وەڵامدا ئەم فەقێیانە دەڵێن کە لە پرۆسەدا هیچ هەڵە و گومانێک نییە، بەڵکو بەو پێیەی خوای گەورە فەرمانی کردووە، ئێمە تێدەگەین کە ژن هیچ مافێکی بنەڕەتی نییە تا دەوترێت مافەکەی لە مێرد بسەندرێتەوە !! ئایا پێویستە ماف و پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ لەلایەن خودای گەورە و بە

ڕێگەی حوکمی یاساییەوە جێگیر بکرێت، یان ئەو خودای گەورەیە، هەر کە گەدە و دەمێکی لە مرۆڤدا دروست کردووە، ئەمە مانای ئەوەیە کە مرۆڤ مافی خۆراکی هەیە، و هەر کە تینووی بوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مافی هەیە ئاوبخواتەوە..

دەڵێن: نەخێر دەبێت بزانین خودای گەورە ڕێگەی داوە بخوات و بخواتەوە..؟ وە چەند بخوات و بخواتەوە.؟ ئەگەر یاسادانەر بڕیاری دا کە مرۆڤ ڕۆژانە یەکجار خوراک بخوات تێر دەبێت ، ئەوا کەسەکە مافی ئەوەی نییە نارەزایی دەربرێت و ڕۆژانە دوو جار بخوات، لە بنەڕەتدا مرۆڤ هەڵە دەکات ئەگەر بیەوێت ڕۆژانە دوو جار نان بخوات..؟

دەکری بڵێی چونکە لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە کە دەبێت خۆراک تەنها جارێک بخورێت، وە ئەگەر خوا ویستی ئەوە بێت هیچ کەسێک بەهیچ شێوەیەک مافی خواردنی نییە و دەبێت لە برسێتیدا بمرێت، دەبێت گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە بین و مافی نارەزایەتیمان نییە، ئێمە کۆیلەین و کۆیلە مافی ئەوەی نییە نارەزایەتی دەربڕێ لە بەرامبەر فەرمانڕەوایی پەروەردگار.

خۆشبەختانە خودای گەورە وای نەوتووە بەڵام ئەگەر ئەو یاسایەی بۆ داناوە دەبێت قبوڵی بکەین ..!!

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ باسی جوانی و ناشیرینی دەروونی و ناکۆکی نێوان ئەشعەریەکان و موعتەزیلە لەم بابەتەدا، لە ڕاستیدا فەقێناسەکان لە هەموو بابەتەکانی فیقهدا ڕێبازی ئەشعەرییان پەیڕەو کردووە، وەک دەیانگوت ئێمە درک بە حوکمی دادپەروەر و حوکمی ستەمکار ناکەین، بۆیە ئەگەر خودای گەورە بڵێت: پیاو مافی ئەوەی هەیە بەبێ بیانوو لە ژنەکەی جیاببێتەوە ،دەڵێن ئەوە حوکمێکی دادپەروەرانەیە، وە ئەگەر خودا فەرمووی پیاو مافی هەیە گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر ژنەکە کوێر بێت ئەوەشیان هەر دادپەروەرییە..؟

هەڵەیە کە وا بیر بکەینەوە کە مەرجی دادپەروەری لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەک یەکە، چونکە دادپەروەری ئەوەیە کە خودای گەورە فەرمانی پێدەکات، نەک ئەوەی کە حوکمی خودا یەکێکە لە سەرچاوەکانی دادپەروەری، و خودا فەرمانی ئەوە دەکات کە تەنها سەرچاوەی دادپەروەرییە.

یاسادانەر: ئەم دوو تێگەیشتنە هەڵەیە بۆتە هۆی تێنەگەیشتن لە ئایین و گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێک فێرکاری شێواوە کە لەگەڵ واقیع و ویژدان نەگونجاوە.

وەڵامی گشتی بۆ ئەم دیدەیە ئەوەیە کە بەرجەستەکردنی دادپەروەری و نادادپەروەری لە نێو هەموو مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیدا دیارە و خودای گەورە فەرمانی بە دادپەروەری داوە و ستەم و نادادپەروەری قەدەغە کردووە. دادپەروەری پێوەرە بۆ ڕاستی بوونی ئایین، نەک ئەوەی کە ئایین پێوەری دادپەروەرییە، هەروەک چۆن "حەقیقەت" پێوەرە بۆ ناسینی کەسایەتییەکان، نەک ئەوەی کە کەسایەتییەکان پێوەر بن بۆ ناسینی ڕاستییەکان، وەک ئەمیری باوەڕداران فەرمووی لە شەڕی وشتردا کاتێک یەکێک لە هاوەڵەکانی لێی پرسی: ئەی فەرماندەی ئیمانداران، من لە بەرامبەرەکەم کەسایەتییە دیارەکانی وەک تەلحە و زوبەیر و عائیشە دەبینم، کەواتە دەکرێت ئەوانە هەڵەبن..؟ ئیمام (عەلی) لە وەڵامدا فەرمووی:( إنّ الحق لا يعرف بالرجال إعرف الحق تعرف أهله)واتا:

( حەق بە مرۆڤەکان نازاندرێت، کە حەقت ناسی ،مرۆڤەکان دەناسی). لەم جۆرەدا چەندین ئایەت لە قورئاندا هەیە کە ئەم مانایە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی وازهێنان لە سەرچاوی قورئان، وەک ئەوەی قورئان دەڵێت:

( وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِن اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)واتا(کاتێک تاوان و گوناه ئەنجام دەدەن دەڵێن باوک و باپیرانیشمان بینییوە ئەم کارەیان کردووە و خوای گەورە خۆی فەرمانی پێداوین کە بیکەین پێیان بڵێن نەخێر وانییە چونکە بەڕاستی خودا فەرمان بە گوناە و تاوان کاری نابەجێ نادات). ئەمەش واتە بەدڕەوشتی لای خەڵک بەباشی ناسرابوو و هەر بۆیە خودای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرە بەرزەکەی دەکات پێیان بڵێت خودا فەرمانی بە بەدڕەوشتی ناکات، واتە بەڵگە دیارەکانی بەدڕەوشتی و نادادپەروەری ڕوون و ئاشکرایە بۆ مرۆڤ، وە خوای گەورەش فەرمان بەم جۆرە کارە ناشیاوانە ناکات، نەک ئەوەی لێمان شاراوە بێت، ئەنجامی بدە..!!

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت: (إن اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ)(خودا فەرمان بە دادپەروەری و چاکەکردن دەکات) فەرمانی خودا هاوتان لەگەڵ دادپەروەری، وە خودای گەورە فەرمان دەدات کە سەرچاوەی دادپەروەری چییە و ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەرچاوەکانی دادپەروەری لای مرۆڤەکان ناسراون و دیارن. وە خودای گەورە دەفەرموێت:

( فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا)(جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی لە مرۆڤدا دابین کردووە)، دزی کردن لەلایەن هەموو گەلانەوە بە کردەوەیەکی ناشرین دادەنرێت، بەجۆرێک دزەکان دان بە ناشیرینی کارەکانیاندا دەنێن کاتێک دەستگیر دەکرێن،و لە بیانویەک دەگەرین بۆ ئەوەی پاساو بۆ کارەکەیان بهێننەوە و خۆیان بێبەری بکەن . بەڵکو ئەگەر بیانەوێت پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانێکی تر دروست بکەن، دزەکان وەک ڕەچەڵەکی خۆیان قبوڵ ناکەن، کەواتە چۆن دەوترێت کە ئەوان لە سروشت و واقیعی دزیکردن تێناگەن، وە ئەگەر خودای گەورە بڵێت کە دزیکردن کارێکی شەرەفمەندانەیە و چاکە، دەبێت ئەوە

قبوڵ بکەین..؟ درۆکردن لە هەموو ئایین و مەزهەبێکدا کارێکی ناشرینە، کەواتە چۆن خودای گەورە ڕێگە بە پیاو دەدات درۆ لەگەڵ ژنەکەیدا بکات؟!

ئەم دیدگایەی فەقیەکان لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرن، نە دەتوانێت وەڵامی تاک و کۆمەڵگا بداتەوە لە بوارەکانی ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری سەخت. لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی پێداگری زانایانی ئایینی زانستێکی پیرۆزە و پێویستە هەموو کەسێک بە پێی بڕگەکانی و بەبێ هیچ نارەزایەتییەک قبوڵی بکات، وە دەبێت شانازی پێوە بکەین و نا دەستبەرداری هەر پرسێکی بێت گرنگ نییە کە بە هەر بەهایەک و تێچوویەک بێت، دەبێت بنێردرێت بۆ هەموو وڵاتە شارستانیەکان لە جیهاندا...! ئەمەش ئەفسانەی ناسراوی باندێکی یۆنانی "پرۆکروست"مان بیردەخاتەوە کە پێشتر لە ڕێگا و دۆڵەکان و شاخەکاندا ڕووبەڕووی کاروانەکان دەبووەوە و پارەکانیان لێدەستاندن و شتەکانیان تاڵان دەکرد،

وە فەرمانیان دەکرد بە برینی قاچی کاروانەکان، کاتێک دەیانخستنە سەر تەختەیەکی نووستن ئەگەر

قاچەیان لە تەختەکە درێژتربا قاچیان دەبری ئەگەر کورتربایە پاڵیان بەسەری وەدەنا تا قاچی درێژ بێت و قاچی ئەوانیش ببڕن. بەهەمان شێوەش فەقهناسانەشدا هەیە، کە پێویستیی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەم حوکمە دامەزراوەکانی فیقە ڕازیببن. فیقهی نەریتی چەقبەستووی حوکمەکانی فیقهی لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجام دەدات بەوەی ئەم حوکمانە لە ئاییدنەوە هەتاوە و دەیەوێت لە هەموو سەردەمێکدا لەگەڵ بەم بەرگە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مرۆڤایەتیدا بگونجێنێت. لە فیقهی کۆندا هیچ ڕەچاوی مرۆڤ و عەقڵ و زانست و ئەزموونی مرۆڤەکان ناکات.

## Introduction

The famous poet Adonis said in response to a question: "One who does not revolt within himself and over himself can never transfer that revolution to the outside world. Man is constantly in need of renewal, man and his environment, man and other animals, trees, valleys, mountains and hills , are constantly in need of change. That is what the seasons and their changes tell us. Above all, man is in search of change, of new things.

The Kurds say : (A fresh pot is good water). The English say: (Novelty gives pleasure) / (Novelty gives pleasure). The Arabic says) : Every new thing has pleasure) / (Every innovation has a taste). Man is

fundamentally looking for innovation in everything ..? Yes, in everything.

Religion, as the most important values, laws, principles and subjects that are rooted in all sectors of life and has a conflict with our trees and poor, the most difficult thing that constantly needs research, reading, reflection and new perspectives. In order to be able to live in parallel with global changes, so that we can put ourselves in the process of progress and new civilization, we must take over the greatest and most important and sensitive issues, which has taken over everything. Religion is used. Syrian poet Mohammed Maghouti says in a poem: “Our problem is not with God ,

our problem is with those who speak in God's name.

In the Islamic world, this is not a current issue, but it is one of the hottest and most important issues, the issue of worship and religion, rule and caliphate, heaven and hell, death and slaughter.

Iraqi existentialist writer Abdul Razzaq Jubrani says in one of his books: The Prophet did not come to make Bilal a slave, he came to free Bilal and make him a ruler.

Now is the time for us to give meaning to things, to God, to religion, death, the resurrection, heaven, hell, life, religion, prayer, fasting and all other religious rituals.

Adonis believes: "There is no meaning, there is a constant search for what we call meaning. If there were a complete meaning, the world would be over. Our human job is to search for truth and meaning. The meaning of our human life is what is around us, such as God and thousands of religions, mosques, churches, temples and their followers, mullahs, sheikhs, scholars, sayyids, priests, Sufis and monks. Yes, searching for the Qur'an, Torah, Gospel, Avesta, Suhoof and its verses. At least our job is to reveal the facts. The beginning of this is doubt, doubt about everything, ourselves, God, His religion and His prophets, His heavens, angels, heavens and hell, His commandments, judgments and

slaughter He remains in blindness and darkness. Doubt is the first degree of certainty.

Plato believed that the beginning of knowledge is doubt. Doubt is the beginning of the revelation of the truth. From there the truth is revealed. What destroys the truth is not doubt, but certainty. What covers the truth is certainty, not doubt.

In this context, this book is the beginning of this knowledge, the beginning and corridor of doubt, a gateway to skepticism and revelation of the truth, regardless of the consequences of acknowledging the truth and a new view of God and His message. Yes, it is true. Throughout history, those who have tried to unveil

the darkness have been suppressed and destroyed in some way . In Kurdistan, they issued a fatwa to kill Abdul Khaliq Marouf until they bled him in front of his house. What did they not do to Nasser Hamid Abu Zeid in Egypt? He wrote earlier that blood was not mixed …!

That is why I am revealing the truth through these articles. I know that touching the sacred and talking about it is a terrible thing, but revealing the truth and removing the blindness is more important to me than my own interests and my life and soul.

## Einführung

Der berühmte Dichter Adonis sagte auf eine Frage: „Wer nicht in sich und über sich revoltiert, kann diese Revolution niemals nach außen übertragen. Der Mensch bedarf ständig der Erneuerung, der Mensch und seine Umwelt, der Mensch und andere Tiere, Bäume, Täler, Berge und Hügel, bedürfen ständig der Veränderung, das sagen uns die Jahreszeiten und ihre Veränderungen, der Mensch ist vor allem auf der Suche nach Veränderung, nach .Neuem

Die Kurden sagen: (Ein frischer Topf IST gutes Wasser). Die Engländer sagen: (Neuheit macht Freude)/ (Neuheit macht Freude). Das Arabische sagt: (Jede neue Sache hat Freude) / (Jede Neuerung hat einen Geschmack). Der Mensch sucht

grundsätzlich in allem nach
.Innovation? Ja, in allem

Religion, als die wichtigsten Werte, Gesetze, Prinzipien und Themen, die in allen Lebensbereichen verwurzelt sind und mit unseren Bäumen und Armen in Konflikt geraten, das Schwierigste, was ständig Forschung, Lektüre, Reflexion und neue Perspektiven erfordert. Um in der Lage zu sein, parallel zu den globalen Veränderungen zu leben, damit wir uns in den Prozess des Fortschritts und der neuen Zivilisation hineinversetzen können, müssen wir die größten und wichtigsten und heikelsten Themen übernehmen, die alles übernommen haben. Religion wird verwendet. Der syrische Dichter Mohammed Maghuti sagt in einem Gedicht: „Unser Problem liegt nicht bei Gott, unser Problem liegt bei

denen, die im Namen Gottes .sprechen

In der islamischen, Welt IST dies kein aktuelles Thema, aber es IST eines der heißesten und wichtigsten Themen, and das Thema Gottesdienst und Religion, Herrschaft und Kalifat, Himmel und Hölle, Tod .und Schlachten

Der irakische existentialistische Schriftsteller Abdul Razzaq Jubrani sagt in einem seiner Bücher: Der Prophet Kam nicht, um Bilal zu einem Sklaven zu machen, er kam, um Bilal zu befreien und ihn zu einem .Herrscher zu machen

Jetzt ist die Zeit für uns, den Dingen einen Sinn zu geben, Gott, der Religion, dem Tod, der Auferstehung, dem Himmel, der Hölle, dem Leben, der Religion, dem Gebet, dem Fasten .und allen anderen religiösen Ritualen

Adonis glaubt: „Es gibt keinen Sinn, es gibt eine ständige Suche nach dem, was wir Sinn nennen. Wenn es einen vollständigen Sinn gäbe, wäre die Welt vorbei. Unsere menschliche Aufgabe IST es, nach Wahrheit und Sinn zu suchen. Der Sinn unseres menschlichen Lebens ist das, was uns umgibt, wie Gott und Tausende von Religionen, Moscheen, Kirchen, Tempel und ihre Anhänger, Mullahs, Scheichs, Gelehrte, Sayyids, Priester, Sufis und Mönche. JA, auf der Suche nach Koran, Thora, Evangelium, Avesta, Suhoof und seine Verse. Zumindest ist es unsere Aufgabe, die Fakten zu enthüllen. Der Anfang davon ist Zweifel, Zweifel an allem, uns selbst, Gott, seiner Religion und seinen Propheten, seinen Himmeln, Engeln, Himmel und Hölle, seinen Geboten, Gerichte und Schlachten Er bleibt in Blindheit und Dunkelheit

Zweifel ist der erste Grad der .Gewissheit

Platon glaubte, dass der Anfang des Wissens der Zweifel ist. Zweifel ist der Anfang der Offenbarung der Wahrheit. Ab da kommt die Wahrheit ans Licht. Was die Wahrheit zerstört, ist nicht der Zweifel, sondern die Gewissheit. Was die Wahrheit bedeckt, ist .Gewissheit, nicht Zweifel

In diesem Zusammenhang ist dieses Buch der Anfang dieser Erkenntnis, der Anfang und Korridor des Zweifels, ein Tor zur Skepsis und zur Offenbarung der Wahrheit, ungeachtet der Folgen der Anerkennung der Wahrheit und einer neuen Sicht auf Gott und seine Botschaft. JA, das ist wahr. Im Laufe der Geschichte wurden diejenigen, die versucht haben, die Dunkelheit zu enthüllen, auf irgendeine Weise unterdrückt und zerstört. In Kurdistan

erließen sie eine Fatwa, um Abdul Khaliq Marouf zu töten, bis sie ihn vor seinem Haus zur Ader lassen. Was haben sie Nasser Hamid Abu Zeid in Ägypten nicht angetan? Er schrieb vorhin, dass Blut nicht gemischt wurde….!

Deshalb enthülle ich durch diese Artikel die Wahrheit. Ich weiß, dass es schrecklich IST, das Heilige zu berühren und darüber zu sprechen, aber die Wahrheit zu enthüllen und die Blindheit zu beseitigen, IST mir wichtiger ALS meine eigenen Interessen und mein Leben und .meine Seele